# گەڕانەوە بۆ ماڵ

هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکەکانی

ولیەم سارۆیان

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

# گەڕانەوە بۆ ماڵ

## هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکەکانی

## ولیەم سارۆیان

hewalname.com/ku/

لە ئینگلیزییەوە: فاروق هۆمەر

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٣٠)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.info**

**ئەم چیرۆکانەی ولیەم سارۆیان**
**لەم کتێبانەی خوارەوە وەرگیراون:**

Best stories of William Saroyan. faber and faber, London
My name is Aram by willam Saroyan.
Dear baby by wiliam Saroyan
My name is Saroyan a collection

hewalname.com.ku

■ **گەڕانەوە بۆ ماڵ**

نووسینی: ولیەم سارۆیان

وەرگێڕانی: فاروق هۆمەر

بابەت: چیرۆک

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپی سێیەم: چاپخانەی(سەردەم)ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤٨٤)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

## ناوەرۆك


**پێشەکی** .......... ٧
هاوینی ئەسپێکی سپیی قەشەنگ .......... ١١
گەشتێک بۆ هانفۆرد .......... ٢٥
دارهەنارەکان .......... ٣٩
ئەو پیاوەی بە دڵێکەوە بوو لە بەرزاییەکان .......... ٦١
مامی سەرتاشەکە کە سەری لە لایەن پڵنگی سێرکەکەوە قرتا .......... ٧٨
پێنج هەرمێی گەییو .......... ٩٣
پرتەقاڵ .......... ١٠٣
برا بچکۆلە .......... ١١٤
مشکەکانی هاوڕێمان .......... ١٢٣
ئامۆژگارییەکی گوندییانە .......... ١٣١
گەڕانەوە بۆ ماڵ .......... ١٣٦
کێشمەکێشی جێم پاترۆس لەگەڵ مەرگدا .......... ١٤٧
چیرۆکی کوڕەلاو و مشکەکە .......... ١٥٨
شێوەی چەقۆ، شێوەی گوڵ، شێوەی هیچ شتێکی دی نییە لە دونیادا .......... ١٦٤
هەڵگیرسانی جەنگ .......... ١٧٧
ئەو ویزەویزکەرەی بە درێژایی زستان ژیا .......... ١٨٦


hewalname.com/ku

hewalname.com/ku/

## پێشەکی:

ولیەم سارۆیان لە شاری فەریسنۆی کالیفۆڕنیا، لە دایک و باوکێکی ئەرمەنی بە ناوی ئەرمیناک و تاکۆهی سارۆیان، کە هەردووکیان خەڵکی شاری بەتلیس بوون، ساڵی ١٩٠٨ هاتووەتە دونیاوە و هێشتا تەمەنی سێ ساڵان بووە، باوکی کۆچی دوایی کردووە. ئەرمیناکی دایکی لەبەر هەژاری هەرچوار منداڵەکەی دەخاتە هەتیوخانەی ئۆکلاند. ئەو پێنج ساڵەی نێو ژیانی هەتیوخانە کاریگەرییەکی سەخت و پڕ لە پەژارەی لەنێو یادەوەریی سارۆیاندا جێهێشت و تا کۆچی دواییشی سارێژبوونی بەخۆوە نەبینی. ساڵی ١٩١٦ ئەرمیناکی دایک، منداڵەکانی کۆدەکاتەوە و لە هەتیوخانەیان دەردەهێنێ و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ شاری فەریسنۆ و جارێکی دی لە چوارچێوەی خێزانێکا کۆدەبنەوە. بۆ یەکەم جار سارۆیان دەڕواتە قوتابخانە، بەڵام لە ژیانی خوێندن سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، ناچار دەبێ وازی لێ بهێنێ و ڕوو بکاتە کارکردن. لە زۆرینەی چیرۆکەکانیدا زۆر بە قووڵی بە منداڵیی خۆیەوە دەلکی و هیچ چیرۆکێکی ئەو نییە بەشێک لە دەرد و نەگبەتیی ژیانی منداڵیی خۆی تیا نەگێڕێتەوە. هەر لێرەشەوە کەم چیرۆکی سارۆیان هەیە کارەکتەری منداڵێکی تیا نەبێت. سارۆیان هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی بۆ ئەوە هەبووە ببێتە

نووسەر و ئەوەشی لەو دۆزینەوەوە بۆ دێت کە لەناو کەلوپەلەکانی خێزانەکەیدا ئەو نووسینانە دەدۆزێتەوە، کە باوکی کاتی خۆی نووسینی و لە نووسەربوونی باوکیەوە خەونی نووسین ئاوێتەی خەونەکانی داهاتووی دەبن. سارۆیان هێشتا تەمەنی حەڤدە ساڵان دەبێ ماڵەوە بەجێ دەهێڵێ و بەرەو لۆس ئەنجەلۆس هەڵدێت و لەوێ لە نزیک کتێبخانەیەکی گشتییەوە ژوورێک بە کرێ دەگرێ و لە دوکانێکدا کارێک دەدۆزێتەوە. بە ژیانی لۆس ئەنجەلۆس دڵی داناساکێ و لەوێوە بەرەو سانفرانسیسکۆ دەڕوات و لەوێش سەرەتا کاری دەفتەرداری و دواتر کلیلداری و لە کۆتاییشدا دەبێتە بەڕێوەبەری ئۆفیسێکی نامەگەیاندن و ئەو کارەشی دەبێتە سەرچاوەی یەکەمین کاری سیناریۆنووسینی بۆ فیلمێک بە ناوی (کۆمیدیای ئینسانی) و دواجار ڕۆمانێک بەو ناوەوە دەنووسێت.

ساڵی ١٩٢٨ کاتێک سارۆیان تەمەنی بیست ساڵان دەبێت، یەکەمین چیرۆکی خۆی دەنووسێت و ڕەوانەی گۆڤاری ئۆڤەرلاندی مانگانەی دەکات. ئەوەش هانی دەدات کە بۆ یەکجاری هەموو ژیانی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات. کاری نامەگەیاندن جێ دێڵێ و بە گەشتێکی پاسی دوورودرێژ، کە یادێکی زۆر پڕ تاموچێژی لە لای جێ دێڵێ، ڕوو دەکاتە نیۆیۆرک و ئەو گەشتەشی لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. لە نیۆیۆرک، ژوورێک دەگرێ و ئامێرێکی تایپکردنی دەستی دوو دەکڕێ و سەرلەنوێ لە ئۆفیسێکی پۆستەدا لەسەر شەقامی وارێن، کارێک پەیدا دەکات و هەوڵ دەدات بە باتی نووسینەکانی دەرگاکانی شاری نیۆیۆرک لەسەر خۆی والا بکات. لەو کاتەدا نیۆیۆرک بۆ ئەو یار نابێت و هەر وەکو

خۆی ناوی لێ دەنێ؛ سارۆیان بۆ نیۆیۆرک ساز و ئامادە نییە. لەوێ هیچ سەبر و ئارامی نامێنی و جارێکی دی بەرەو سانفرانسیسکۆ دەگەڕێتەوە. لەوێ دەڕواتەوە سەر هەمان کاری پۆستەچێتی و لە پاڵێشەوە خەریکی کاری نووسین دەبێ و شاخێک لە پەڕاو کە هەموویان دەرەنجامی ڕەتکردنەوەن، لە ژوورەکەیدا هەڵدەداتەوە، کە زۆر بە سادەیی ئاگردانی ژوورەکەی پێ گەرم دەکاتەوە. دواجار لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٢دا لە بڵاوکراوەی هێنریکی ڕۆژانە، یەکەمین چیرۆکی خۆی بە ناوی "شەڕەمستێک لە پێناوی ئەرمینیا" بڵاو دەکاتەوە و هەر بەدوای ئەوەشدا، چیرۆکی "گالیسکەی شکاو" و چیرۆکی "شاگردی سەرتاشەکە" هەر لە هەمان بڵاوکراوەدا بڵاو دەکاتەوە. دواتر سارۆیان گەورەترین ناوبانگی خۆی لە چیرۆکی "گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە" بە دەست دەهێنێت.

سارۆیان کاتێک چیرۆکی "گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە" دەنووسێت، ڕەوانەی "گۆڤاری چیرۆکی" دەکات کە مارسا فۆلی و وایت بێرنێتی، نووسەری بەناوبانگی ئەمەریکی کاریان تیا دەکرد. لە ساڵی ١٩٣٤دا ئەو گۆڤارە بەو چیرۆکەوە بڵاو دەکرێتەوە و ئیدی فۆلی و بێرنێت، پێیان وایە لەدوای جاک لەندەن و فراک نۆریسەوە، توانایەکی گەورە و بەهرەیەکی مەزنیان دۆزیوەتەوە. هەر وەکو فۆلی و بێرنێت لە پای ئەو چیرۆکەدا دەگێڕنەوە کە گەلێک نامەی پیرۆزباییان لە گەلێک نووسەرانی گەورەوە بۆ ڕەوانە کراوە. سارۆیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەڵ چیرۆکدا قاڵ دەبێ و ناوبانگێکی گەورە نەک هەر لە ئەمەریکا، بەڵکو لە جیهاندا بەدەست دەهێنێ. سەرباری چیرۆک و شانۆ و ڕۆمان، یادەورییش دەنووسێ و بە یەکێک لە نووسەرە پڕ لە نووسینەکانی ئەمەریکا دەژمێردرێت. ئەو

پاشـخانە ئەرمەنییەی کە لەڕێی باوانیەوە هەڵیگرتووە، دەبێتە کانیاوێــک و لەنــاو نووســینەکانیدا بەردەوام دەتەقێــنەوە. چیرۆکەکــانی ســارۆیان ئەوەنــدە تەڕ و پــاراون، کاتێــک دەیــانخوێنینەوە، زۆر بە ئاســتەم لە یادمــان دەچــنەوە. ئەو چیرۆکــــانەی کە لەم کتێــــبەدا هەن هەڵبــــژاردەیەکن لەو چیرۆکــانەی کە بــڕوا نــاکەم لەگەڵ خوێنــدنەوەیان زۆر بە سادەیی دەمێک گریان و دەمێک پێکەنین، تێکەڵاو بە یادەوری و ڕۆحمان نەکەن. سارۆیان ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کرد و لەدوای خۆیەوە خەرمانێک کتێبی بۆ بەجێ هێشتووین.

hewalname.com/ku/

# هاوینی ئەسپێکی سپیی قەشەنگ

ڕۆژێک لە ڕۆژە خۆشەکانی ژیانم کە تەمەنم نۆ ساڵان بوو و دونیا پڕی بوو لە هەموو جۆرە سەرسامییەکان؛ ژیان هێشتا خەونێکی ڕۆشن و بەشکۆ و ئەفسووناوی بوو و موورادی ئامۆزام، کە تەنیا من نەبێت، هەر هەموو خەڵکی، ئەوانەی دەیانناسی بە شێتیان دەدایە قەڵەم، سەعات چواری بەرەبەیانی هات بۆماڵمان و بە کێشان بە پەنجەرەی ژوورەکەمدا لە خەوی ڕاپەڕاندم.

"ئارام" ئەو بانگی کردم.

لەسەر جێوبانەکەم ڕاپەڕیم و لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمە دەرەوە. بڕوام نەدەکرد بەوەی کە بە دوو چاوی خۆم دەمبینی.

هێشتا بەیانی دەمی نەدابوو، بەڵام وەرزی هاوین بوو و زۆری نەمابوو کازێوە هەموو دونیا بە ڕووناکیی خۆی بنەخشێنێت و هێندەش ڕووناکی هەبوو، بۆ ئەوەی بزانم خەون نابینم. موورادی ئامۆزام بە سواری ئەسپێکی سپییەوە لەوێدا وەستابوو. سەرم لە پەنجەرەکەوە دەرکێشایە دەرەوە و چاوەکانم هەڵگڵۆفتن.

بەڵێ، ئەو بە زمانی ئەرمەنی ئەوەی گوت. ئەوە ئەسپە و تۆش خەون نابینیت. ئەگەر دەتەوێت سوار بیت، هەرچی زووە وەرە خوارێ.

من دەمزانی موورادی ئامۆزام کەسێک بوو زیاتر لە هەر کەسانێکی دی کە بە هەڵە هاتبوونە نێو ئەم دونیایەوە، چێژی لە چرکەساتەکانی ژیانی خۆی وەردەگرت، بەڵام ئەوەی من لەوم دەبینی زۆر لەوە واوەتربوو بتوانم بڕوای پێ بهێنم. بەر لە هەموو شتێک ئەوەم وەبیر دەهاتەوە کە هەر لە کۆنەوە یەکەمین یادەوەرییەکم هەبووبێت، پەیوەندیی بە ئەسپەوە هەبووە و یەکەمین شەیدایی من ئەوە بووە کە سواری ئەسپ بم.

ئەوەش بەشێکی ڕەنگین بوو.

بەشێکی تریش ئەوەبوو کە ئێمە خەڵکانێکی هەژار بووین. ئەوەش بەشێک بوو لەوەی ڕێگەی پێ نەدەدام بڕوا بەوە بهێنم کە بە دوو چاوی خۆم دەمبینی. ئێمە خەڵکانێکی هەژار بووین و هیچ پارە و پۆلێکمان نەبوو. خواروژووری خێڵەکەمان لەوپەڕی هەژاریدا دەژیاین. هەموو وەچە و وەچەزاکانی خێڵی گارۆگالانیان لەوپەڕی نەبوونییەکی سەیر و هەژاری دونیادا ژیانمان دەگوزەراند. کەس بۆی نەدەکرا لەوە تێبگات ئێمە کەی پارەیەکی ئەوتۆمان چنگکەوتووە، تاوەکو سکی خۆمانی پێ تێر بکەین، تەنانەت پیاوە پیرەکانیشمان ئەوەیان بە بیر نەدەهاتەوە، بەڵام سەرباری هەموو شتێک، لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئێمە بەوە ناوبانگمان پەیدا کردبوو کە دەستوداوێن پاکین. ئێمە بۆ نزیکەی یازدە سەدە دەڕوات بە دەستوداوێنپاکی بەناوبانگ بووین، تەنانەت لەو ڕۆژگارەشدا کە زەنگیترین خێزانی ئەو شوێنەوارە بووین، کە ئێمە پێمان وا بووە بۆ خۆی هەموو جیهان بووە.

ئێمە لە سەرەتادا بەوەوە شانازبووین و بەدوای ئەوەشدا دەستودامێنپاک بووین، دوای هەموو شتێکیش بڕوامان بە هەق

و ناهەق هەبووە. هیچ یەکێک لە ئێمە لە دونیادا هیچ کەسێکی دەستخەڕۆ نەکردووە و دزییش هەر باسی مەکە.

لە دواجاردا و سەرباری هەموو شتێک، من ئەسپێکم دەبینی زۆر بەشانوشکۆ بوو، سەرباری هەموو شتێک دەمتوانی بۆنی پێوە بکەم و تا بڵێی نازدار بوو. سەرباری هەموو شتێک، دەمتوانی گوێی لێ بگرم هەناسە دەدات و گەلێک سەرنجڕاکێشبوو. بڕوام نەدەکرد ئەو ئەسپە هیچ پەیوەندییەکی بە مورادی ئامۆزامەوە، یان بە منەوە، یاخود بە هیچ یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی ئێمەوە، چ ئەوانەی نوستوون و چ ئەوانەشی بەخەبەرن، هەبوو بێت، لەبەر ئەوەی دەمزانی مورادی ئامۆزام لە توانایدا نەبوو ئەسپێکی وا بکڕیت، ئەگەر نەشتوانێ ئەسپێکی وا بکڕێت، ئەوا دوور نییە دزیبێتی و منیش لەو بڕوایەدا نیم و بە هەموو جۆرێک ئەوە ڕەت دەکەمەوە کارێکی وای لێ بوەشێتەوە. هیچ ئەندامێکی خێڵی گارۆگالانیان دزی و ڕاوڕووت ناکەن.

لەپێشدا تەماشایەکی مورادی ئامۆزام کرد و دواجار ڕوانیمە ئەسپەکە. بێدەنگییەکی پیرۆز و خۆشییەک، هەردووکیانی پێکەوە داگرتبوو، کە لە سەرێکەوە دڵیان خۆش دەکردم و لە سەرێکی دیکەشەوە دەیانتۆقانم.

بانگم کرد موراد، ئەو ئەسپەت لە کوێوە دزیوە؟

موراد گوتی: ئەگەر ئارەزوو دەکەیت سواری بیت، لە پەنجەرەکەوە بازێ بدەرە خوارێ.

کەواتە ڕاستە، هیچ چەندوچوون و پرسیارێک هەڵناگرێت، موراد ئەو ئەسپەی دزیوە. هاتووە داوەتی من بکات و لەنێوان سواربوون و سوارنەبووندا من بڕیارێکی خۆم بدەم. باشە، بە لای منەوە دزینی ئەسپێک بۆ حەزی سواربوون هەرگیز وەکو

hewalname.com/kurd

ئەوە ناکەوێتەوە کە شتێکی دی بدزیت، بۆ نموونە پارە. بەپێی بیرکردنەوەی من ڕەنگە ئەوە هەر ناوی دزییشی لێ نەنرێت. ئەگەر بێتو بەو شێوەیەی کە من و موورادی ئامۆزام شەیدای بووین، تۆ ئاوا شێت و شەیدای ئەسپ بیت، ئەوە هەر دزیی پێ ناگوترێت. ئەوە هەرگیز نابێت بە دزی تاوەکو ئەسپەکە نەخەیتە سەر فرۆشتن، بێگومان من دڵنیام کە هیچمان لەو کارە نزیک ناکەوینەوە.

ڕێگەم بدە با جلوبەرگێک لە بەر بکەم. من گوتم.

باشە، بەڵام دەستوبرد بکە. ئەو گوتی.

بە پەلە خۆم لە بەر کرد و لە پەنجەرەکەوە خۆم فڕێدایە کۆڵان و لە پشتی موورادی ئامۆزامەوە خۆم هاویشتە سەر پشتی ئەسپەکە.

ئەو ساڵە ئێمە لە کەناری شارەوە لەسەر شەقامی واڵنێت دەژیاین. ئیدی لە پشتی ماڵی ئێمەوە هەمووی دەشتی کاکی بە کاکی بوو، کە بەرەو گوندەکان دەچوون و پڕیان بوو لە باخ و باخات و جۆگەلەی بچکۆلە بچکۆلەی ئاودێری. سێ خولەکی نەخایاند گەیشتینە سەر شەقامی ئۆلیڤ و ئەسپ کەوتە غاردان. ئەو بەرەبەیانییە هەوایەکی سارد و فێنکی هەبوو. هەستێکی پڕ لە خۆشنوودی دایگرتبووم، کە بەسەر پشتی ئەسپێکەوەم غار دەدات. موورادی ئامۆزام کە بە یەکێک لە شێتترین ئەندامەکانی خێزانی ئێمە دەژمێردرا، کەوتە گۆرانیگوتن. مەبەستم ئەوەیە تەواو خرۆشابوو و لەبەر خۆیەوە کەوتە خورتەخورتە.

هەر خێزانێک دەگریت لە شوێنێک لە شوێنەکان ڕەگوڕیشەیەکی شێتیی هەر تیایە، موورادی ئامۆزاشم بە یەکێک لەو شێتانە دەدرایە قەڵەم، کە زۆر بە سروشتی ڕەگوڕیشەی

newaname.com/ku

لەنــاو خــێڵەکەی ئــێمەوە هــاتبووە خــوار. بەر لەویــش خــاڵە خەسرەوم بوو، کە پیاوێکی تێکسمڕاوی کەڵلەزلی قژڕەش بوو، کە لەناو هەموو (دۆڵی سان هۆکین)دا کەسێکی دیی تیا نەبوو سـمێڵێکی گەورە و درێـژی وەک ئەوەی ئەوی هەبێـت. پیـاوێکی دەمارتووندی بە خورتەوبۆڵە بـوو و ئەوەنـدە پەشـێو بـوو، هەر کەسـێک قـسەی بـۆ بکـردایە، بەسـەریدا دەیـشراند و بێـدەنگی دەکــرد و پێــی دەگــوت: "جێــی بــایەخ نیــیە و هەر گوێــشی مەدەرێ". ئیـدی هەر ئەوەنـدە بـوو، گـوێی نەدەدایە ئەوەی کـێ قسەی بـۆ دەکـا و دەربـارەی چـی لەگەڵـی دەدوێـن. جارێکیـان ئـاراکی کـوڕی هەشـت کـۆڵان بە هەڵەداوان بـۆ لای ئەو دوکـانی سەرتاشـییە ڕایکردبـوو، کە بـاوکی لەوێ خەریکـی ڕێکخـستنی سمێڵی بوو و تا ئاگاداری بکاتەوە لەوەی کە ماڵەکەیان خەریکە دەسووتێت. خاڵە خەسرەو، ئەو پیاوە هەر ئەوەندە بوو لەسـەر کورسـییەکەی کەمێـک بەرز بووبـووەوە و پێـی گوتبـوو؛ جێـی بـایەخ نییە و هەر گوێشی مەدەرێ. سەرتاشـەکە پێی گوتبـوو؛ بەڵام کوڕەکەت هـاتووە تـا لەوە ئاگادارت بکـاتەوە کە ماڵەکەتـان ئـاگری گرتـووە و خەریـکە دەسـووتێت. خەسـرەو جـارێکی دی نەڕاندبووی؛ بیبڕەوە وەکو پێتی دەڵێم جێی بایەخ نییە.

مــــورادی ئــــامۆزام، زۆر بە سروشــــتی ڕەگوڕیــــشەی دەچووەوە سـەر ئەو پیـاوە و وێنەیـەکی دووبـارەی ئەو بـوو. ئەگەرچـی بـاوکی مـوراد کە نـاوی زۆراب بـوو و هەتـا بڵێـی پیاوێکی سادە و بەدەستوبرد بوو و هیچ کەموکوڕییەکی تیا نەبوو. بارودۆخی خێزانەکەی ئێمە بەو جۆرە بوو. پیاو دەشـێ لە خێڵەکەی ئێمەدا بە گۆشتوخوێن بـاوکی منداڵێک بێت، بەڵام ئەوە بە هـیچ جۆرێـک ئەوە نابەخـشێت کە ئەو پیـاوە بـاوکی گیانیی ئەو منداڵەش بێت.

لەناو خێڵەکەی ئێمەدا خولقاندنی گیانی هەر لە ڕۆژگاری کۆنەوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بێسەروبەرە دابەش بووە و ڕواوە.

ئێمە بە سواری ئەسپەکەوە غارمان دەدا و مورادی ئامۆزاشم گورانیی دەچڕی. بۆ هەموو ئەوانەی کە دەزانن، ئێمە گەیشتبووینە ناو خاکوخۆڵی ئەو گوندەوە کە بەپێی قسەی هەموو ناسیاو و دەرودراوسێکانمان ڕەگوڕیشەی ئێمە دەگەڕێتەوە سەر ئەوێ. جڵەومان بۆ ئەسپەکە شل کردبوو، تا ئەو شوێنەی خۆی ئارەزوو دەکات هەڵکاتە نەرمەغار. لە شوێنێکدا مورادی ئامۆزام گوتی؛ لێرەدا کەمێک پیادە بە، دەمەوێت هەر تەنیا بۆ خۆم سواری ئەسپەکە بم.

ڕێگەم دەدەیت منیش هەر خۆم بە تەنیا سوار بم؟ من گوتم.

ئەوە بۆ ئەسپەکە خۆی بەجێی دەهێڵم، تۆ لێرەدا پیادە بە. ئامۆزاکەم گوتی.

ئەسپەکە ڕێگەم پێ دەدات هەر بە تەنیا بۆ خۆم غاری پێ بدەم. من گوتم.

ئەوەش دەبینین، ئەوەت لە یاد بێت من ئەسپناسم و شێوازی تایبەت بە خۆم هەیە بۆ ئەسپسواری. ئەو گوتی.

ئێ باشە، تۆ چەندێک ئەزموونت لە ئەسپسواری هەیە، منیش ئەوەندەم هەیە. من گوتم.

من هەر بە خەمی ساغوسەلامەتیی تۆوەم. با هەر بەو جۆرە بێت کە تۆ دەیڵێیت. ئەو گوتی.

لێرەدا بڕۆ خوارێ.

زۆر باشە، بەڵام لە بیر خۆتی نەبەیتەوە، منیش دەمەوێت خۆم تاقی بکەمەوە و بەتەنێ سواری بم. من گوتم.

لە ئەسپەکە خۆم فڕێدایە خوارێ و مورادی ئامۆزام هێندەی یەکودوو هەردوو پاژنەی سرەواندە لاکەللەی ئەسپەکە و تا هێزی تیابوو تێیخوڕی. ئەسپ کەوتە سەر هەردوو پێ و حیلاندی و تا هێزی تیابوو وەکو ڕەشەبا تاوی دایە غارکردن. ئەوە جوانترین دیمەنێک بوو بە درێژایی هەموو ژیانم کەوتبێتە بەرچاوم.

مورادی ئامۆزام جڵەوی ئەسپەکەی گرت و بەناو گژوگیاکەدا غاری دا و لە دەشتاییەکەوە بەرەو کەناری جۆگەلەکە دەڕۆی. بە ئەسپەکەوە بەسەر جۆگەلەکەدا بازێکی دا و پاشی پێنج خولەکێک بەرەو لای من گەڕایەوە. هەموو گیانی ئارەقەی لێ دەتکایەوە. ئەودەم خۆر هەڵاتبوو.

ئێستاش کاتی منە سوار بم. من گوتم.

مورادی ئامۆزام لە ئەسپەکەوە خۆی هەڵدایە خوارێ.

سوار بە. ئەو گوتی.

خۆم هاویشتە سەر پشتی ئەسپی تایین و بۆ تاوێک هەستم بە ورووژمی تۆقینێکی زۆر گەورە کرد، خۆی دەکرد بەناو گیانمدا. هێندەی نەمابوو دڵم بوەستێت. ئەسپەکە لە شوێنی خۆی نەبزووت.

بکێشە بە لاکەللەی ئەسپەکەدا، چاوەڕوانی چی دەکەیت؟ دەبێ بەرلەوەی خەڵکی لە خەو هەستن و بێنە دەرەوە، ئێمە ئەسپەکەمان گەڕاندبێتەوە شوێنی خۆی. مورادی ئامۆزام گوتی.

هەردوو پاژنەی پێکانم کێشان بە ژێر سکی ئەسپەکەدا و ئەسپ جارێکی دی سمکۆلانی کرد و هەستایە سەر پاشوو. بە شێوەیەکی کێوی حیلاندی و تا هێزی تیابوو قەڵمبازێکی دا و دەرچوو. نەمدەزانی دەبێ چی بکەم. لەجێی ئەوەی ئەسپ

بەناو گژوگیا و دەشتاییەکەدا ڕوو لە کەناری جۆگەلەکە بکات، لەسەر ڕێگەکە درێژەی بە غاردانی خۆی دا و خۆی کرد بەناو ڕەز و باخی ماڵی دیکران هەلەبیاندا و کەوتە بازدان بەسەر لق و تەرزی دارمێوەکاندا. ئاگام لێ بوو بەرلەوەی لەسەر پشتی خۆی فڕێم بداتە خوارەوە، بەسەر حەوت پەلکی دارمێودا بازی دا، دواتر بە غار و چوارناڵە کەوتە ناو ئەو دەشتودەرەوە. مورادی ئامۆزام بە هەڵەداوان بە ڕێگەکەدا کەوتە ڕاکردن.

من خەمی تۆم نییە، دەبێ هەرچی زووترە ئەسپەکە بگرینەوە. تۆ بەو ڕێگەیەدا بڕۆ و منیش لێرەوە. موراد هاواری کرد و بەردەوام بوو.

ئەگەر هاتوو ئەسپەکەت لە شوێنێکدا بینی، لەگەڵی نەرم بە، منیش زۆر لێت دوور ناکەومەوە.

من لەسەر ڕێگەکەوە درێژەم بە ڕۆیشتن دا و مورادیش بە دەشتاییەکەدا بەرەو کەناری جۆگەلەکە دەکشا. نیو سەعاتێکی پێ چوو تا توانیی ئەسپەکە بدۆزێتەوە و لەگەڵ خۆی بیهێنێتەوە.

زۆر باشە، خۆت فڕێ بدە پاشکۆم. ئێستا هەر هەموو دونیا بەئاگا هاتوون. موراد گوتی.

دەبێ ئێستا چی بکەین. من گوتم.

باشە، یان دەبێ بە خێرایی بیگەڕێنینەوە، یاخود دەبێ تا سبەی بەیانی لە شوێنێک حەشاری بدەین. موراد گوتی.

لەوە نەدەچوو هیچ نیگەرانییەکی ئەوتۆی پێوە دیار بێت، من هەستم کردبوو لە شوێنێک حەشاری دەدا و هەر چۆنێک بێ بۆ ماوەیەک نایەوێت بیگەڕێنێتەوە.

دەتەوێت لە کوێ حەشاری بدەیت؟ من لێم پرسی.

شوێنێک شک دەبەم. ئەو گوتی.

له کەیەوە ئەو ئەسپەت دزیوە؟ من گوتم.

لەپڕێک دڵم خورپەی ئەوەی دا کە زۆر نابێ و هەر ئەم بەرەبەیانییە ئەو ئەسپەی بردووە و بۆ ماوەیەک سواری بووە و ئیدی بەبێ خۆدواخستن بەرەو لای من هاتووە، بۆ خۆی دەزانێت من چەندێک خۆشیم بە سواربوونی ئەسپ دێت.

کێ باسی دزینی ئەسپی لەگەڵ کردوویت؟ ئەو گوتی.

هەرچۆنێک بێ، لە کەیەوە هەموو بەرەبەیانییەک سواری ئەو ئەسپە دەبیت؟ من گوتم.

تا ئەم بەرەبەیانییە شتێکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە. ئەو گوتی.

زۆر دڵنیایت لەوەی کە ڕاستی دەڵێیت؟ من گوتم.

بێگومان نەخێر. بەڵام ئەگەر هاتوو پێیان زانین ئەوا دەبێت تۆش هەر وا بڵێی. نامەوێت هەردووکمان بە درۆ بکەوینەوە. هەموو ئەوەی دەیزانی، هەر ئەوەیە ئەم بەیانییە سواری ئەم ئەسپە بووین و هیچی دی. ئەو گوتی.

زۆر باشە، من گوتم.

زۆر بە هێواشی ئەسپەکەی لەدووی خۆیەوە بەرەو تەویلەی کێڵگەیەکی بەجێهێڵراوی چۆڵوهۆڵ ڕادەکێشا، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوە کێڵگەی جووتیارێک بوو بە ناوی فیتڤەیژیان. هەندێک وێنجە و گەلای بەڕووش لەوێدا کەوتبوو. ئەسپەکەمان لەوێ دانا و بۆ خۆمان بەرەو ماڵ گەڕاینەوە.

زۆر ئاسان نییە ئەسپ بئاژوی و بتوانی زۆر بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت. لە سەرەتادا ئەسپ زۆر کێوییانە هەڵدێت، ئیدی بەدوای ئەوەدا وەکو بۆم گێڕایتەوە. من شێوازی خۆم هەیە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەسپ. ئەوەی بمەوێ دەتوانم بە ئارەزووی خۆم لەگەڵی بکەم. ئەسپەکان بۆ خۆیان لێم تێدەگەن.



hewalname.com/ku

چۆن ئەو کارە دەکەیت؟ من گوتم.

من دەتوانم لە ئەسپ تێبگەم. ئەو گوتی.

دەزانم، بەڵام سروشتی ئەو تێگەیشتنە چۆنە؟ من گوتم.

زۆر سادە و هەتا بڵێی خاوێنە. ئەو گوتی.

باشە، خۆزگە دەخوازم منیش بزانم چۆن دەتوانی تێگەیشتنێکی لەو جۆرە لەگەڵ ئەسپدا بەدەست بهێنیت. من گوتم.

تۆ هێشتا کوڕیژگەیەکی، هەر کاتێک گەیشتیتە ناو سیانزە ساڵی و کەمێک گەورەترەوە، ئیدی بۆ خۆت دەزانی چۆن ئەسپ بئاژوی. ئەو گوتی.

گەڕامەوە ماڵێ و بەرچاییەکی باشم خوارد.

ئەو پاشنیوەڕۆیە خاڵە خەسرەوم بۆ قاوە و جگەرەکێشانێک ڕێی کەوتبووە ماڵی ئێمە. لە ژووری میوان دانیشتبوو و بەدەم یادکردنەوەی ڕابوردووەوە قاوەی فڕ دەکرد و ناوەناوە مژێکی لە جگەرەی دەدا. هەر بەدوای ئەوەدا میوانێکی دییش ڕووی تێکردین، جووتیارێک بوو بە ناوی جان بایرۆن. جان ئاشووری بوو و لەتاو ژیانی تەنیایی خۆی فێری زمانی ئەرمەنی کردبوو. دایکم بۆ ئەو میوانە تەنیایە، پەرداخێک قاوە و جگەرەی لە بەردەم دانا.

جان بەدەم پێچانەوەی جگەرەیەک و مژلێدانی ئاهێکی ساردی هەڵکێشا و بەوپەڕی خەمگینییەوە کەوتە قسەکردن و گوتی؛ ئەسپە سپییەکەم بۆ ماوەی مانگێک دەبێ دزراوە و تا ئێستا هیچ هەواڵێکم لێی نییە. سەرم لەو کارە سووڕماوە.

خاڵە خەسرەوم، بەدەم تووڕەییەوە لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و دەستی کرد بە نەڕەنەڕ و گوتی؛ جێی بایەخ نییە. دەبێ ونبوونی ئەسپێک چی بێت؟ بۆ ئێمە هەموو خاکی

نیشتمانمان لەدەست نەچووە؟ ئەسپێک هەموو ئەو گریانە هەڵدەگرێت؟

ڕەنگە ئەوە بۆ پیاوێکی شارنشینی وەکو ئێوە شوێنی بایەخ نەبێت، بەڵام بۆ گوندییەکی وەکو من کە عەرەبانەم هەیە، چی؟ دەبێ عەرەبانەیەک بەبێ ئەوەی ئەسپێک ڕاییکێشێت، کەڵکی چیی هەبێت؟ جان گوتی.

خاڵە خەسرەوم بەدەم خروشانێکەوە گوتی: هەر گوێشی مەدەرێ.

من تا گەیشتوومەتە ئێرە دە قۆناغ ڕێگەم بڕیوە. جان ئەوەی گوت.

خاڵە خەسرەوم شریخاندی بەسەریدا و گوتی: بەڵام تۆ لاقت هەیە.

لاقی چەپم دونیایەک ئێش و ئازاری داومەتێ. جان گوتی.

خاڵە خەسرەوم بەدەم خرۆشانێکەوە تێهەڵچووەوە و گوتی: هەر گوێشت لێی نەبێت.

ئەو ئەسپە شەست دۆلار لەسەر من کەوتووە. جانی جووتیار ئەوەی گوت.

من بەسەر پارەکانمدا دەڕشێمەوە. خاڵە خەسرەوم ئەوەی گوت.

جان لە شوێنی خۆی بەرزبووەوە و بە تووڕەییەوە چووە دەرەوە و دەرگاکەی لە پشتی خۆیەوە بەیەکدا دایەوە.

دایکم دیاربوو بە دووی داپۆشینی هەڵسوکەوتەکەی خاڵە خەسرەوەوە بوو. دەستی کرد بە قسە کردن و گوتی.

تا بڵێی پیاوێکی نەرم و نیانە. ئیتر دەڵێی چی چووەتە تەمەنەوە و لە نیشتمانی خۆی دابڕاوە.

جووتیارەکە چووە دەرێ و من بە هەڵەداوان خۆم گەیاندە ماڵی مورادی ئامۆزام.

موراد لەژێر دارقۆخێکدا دانیشتبوو و خەریکی ساڕێژکردنی باڵی شکاوی کڵاوکوڕەیەک بوو، کە بۆی نەدەکرا چیی دی بفڕێت. لەبەرخۆیەوە بۆ باڵندەکە دەدوا.

چی ڕووی داوە؟ موراد گوتی.

جان بایرۆنی جووتیار، لە ماڵی ئێمە بوو. بەدووی ئەسپەکەیدا دەگەڕا، کە مانگێک دەبێ لێی دزراوە. دەمەوێت بەڵێنم پێ بدەیت نایدەیتەوە تاوەکو فێری ئەسپسواری دەبم. من گوتم.

یەک ساڵی تەواوت دەوێ تاوەکو فێری ئەسپسواری بیت. موردای ئامۆزام گوتی.

دەتوانین ئەسپەکە بۆ ساڵێک لای خۆمان بهێڵینەوە. من گوتم.

مورادی ئامۆزام کتوپڕ لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی.

چۆن؟ بە تووڕەییەوە نەڕاندی. تۆ هانی ڕۆڵەیەکی خێڵی گارۆگالانیان دەدەیت بۆ ڕاوڕووت؟ دەبێ ئەو ئەسپە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی.

کەی؟ من گوتم.

بە لایەنی کەمەوە لەم شەش مانگەی داهاتوودا. ئەو گوتی.

باڵندەکەی بەرەو ئاسمان بەرەڵا کرد. باڵندەکە زۆر هەوڵی دا بفڕێت و نەفڕی، دوای دوو جار بەرزبوونەوە بۆی نەکرا لە شەقەی باڵ بدات، بەڵام لە دواجاردا لە شوێنی خۆی بەرزبووەوە و بەرەو ناوجەرگەی ئاسمان کەوتە فڕین.

هەموو بەرەبەیانییەک بۆ ماوەی دوو هەفتە من و مورادی ئامۆزام، لە تەویلەی کێڵگە بەجێهێڵراوەکە، ئەو شوێنەی کە



hewalname.com/ku/

ئەسـپەکەمان لـێ حەشـاردابوو، ئەسـپەکەمان دەردەهێنـا و بە ئارەزووی خۆمان غارمان پێ دەدا. هەمـوو بەیـانییەکیش کـاتێ نۆرەی من دەهات، بۆ ئەوەی بەتەنێ بئاژووم، ئەسپەکە ڕووی دەکردەوە ناو باخی مێو و پاشـی تۆزێک لەسـەر پشتی خۆی تـوڕی هەڵـدەدامە خـوارەوە و بـۆ خـۆی هەڵـدەهات. لەگەڵ ئەوەشـدا هەر خـۆزگەم دەخواسـت بەو شـێوەیەی مـورادی ئامۆزام بۆم بکرێ ئەسپ بئاژوم.

بەیـانییەک؛ لەو دەمەدا کە خەریـک بـوو ئەسـپەکەمان دەگەڕانەوە بۆ حەشـارگەکەی خـۆی، لەپڕێکدا لوتمـان بـوو بە لووتی جانی جووتیارەوە، کە بەنیاز بوو بەرەو شار بڕوا.

ڕێـگەم بـدە قسـە بـکەم، مـن خـۆم دەزانـم چـۆن لەگەڵ ئەم جووتیارانەدا هەڵسوکەوت بکەم. موراد گوتی.

بەیانیت باش جان بایرۆن. موراد گوتی.

جان بەدەم لێخوردبوونەوە لە ئەسپەکەوە لێمان هاتە پێشێ و گوتی، بەیانیتان باش منداڵانی هاوڕێم. ئەو ئەسـپەتان نـاوی چییە؟

ناوی هەناومە. مورادی ئامۆزام ئەوەی بە زمـانی ئەرمەنـی گوت.

نـاوێکی ڕەسـەنە، پڕ بە پێستی ئەسـپێکی ڕەسـەن. دەتـوانم سـوێند بخـۆم ئەمە هەر ئەو ئەسـپەیە کە چەنـد هەفتەیـەک لەمەوبەر لێمیان دزیوە. دەتوانم تەماشـای لمۆزی بکەم؟ جان گوتی.

بێگومان. مورادی ئامۆزام گوتی.

جان، لمۆزی ئەسپەکەی گرت و لە ددانەکانی وردبووەوە.

ئەگەر باوکتانم نەناسیبا، بێ سێودوو سوێندم دەخـوارد کە ئەوە ئەسپەکەی منە، بەڵام لەبەر نـاو و ناوبانگی باووباپیرانی

ئێوە و لەبەر  دەستوداوێنپاکیی خێزانی ئێوە لای من، دەڵێم ئەو ئەسپە لەگەڵ ئەسپەکەی مندا دوانەیە. ئەو پیاوە بەگومانە لەجێی ئەوەی بڕوا بە دڵی بهێنێ، بڕوای بە چاوەکانی هێنا.

ڕۆژێکی خۆش، هاوڕێ خنجیلەکانم.

ڕۆژێکی خۆش بۆ تۆش جان بایرۆن. مورادی ئامۆزام گوتی.

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، ئەسپەکەمان گەڕاندەوە بۆ باخەکەی جان و خستمانە تەویلەکەیەوە. سەگەکان شوێنمان کەوتبوون، بەبێ ئەوەی پێمان بوەڕن.

سەگەکان. بەگوێی مورادای ئامۆزامدا سرپاندم. پێم وا بوو پێمان دەوەڕن.

بە کەسێکی دی دەوەڕن، بەڵام من دەزانم چۆن لەگەڵ سەگدا بجووڵێمەوە. مورادی ئامۆزام ئەوەی گوت.

موردای ئامۆزام باوەشێکی کرد بە ملی ئەسپەکەدا و لووتی نا بە لووتیەوە. دواتر دەستێکی بەسەر ئەسپەکەدا هێنا و ئەوجا هەردووکمان پێکەوە دوورکەوتینەوە. ئەو پاشنیوەڕۆیە جان، بە خۆی و عەرەبانەکەیەوە هات بۆماڵمان و ئەو ئەسپەی نیشانی دایکم دەدا کە ماوەیەک بوو لێی دزرابوو و ئێستاش بۆیان گەڕاندبووەوە.

نازانم چی بڵێم، ئەسپەکەم لە جاران بەگوڕوتاوترە. سوپاسی خودا دەکەم کە زۆر باشیش هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردووە.

خاڵە خەسرەوم کە لە ژووری میوانەکە دانیشتبوو و لە شوێنی خۆی خروشا و نەڕاندی، ئەوە ئەسپەکەیان بۆ گەڕاندوویتەوە کابرا. ئیدی بێدەنگ بە و چیی دی دەمت دابخە. هەر گوێشی مەدەرێ.

# گەشتێك بۆ هانفۆرد

لە یەکێک لە ساڵەکاندا؛ مامە خەمگینەکەم گۆرگی، ئەوەی کەوتبووە بەر پایسکیلەکەی خۆی چاک بکاتەوە و بیستوحەوت قۆناغ ڕێگە بەرەو هانفۆرد، بەرەو ئەو شوێنەی کە لەوە دەچوو کاری لێ بێت، ببڕێت. منیش لەگەڵی چووم، ئەگەرچی لەپێشدا واتەواتێک لەئارادا بوو، کە لەشوێنی من ڤاسکی ئامۆزام لەگەڵی ڕەوانە بکەن. خانەوادەکەم نەیاندەویست دەردەدڵی دەربارەی ئەوە بکەن کە لەنێو ئەندامەکانیاندا ساویلکەیەکی وەکو گۆرگی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەدووی هەلێک دەگەڕان کە لەم کاتی هاوینەدا کەمێک لە بەرچاویان نەمێنێ و هەر هیچ نەبێت تۆزێک لە بیریان بچێتەوە و سەریان سووک بێت. ئەگەر ئەو دووربکەوێتەوە و لە کێڵگەی شووتیدا بۆی بکرێ لە هانفۆرد کارێک بۆ خۆی پەیدا بکات، ئەوا هەر زۆر باش دەبێت. گۆرگی هەم دەتوانێ بڕە پارەیەک بۆ خۆی کۆ بکاتەوە و هەمیش کەمێک لێرە لە بەرچاوان دیارنامێنێت.

لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوە بوو کە تۆزێک دوور بکەوێتەوە.

باپیرەم گوتی: خۆی و سەنتوورەکەی، هەردووکیان با بڕۆن بۆ دۆزەخ. تۆ کاتێک لە کتێبێکدا ئەوە دەخوێنیتەوە کە پیاوێک بە درێژایی ڕۆژ لەژێر سێبەری درەختێکدا کەوتووە و سەرقاڵی گۆرانیگوتن و سەنتوورژەنینە. بڕوام پێ بکە ئەو

hewalname.com/ku

نووسـەرە کەسـێکی دەستوپێسپییە. پـارە، خەمێکـی گەورەیە. ڕێـگەی بـدەن بـا بە خـۆی و سـەنتوورەکەیەوە بـڕوات و بـۆ ماوەیەک بە بەرخۆرەوە ئارەقە بکاتەوە.

داپیرەم گوتی: تۆ ئێستا وا دەڵێی، بەڵام هەفتەیـەک سـەبر بگرە و ئەوسا ببینە کە چۆن بۆ کەمێک ئاواز شێتوهار دەبێت.

باپیرەم گوتی: ئەوە قسەی نـابەجێیە. تۆ کاتێک لە کتێبێکدا ئەوە دەخـوێنیتەوە کە ئەو پیـاوەی گـۆرانی دەچـڕێ، بەڕاسـتی پیاوێکی بەختیارە، ئەوا ئەو نووسـەرە کەسێکی خەونبینە و لە ژیانیدا پارەیەکی پەیدا نەکردووە. ڕێگەی بدەن با بـڕوات، ئەوە هەر بە تەنیـا بیـستوحەوت میلێـک ڕێـگەیە بـۆ هـانفۆرد. دەبـێ بیستوحەوت میل ڕێگە چی بێت؟

تـۆ ئێستا وا بەو جـۆرە دەدوێـی، بەڵام هەر سـێ ڕۆژێـک تێناپەڕێت و دەتبینـم چـۆن دڵتەنگی داتـدەگرێ. دەتبینـم وەکـو شـێتوهار بەم نـاوەدا دێیت و دەچـی. مـن ئەو کەسـەم کە ئەوە دەبیـنم و هەسـتت پـێ دەکەم. هەر منیـشم ئەو کەسـەی کە تێروپڕ پێت پێدەکەنم؛ داپیرەم ئەوەی گوت.

تـۆ ژنیـت. کاتێـک لە کتێبێکـی سـەد لاپەڕەیـی بە خەتـی بچـووک نووسـراودا چـاوت بەوە دەکەوێـت کە بەڕاسـتی ژن خوڵقـاوێکی ناسـکە، گومانـت لەوە نەبێـت کە ئەو نووسـەرە ژنەکەی خـۆی نـابینێ و تەنیـا خەون دەبینێت. لێی بگەڕێـن بـا بڕوات. باپیرەم گوتی.

زۆر بە سـادەیی تـۆ چیـی دی ئەو پیـاوە گەنجەی جـاران نەماویـت و ئەوەش وای لـێ کردوویـت هەمیـشە تـوورە و شێتگیر بیت. داپیرەم گوتی.

دەمـت داخە. دایـدەخەی یـاخود پـشتی دەسـتم بـۆ خـۆی هەستێت بەو زەحمەتە. باپیرەم گوتی.

باپیرەم چاوێکی هەڵبڕی و ڕوانییە ناو ژوورەکە و تەماشایەکی هەموو کوڕ و کوڕەزاکانی خۆی کرد و ئەوجا گوتی:

من دەڵێم ئەو بە خۆی و پاسکیلەکەیەوە دەبێ بڕوات بۆ هانفۆرد، ئەی تۆ دەڵێی چی؟

هیچ کەسێک وەڵامی نەدایەوە.

ئیدی ئەو مەسەلەیە بڕایەوە؛ باپیرەم گوتی و درێژەی بە قسەکانی خۆی دا.

ئەی دەبێ کێ لەگەڵی بڕوات؟ دەبێ کام لە منداڵە هاروهاجەکان بە دوورخستنەوەی لەگەڵ گۆرگیدا سزای خۆی وەربگرێت و بەرەو هانفۆرد لەگەڵی بکەوێتە ڕێ؟ کاتێک لە کتێبێکدا ئەوە دەخوێنیتەوە، گەشتکردن بۆ شارێکی دی ئەزموونێکی پڕ لە چێژ و خۆشییە بۆ پیاوێکی گەنج، ئەو نووسەرە هیچ دوور نییە پیاوێکی هەشتا یاخود نەوەد ساڵی بێ و بە منداڵی جارێک بۆی هەڵکەوتووە لە پشتی گالیسکەیەک دوو میلێک لە شارەکەی خۆی بە گەشتێک دوورکەوتبێتەوە. ئەو کەسە کێیە کە دەبێ سزا بدرێ؟ ڤاسک؟ دەشێ ڤاسک ئەو کەسە بێت؟ ئادەی ڕۆڵە وەرە پێشەوە.

ڤاسکی ئامۆزام کە لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو و لە شوێنی خۆی جووڵا و بە مۆلەقی لە بەردەم پیرەمێردا وەستا، پیرەمێرد کە سمێڵەکانی وەکو چەپک لوول دابوو، سەری بۆ خوارەوە شۆڕ کردبووەوە و بە تووڕەییەوە لێی دەڕوانی. ئەوجا قوڕگی پاک کردەوە و مەچەکێکی هەڵبڕی و ڕوخساری کوڕێژگەی لەناو لەپی دەستیدا شاردەوە. ڤاسک لە شوێنی خۆی چەقیبوو.

پێت چۆنە لەگەڵ مامە گۆرگیت بڕۆیت بۆ هانفۆرد؟ پیرەمێرد گوتی.

ئەگەر ئەوە دڵی باپیرەم خۆش دەکات، من هیچ لارییەکم لێی نییە. ڤاسک ئەوەی گوت.

پیرەمێرد ڕوخسارێکی هێنا و ڕوخسارێکی برد و کەوتە نێو دەریای بیرکردنەوە.

ڕێگەم بدە بیرێکی لێ بکەمەوە، گۆرگی یەکێکە لە هەرە ساویلکەکانی خێڵەکەمان. تۆش هەر وەکو ئەو وای. تۆ بڵێی ئەوە باش بێ دوو ساویلکە بخەینە پاڵ یەکتری؟ باپیرەم ئەوەی گوت و تەماشایەکی ئەوانی دیی کرد.

دەمەوێت دەربارەی ئەو مەسەلەیە گوێم لە ئێوە بێت دەڵێن چی، ئایا ئەوە دانایییە ساویلکەیەکی گەورە و زەلام لەگەڵ ساویلکەیەکی دی کە هێشتا لە هەڵچووندایە، لە هەمان خوێن و ڕەگوڕیشە بخەینە پاڵ یەکتری؟ ئایا ئەوە کەڵکی بۆ کەسێک تیایە؟ دەنگتان هەڵبڕن بۆ ئەوەی بتوانم بڕیارێکی لێ بدەم. باپیرەم گوتی.

پێم وا بێت کارێکی زۆر ئاسایی دەبێت هەنگاوێکی لەو جۆرە بنێین. ساویلکەیەک و ساویلکەیەکی دی، یەکێکیان کار بکات و ئەوی دیشیان خەریکی کاروباری ناوماڵەکە بێت. مامە زۆرابم ئەوەی گوت.

خراپ نییە. با کەمێک لێی وردبمەوە. ساویلکەیەک و ساویلکەیەکی دی. یەکێکیان بۆ کارکردن و ئەوی دییشیان بۆ کاروباری ناوماڵەکە و چێشتلێنان. تۆ دەزانی چێشت لێ بنێیت ڕۆڵە؟ باپیرەم گوتی.

بە دڵنیاییەوە دەزانێ چێشت لێبنێت. هەر هیچ نەبێت دەزانێ برنج لێبنێت؛ داپیرەم وەڵامی دایەوە.

ئەوە ڕاستە تۆ دەزانیت برنج لێبنێیت؟ چوار پەرداخ ئاو و پەرداخێک برنج و لێوانی کەوچکێک خوێ. ئەو فرتوفێڵە

دەزانی کە چۆن خواردن لەوە دەربهێنی و نەیکەیت بە پەڵوڵە، یاخود ئەوە هەر خەونە و دەیبینین؟ باپیرەم گوتی.

بە دڵنیاییەوە دەزانێت چۆن برنج لێ بنێت. داپیرەم گوتی.

بۆ خۆی زمانی هەیە، ئەگەر نەیبڕیتەوە و ڕێگە نەدەیت کوڕیژگەکە بۆ خۆی شتێک بڵێ، ئەوا پشتی دەستم بەرەو ڕووی دەمت دێ. باپیرەم گوتی.

دەتوانی ڕۆڵە ئەوە بکەیت؟ ئەو کاتەی لە کتێبێکدا ئەوە دەخوێنیتەوە کوڕیژگەیەک دەتوانێ بە سەلاری وەڵامی پیرەمێردێک بداتەوە، ئەو نووسەرە دوور نییە جوولەکە بێت و لە زیادەڕۆیی هەڵچووبێت. دەتوانی لەو شتانە خواردن دەربهێنی و نەهێڵێت ببێت بە پەڵوڵە.

من برنجم لێناوە و هەر وەکو خواردنیش دەرچووە. ڤاسک گوتی.

خوێی تەواوبوو؟ ئەگەر ڕاست نەڕۆی، ئەوا پشتی دەستمت لە بیر نەچێ. باپیرەم گوتی.

ڤاسک بۆ تاوێک لە شوێنی خۆی واقی وڕ ما.

تێگەیشتم، باپیرەم گوتی و بەردەوام بوو. تۆ خەجاڵەتی بۆ برنجەکەت دەکێشیت، برنجەکەت چۆن دەرچوو؟ بێ ترس بیڵێ، ڕاستیگوتن ئاسوودەم دەکات. ئەگەر بەبێ ترس بیڵێی کەس ناتوانێ زۆرت لێ بکات. ئەوەی لە برنجەکەت خەجاڵەتی کردی چی بوو؟

زۆر سوێر بوو. ئەوەندە سوێر بوو بە درێژایی ئەو شەو و ڕۆژە دەبوو ئاو بخۆینەوە. ڤاسک گوتی.

پێچوپەنای ناوێت، تەنیا دەمەویت ڕاستیم پێ بڵێی. برنجەکە سوێر بوو و ئەوەش زۆر ئاساییە کە دەبێت بە درێژایی ئەو شەو و ڕۆژە ئاوی لەدوا بخۆیتەوە. ئێمە هەر هەموومان لەو

جۆره برنجەمان خواردووه. پێت وا نەبێت لەبەر ئەوەی تۆ بە درێژایـی ئەو شـەو و ڕۆژه بەردەوام ئـاوت خـواردووەتەوە، ئیدی تۆ یەکەمین ئەرمەنی بوویبوویت کە ئەو کارەت لەدەست دەرچوویێت. تەنیا ئەوەم تێبگەیەنە زۆر سوێربوو یان چی؟ با من بڕیاری خۆم بدەم ئەو کەسەی دەبێت بڕوا، تۆ دەبیت یان نـا؟ بـاپیرەم ڕەنگێکـی هێنـا و ڕەنگێکـی بـرد و تەماشـایەکـی ئەوانی دیی کرد و گوتی:

پـێم وا بێـت ئەمە ئەو کـوڕیژگەیە بێـت کە دەبێـت بـڕوات، بەڵام دەنگت هەڵبڕە، ئەگەر شـتێکی هەیە بیڵێیت، تـا گوێم لێت بێ. سوێری باشترە لەوەی خواردنەکە ببێ بە پەپوڵە. ڕۆڵە بە تەواوی دەمی کێشابوو؟

بە تەواوی دەمی کێشابوو. ڤاسک گوتی.

پـێم وا بێت ئەمە ئەو کـوڕیژگەیە بێت کە دەبێـت ڕەوانەی بکەین. باپیرەم گوتی و درێژەی دایە.

ئاو بۆ لەشی ئینسان بەکەڵکە. ئایا ڤاسک گارۆگالانیانی ئەو کەسەیە یان نا؟

مـــامە زۆراب، بە بیرکـــردنەوەکەی پێـــشووتری خۆیـــدا چووبــووەوە و جــارێکی دی لە قــسان هەڵچــووەوە و گــوتی: ئەگەرچی برنجەکەشـی نەکردووە بە پەپوڵە، بەڵام دوو ساویلکە پێکەوە ئەوە هەر بە هیچ جۆرێک ڕێی تێناچێت. من ئارامم پێ باشە. خراپ نییە ئەو بڕوات. ئەو شایانی ئەوەیە سزا بدرێت.

هەر هەموو تەماشای منیان کرد.

ئارام؟ مەبەستت ئەو کوڕیژگەیەیە کە پێدەکەنێت؟ ئەو ئارام گارۆگالانیانەی کە هەر بە دەنگی بەرز پێدەکەنێت؟ باپیرەم گوتی.

ئەی دەبێت مەبەستی کێی تر بێت؟ تۆ بۆ خۆت دەزانیت ئەو مەبەستی کێیە؟ داپیرەم گوتی.

باپیرەم زۆر بە هێواشی ڕووی وەرگێڕا و بۆ ماوەی نیو خولەکێک تەماشای داپیرەمی کرد.

کاتێک تۆ لە کتێبێکدا دەربارەی پیاوێک دەخوێنیتەوە کە دەکەوێتە داوی کیژۆڵەیەکەوە و دەیخوازێت. ئەو نووسەرە بەڕاستی ئاماژە بە پیاوێکی گەنج دەدات هیچ ئەندێشەیەکی دەربارەی ئەو کیژۆڵەیە نییە تاکو بە تەمەنی خۆیدا شۆڕدەبێتەوە خوارێ و تا دەشگاتە ساڵانی کۆتایی هەفتاکانی خۆی، هەر سەرقاڵی زۆربڵێی و چەنەبازییە. ئەو نووسەرە بیر لە کەسانێک دەکاتەوە زیاتر لە قۆناغی مێردمنداڵیدان.

ئایا تۆ مەبەستت ئارامە؟ ئارام گارۆگالانیانی؟

بەڵێ، مامە زۆرابم ئەوەی گوت.

ئەو چ کارێکی وای کردووە تاوەکو شایانی سزادانێکی لەو جۆرە بێت؟ باپیرەم گوتی.

ئەو بۆخۆی دەزانێت. مامە زۆرابم گوتی.

ئارام گارۆگالانیانی. باپیرەم بانگی کردم.

منیش لە شوێنی خۆم هەڵسام و لە پێشی باپیرەمدا وەستام. مەچەکە ئەستوورەکەی هەڵگرت و لەسەر دەموچاومی دانا و هەڵیگلۆفی. دەمزانی کە ئەو لێم تووڕە نییە.

تۆ چیت کردووە، ڕۆڵە؟ ئەو گوتی.

دامە قاقای پێکەنین، هەموو ئەو شتانەم بیرکەوتنەوە کە پێشتر کردبوومن.

باپیرەم بۆ قەیرێک گوێی بۆ ڕادێرام و دواتر لەدوای منەوە پێکەنین لە قورگی پژا. هەر بە تەنیا من و ئەو پێکەوە پێکەنیین. ئەوانی دی بوێریی ئەوەیان نەدەکرد پێبکەنن. باپیرەم فەرمانی پێ دابوون هەر کاتێک ئەگەر بۆیان نەلوێ وەکو ئەو پێبکەنن، ئەوا هەر پێنەکەنن. من  هەر بۆ خۆم ئەو گارۆگالانیانەی تر

بووم کە لە هەموو ئەو دونیا بەرینەدا دەمتوانی بەو شێوازەی ئەو پێبکەنم.

ئارام گارۆگالانیانی، پێم بڵێ چیت کردووە؟ باپیرەم گوتی.

کامیانت پێ بڵێم؟ من گوتم.

باپیرەم لایەکی بەرەو لای مامە زۆرابم کردەوە و گوتی:

کامیان؟ بە کوڕیژگەکە بڵێ با بزانێت چ هەڵەیەکی کردووە؟ لەوە دەکات هەڵەی زۆری کردبن.

بۆ خۆی زۆر باش دەزانێت کامیان. مامە زۆرابم ئەوەی گوت.

مەبەستت لەوەیە کە بە دراوسێکانم گوتووە تۆ شێتی؟

مامە زۆرابم نەیدەویست هیچ بڵێت.

یاخود مەبەستت لەوەیانە کە بەو ناوەدا دێم و دەچم و لاسایی شێوە قسەکردنی تۆ دەکەمەوە؟

ئەو کوڕیژگەیە هەقی ئەوەیە کە لەگەڵ گۆرگیدا ڕەوانە بکرێت. مامە زۆرابم ئەوەی گوت.

دەتوانی برنج لێ بنێیت؟ باپیرەم ئەوەی گوت.

دیاربوو بە لایەوە جێی بایەخ نەبوو لەوە زیاتر بڕواتە بنجوبناوانی ئەو گاڵتەوگەپانەوە کە من لێرەولەوێ دەربارەی مامە زۆرابم دەمکردن.

هەر ئەوەندەی ئەگەر بتوانم برنج لێ بنێم ئەوا لەگەڵ مامە گۆرگیدا بەرەو هانفۆرد بڕۆم. هەر بەو جۆرەش بوو. من بۆ خۆم ئارەزووم لەوە بوو لەگەڵی بڕۆم، ئیدی بە لای منەوە بە هیچ جۆرێک شوێنی بایەخ نەبوو کە ئەو نووسەرەی ئەوەی بە لاوە ئەزموونێکی گرنگ بووە کوڕیژگەیەک گەشت بکات، ساویلکە بووە، یان درۆزن، یاخود هەر شتی دی بووە. من ئارەزووم بوو بڕۆم.

دەتوانم برنج لێ بنێم. من گوتم.

برنجێکی سوێر، یان پەپوڵە، یاخود چۆن؟ باپیرەم گوتی.

هەندێک جار سوێر، هەندێ جار پەپوڵە، هەندێک جاریش خۆش و بەتام.

با تۆزێک هەڵیسەنگێنم. باپیرەم گوتی.

پاڵێکی دایەوە بە دیوارەکەوە و لەگەڵ خۆیدا کەوتە ناو هەڵسەنگاندنەوە.

سێ پەرداخی ئاوی گەورە. باپیرەم داوای لە داپیرەم کرد.

داپیرەم بەرەو نانەدینەکە کەوتە ڕێ و پاشی کەمێک بە سێ پەرداخی گەورەی ئاوەوە گەڕایەوە، کە لەسەر سەینییەکی دانابوون. باپیرەم یەک لەدوای یەک پەرداخە ئاوەکانی خواردنەوە و دواتر ڕوویەکی کردە ئەوانی دی و لەو کاتەدا گەلێک گۆڕانکاری بەسەر ڕەنگوڕوویدا هات. هەندێک جار سوێر، هەندێک جار پەپوڵە و جارجارێکیش خۆش و بەتام؛ باپیرەم ئەوەی گوت و درێژەی دایە. ئەمە ئەو کوڕیژگەیەیە کە دەبێ ڕەوانەی هانفۆردی بکەین؟

بەڵێ، تاقە کەسێک شایانی ئەوە بێت کە ڕەوانە بکرێت. مامە زۆراب ئەوەی گوت.

دەی با وا بێت. باپیرەم ئەوەی گوت. ئەوە هەموو شتێکە، هیوام وایە هەر بە تەنیا ئەو بڕوات.

خەریک بوو دەڕۆیشتم، باپیرەم ملی گرتم و گوتی: کەمێک ڕاوەستە.

کاتێک هەردووکمان بە تەنیا ماینەوە، داوای لێ کردم لاسایی ئەو شێوەیە بکەمەوە کە مامە زۆرابم پێی ئەدوێت.

منیش ئەو لاساییەم بۆ کردەوە و باپیرەم بۆی نەکرا ددان بە خۆیدا بگرێ و قاقا کەوتە پێکەنین.

برۆ بۆ هانفۆرد، لەگەڵ گۆرگیی ساویلکەدا برۆ و برنجی سوێر، یان پەپوڵە، یاخود بەتام و خۆشی بۆ لێ بنێ.

ئیدی بەو جۆرە من دیاری کرام کە هاوڕێی مامە گۆرگی بم لەو گەشتەیدا بەرەو هانفۆرد.

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر لە خەو ڕاپەڕین و بەرلەوەی کازێوە هەڵبێت کەوتینە ڕێ. من لەسەر لێواری ئاسنی پاسکیلەکە لە پێشی مامم سوار بووبووم، بەڵام کاتێک ماندوو بووم پێم خۆش بوو پیادە بم و بە پێ بڕۆم، پاشی ماوەیەکیش مامە گۆرگی دابەزی و بە پێ کەوتە ڕۆیشتن و من سواری پاسکیلەکە بووم. ئێمە تا درەنگانێکی ئەو پاشنیوەڕۆیە نەگەیشتینە هانفۆرد.

وا پێویستی دەکرد تاوەکو بەسەرچوونی وەرزی شووتی و تا تەواوبوونی ئەرکەکەمان لە هانفۆرد بمێنینەوە. بیرۆکەکە بەو جۆرە بوو. بەدووی پەیداکردنی ماڵێک بۆ مانەوە، بەناو شارەکەدا سوڕاینەوە. ماڵێک بە تەباخێکی چێشتلێنانەوە کە بە گاز ئیش بکات و ئاویشی تێدا بێت. زۆر بە داخی کارەباوە نەبووین و هەر ئەوەندەمان دەویست گاز و ئاوی تێدا بێت. شەش یاخود حەوت ماڵمان سەیرکرد و ئیدی دواتر ماڵێکمان دۆزییەوە کە مامە گۆرگی دڵی زۆر پێوە بوو و هەر ئەو شەوە چووینە ناوی. خانوویەکی یازدە ژووری بوو کە تەباخی چێشتلێنانەکەی بە گاز کاری دەکرد و دەستشۆرییەکیشی تیا بوو و ژوورێکیش قەنەفە و جێی نووستن و ئیدی هەموو ژوورەکانی دی خاڵی بوون. مامە گۆرگیم مۆمێکی داگیرساند و سەنتوورەکەی هێنایە پێشێ، لەسەر عەردەکە لێی دانیشت، دەستی کرد بە ژەنین و لەگەڵیشیدا هەڵیکردە گۆرانی. زۆر خۆش بوو و هەندێک جار خەمگین و هەندێک جاری دییش دڵڕەوێن، بەڵام لە هەموو کاتەکاندا هەر خۆش بوو. بەرلەوەی هەست بەوە

بکات که برسییەتی، نازانم چەندێک ئاوازی ژەنی و گۆرانیی چڕی، بەڵام لەناکاوێک لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و گوتی ئارام، برنجم دەوێت. ئەو شەوە مەنجەڵێک برنجم لێنا کە هەم سوێر و هەم پەڵوڵە دەرچوو، بەڵام مامە گۆرگیم گوتی: ئارام ئەوە زۆر خۆش بوو.

بەرەبەیانی جریوە جریوی باڵندان لە خەویان بەئاگا هێناین.

دەزانی ئەمڕۆ دەبێ دەستبکەیت بە کارکردن؟ من گوتم.

ئەمڕۆ؛ مامە گۆرگی بەدەم بۆڵەیەکەوە ئەوەی گوت.

بە دڵێکی خەمگینەوە لە خانووە چۆڵوهۆڵەکە چووە دەرەوە و منیش لێرەولەوێ بەدووی گسکێکدا دەگەڕام. گسک بە هیچ کلۆجێک پەیدا نەبوو و ئیدی بۆ خۆم چوومە دەرێ و لە بەردەگای دەرەوە لێی دانیشتم. لە ڕۆژدا ئەو گەڕەکە وەکو جوانترین هەواری ئەو دونیایە وا بوو. شەقامێک تەنیا بە چوار ماڵەوە. لە بەردەممەوە، دوو کۆڵانێک لەولاوە کڵێسەیەک بە خۆی و گومەزەکەیەوە دیار بوو. بۆ ماوەی سەعاتێک لە پێشی دەرگە بۆ خۆم لێی دانیشتم.

مامە گۆرگیم بە خۆشییەکی لەئەندازەبەدەرەوە بە خۆی و پاسکیلەکەیەوە بە کۆڵانەکەدا دەگەڕایەوە.

لە خوا بەزیاد بێ ئەمساڵ هیچ نەبوو. ئەو گوتی و پاسکیلەکەی لەپێش باخێکی گوڵ ڕاگرت.

چۆن؟ من گوتم.

کار نەبوو، سوپاس بۆ خودا کار نەبوو. ئەوەی گوت و خەندەیەکی گوڵین کەوتە سەر لێوەکانی.

کار نییە؟ من پرسیم.

سوپاس بۆ خودای میهرەبان کار نەبوو. ئەوەی گوت و بەدەم تەماشاکردنی گوڵی ناو باخەکەوە پێدەکەنی.

بۆچی کار نەبوو؟ من پرسیم.

شووتییەکان. ئەو گوتی.

شووتییەکان چی؟ من گوتم.

وەرزی بەسەرچووە. ئەو گوتی.

ئەوە ڕاست نییە. من گوتم.

وەرزی بەسەرچوو، بڕوام پێ بکە بەسەرچوو. مامە گۆرگی گوتی.

بڕوا بکە باوکت سەرت لێ دەکاتەوە. من گوتم.

وەرزی شووتی بەسەرچوو و سوپاسگوزاری بۆ خودا، شووتییەکان هەموو لێکراونەتەوە.

کێ ئەوەی پێ گوتی؟ من پرسیم.

جووتیارەکە بۆخۆی پێی گوتم، هەر جووتیارەکە بۆخۆی ئەوەی پێ گوتم. مامە گورگی گوتی.

ئەو هەر بەخاتری تۆ ئەوەی پێ گوتوویت، حەزی نەکردووە هەستت بریندار بکات. کاتێ زانیویەتی تۆ دڵت بەسەر کارەکەتەوە نییە، هەر وا بە سادەیی قسەی لەگەڵ کردووی.

گەورەیی بۆ خودا، وەرزی شووتی تەواو بەسەرچوو و شووتییە گەییوەکانیش هەر هەمووی هەڵگیرانەوە.

ئەی ئێستا دەبێ چی بکەین؟ من گوتم. تازە وا خەریکە وەرزی شووتی دەست پێ دەکات.

وەرزی شووتی بەسەرچوو. دەبێ بۆ ماوەی مانگێک لەم خانووەدا بمێنینەوە و دوایی بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. ئێمە کرێی خانووەکەمان لە پێشەوە داوە و پارەیەکی ئەوتۆشمان لە گیرفاندایە برنجی پێ بکڕین. لێرە بە درێژایی مانگێک بۆ خۆمان خەون دەبینین و دواتر دەگەڕێینەوە بۆ ماڵێ.

بێ پوول و پارە بگەڕێینەوە. من گوتم.

بەڵام ئەوەت لە یـاد نەچێـت بە تەندروسـتییەکی باشـەوە دەگەڕێینەوە. سوپاس بۆ خودا کە ئەمساڵ بەو خێراییە هەموو شووتییەکانی پێگەیاند.

مـامە گـۆرگی بەرەو لای سـەنتوورەکەی هەڵات و لە بەردەمیدا دەستی کرد بە سەماکردن. بەرلەوەی من بۆم بکرێ بیرێک لەو پێشهاتەی ئەو بکەمەوە، ئەو دەمێک بوو کەوتبووە چڕین و ژەنینی ئاوازەکانی. ئاوازێکی ئەوەندە دڵفڕێن بوو، من بـۆم نەکـرا لە شـوێنی خـۆم ببـزوێم و شـوێنی بـکەوم بـۆ ژوورەوە. هەر ئەوەنـدەم بـۆ کـرا لە بەردەگـا دابنیـشم و بە دڵوگیان گوێی بۆ شل بکەم.

بـۆ مـاوەی مانگێک لە خـانووەکەدا مـاینەوە و ئیـدی دوای ئەوە گەڕاینەوە مـاڵێ. داپیرەم یەکەمین کەسێ بوو چاوی بە ئێمە کەوت.

باش بوو لە کاتی شیاوی خۆتاندا گەڕانەوە، ئەو پیرەمێردە هەر وەکو ئاژەڵێکی کێوی شێتوهار بووە. ئەو پارەیەم بدەنێ کە پەیداتان کردووە. داپیرەم گوتی.

پارەمان نەهێناوەتەوە. من گوتم.

کاری نەکرد؟ داپیرەم پرسیی.

نەخێر، بە درێژایی ئەو مانگە هەر گۆرانیی گوت و ئاوازی ژەنی. من گوتم.

برنجەکانت چۆن دەرچوو؟ داپیرەم پرسیی.

هەندێک جار سوێر، هەندێ جار پەپوڵە، هەندێک جاریش خۆش و بەتام.

باوکی نابێت بەوە بزانێت، من کەمێک پارەم هەیە. داپیرەم ئەوەی گـوت و کتـوپڕ کراسـەکەی لا دا و دەسـتی کـرد بە

گیرفـانی پانتۆڵەکەیـدا و هەنـدێک پـارەی نـایە مـشتمەوە. بـۆ تاوێک بە نیگایەکەوە لێم وردبووەوە و دواتر گوتی:

هەر کاتێکیش باپیرەت گەڕایەوە ماڵێ، ئەو پارەیەی بخەرە بەردەم. باشە ئارام گارۆگالانیان؟

چۆنت پێ خۆشە بەو جۆرە دەکەم داپیرە.

کاتێک باپیرەم گەڕایەوە ماڵێ، بە تووڕەییەوە دەستی کرد بە هاوارکردن.

هەر وا زوو گەڕانەوە مــاڵێ؟ وەرزی شــــووتی هەر وا بە خێرایی بەسەرچوو؟ کوا ئەو پارەیەی بەدەستتان هێناوە؟

پارەکەم خستە بەردەمی.

من نامەوێ بە درێژایی ڕۆژ گۆرانی بچڕێت، هەموو شتێک کاتی خۆی هەیە؛ باپیرەم گوتی و درێژەی دا بە قسەکانی. کە تۆ لە کتێبێکدا ئەوە دەخوێنیتەوە، باوکێک کوڕە ساویلکەکەی زیاتر لە کوڕە زرنگەکەی خۆشتر دەوێت، ئەوا ئەو نووسەرە هێشتا ژنی نەهێناوە. لە حەوشە و لەژێر سێبەری درەختەکان، مامە گۆرگیم بەدەم ئاوازژەنینەوە هەڵی کردە گۆرانی. باپیرەم بەرەو دالانەکە هــات و کەوتە گــوێگرتن. لەســـەر قەنەفەیەک دانیشت و پێڵاوەکانی داکەند، کەوتە نێو دونیای خۆی و شانی بۆ خەیاڵ و ئەندێشە شل کرد.

لەبەر ســوێریی ئەو بـرنجەی دوێنێـشەو، بەرەو نانـدینەکە بەڕێکەوتـم تـاوەکو بە ســێ چـوار پەرداخ ئـاو تینـوێتیی خـۆم بشکێنم. کاتێک گەڕامەوە بەرەو دالانەکە، بینیم باپیرەم لەسەر قەنەفەکە ڕاکــشاوە و بەدەم خەندەیــەکــی گــوڵینەوە خەوی لێکەوتـــووە و گــۆرگیی کوڕیـــشی بە دەنگێکـــی ناســـک و خەمڕەوێنەوە گۆرانیی سوپاسگوزای بۆ گەورەیی گەردوون دەچڕی.

## دارهەنارەکان

مامە مالیکم یەکێک بوو لە خراپترین ئەو جووتیارانەی کە تا ئێستا لە دنیادا ژیاوە. تا بڵێی کەسێکی خەونبین و ڕۆحێکی شاعیرانەی هەبوو و هەموو ئەوەی ئارەزووی دەکرد، جوانی بوو. ئارەزووی بوو هەرچییەک بێ بیڕوێنێ و لێی بڕوانێ چۆن گەورە دەبێت. من بۆ خودی خۆم ساڵێکیان لەو ڕۆژگارە خۆشانەی ڕابردووی پڕ لە جوانی و سەرسامی و ڕۆژانی گەنجێتیم سەد نەمامی هەنارم بۆ مامم ڕواندووە. چ مامم و چ خۆشم هەردووکمان پێکەوە مەکینەی جووتیشمان لێخوڕیووە. هەر هەموو ئەوانەش لەپێناوی جوانییەکی ڕەهادا بووە، نەک بۆ خۆشیی کشتوکاڵ. مامم هەر ئەوە بوو حەزی بە ڕواندنی درەخت بوو و لێیان بڕوانێ چۆن گەشە دەکەن.

هەرچۆنێک بوو نەمامەکان بە هۆی نالەبەریی خۆڵوخاکەکەیانەوە گەشەیان نەکرد، خۆڵوخاکێکی تا بڵێی وشک و بیاباناوی بوو. مامم ئاماژەی بەو خاکە کرد کە لەناو بیاباندا نزیکەی شەشسەد و هەشتا دۆنمێک دەبوو، کڕی بووی، بەوپەڕی هەست و سۆزێکی قووڵی شاعیرانەوە و بەو زمانە ئەرمەنییە شیرینەی خۆی، کە تا ئێستا هەر کەسێک لە دونیادا بە ڕۆح گوێی لێ بووبێ، گوتی. بەم زوانە دەبینی لەو خاکە وشکوبرنگ و پشتگوێخراوەدا باخێکی پڕ گوڵ و گوڵزار گیانی بەبەر دێ، کانییەکی فێنک و سازگار قوڵپ قوڵپ لەو

خۆڵە دێتە دەرێ و هەرچی جوانی هەیە لەم گەردوونەدا کە تۆ دەیبینی، لێرەدا بەژیان دێت.

ئەرێ گەورەم. من گوتم.

من یەکەمین کەس و لەنێو خزم و دۆستانیشدا تەنیاترینیان بووم کە ئەو خاکەم دی، ئەو کڕیبووی. ئەو دەیزانی من لە قووڵایی ناخمەوە ڕۆحێکی شاعیرانەم هەیە و بڕوای بەوەش هەبوو کە من زۆر بە باشی لەو هێز و گوڕە ئەندێشاوییە تێدەگەم کە ئەوی گەیاندبووە ئەو وێرانەخاکە

پڕ لە شکۆیە. هەم من و هەم ئەویش هەردووکمان دەمانزانی ئەوەی ئەو کڕیویەتی خاکێکی بێکەڵکی بیابانایی دوور لە ئاوەدانییە و لە دامێنی زنجیرەشاخەکانی نیڤادادا ڕاکشاوە. پڕی بوو لە جۆرەها لەو گژوگیا و دڕکوداڵە سروشتییانەی کە لێرەولەوێ لەناو خاکە گەرم و بێکەڵکەکان دەڕوێن و پڕی بوو لە سمۆرە و مارمێلکە و مار و سەگی دەشتیی دڕ و چەندەها گیانداری سەیروسەمەرە. ئاسمانی سەر ئەو پارچە خاکەی ئەویش تەنیا باز و هەڵۆ و شەهێنی دەناسی. هەرێمێکی چۆڵوهۆڵ و دابڕاو، هەرێمێکی پڕ لە ڕاستی و کەرامەت. سروشتێک کە بە وشکی و تەنیایی و نازدارییەکەی خۆیەوە دەنازێ.

من و مامم لە ناوجەرگەی ئەو خاکەدا لە ماشێنە فۆردەکەی هاتینە خوار و بەناو زەوییە وشکوبرنگەکەدا کەوتینە ڕێ.

ئەم خاکە، خاکی خۆمە. مامم گوتی.

زۆر بە هێواشی دەڕۆی و شەقی لە خاک و خۆڵە وشکەکە هەڵدەدا. مارمێلکەیەکی شاخاویی گرێگرێ لەسەر زەوییەکە

دەخشا و بەرەو لای پێیەکانی مامەوە دەهات. مامم بەدەم سڵەمینێکەوە شانی منی گرت و لە شوێنی خۆی سڕ بوو.

ئەو ئاژەڵە چییە؟ ئەو گوتی.

ئەو مارمێلکە بچکۆلەیە دەڵێی؟ من گوتم.

ئەو مشکە دەڵێم کە شاخی هەیە، ئەوە چ ئاژەڵێکە؟ مامم گوتی.

بە دڵنیاییەوە نازانم، بەڵام ئێمە پێی دەڵێین مارمێلکەی شاخی. من گوتم.

هەر سێ هەنگاوێک لەولاترەوە مارمێلکە لە شوێنی خۆی سڵەمییەوە و ملی خۆی وەرچەرخاند. مامم سەری بەسەر ئەو گیاندارە بچکۆلانەیەدا شۆڕ کردەوە.

ژەهراوییە. ئەو گوتی.

بۆ خواردن دەڵێی یاوەخود مەبەستت پێوەدانە؟ من گوتم.

مەبەستم هەردووکیان. مامم گوتی.

بڕوا ناکەم بەکەڵکی خواردن بێت. پێشم وا بێت هیچ زیانێکی نییە و پێشتریش من گەلێکم لێ گرتوون. کە دەیانگریت هەست بە بێزارییەکی زۆر دەکەن، بەڵام پێوەدانیان نییە. دەتەوێت ئەو دانەیەت بۆ بگرم؟ من گوتم.

بەڵێ ئەو دانەیە بگرە. مامم گوتی.

خۆمم لە مارمێلکەکە مەڵاس دا و لەو کاتەدا کە مامم لێی دەڕوانیم، لەپڕێکدا هەڵمەتێکم بۆ برد و گرتم.

هۆشت بە خۆتەوە بێ، دڵنیایت لەوەی کە ژەهراوی نییە؟ مامم گوتی.

لەوەوبەر گەلێکم لێ گرتوون. من گوتم.

مارمێلکەکەم لە مامم نزیککردەوە، هەوڵی دەدا خۆی وا نیشان بدات کە ناترسێ.

چەند خنجیلە و نازدارە، وا نییە؟ مامم ئەوەی گوت. دەنگی جۆرێک لە لەرزینی پێوە بوو.

دەتەوێت بە دەستی خۆت بیگریت؟ من گوتم.

نەخێر، تۆ خۆت بیگرە. من قەت لەوەوبەر لەو جۆرە شتانە نزیک نەبوومەتەوە. دەبینم چاویشی هەیە.

پێم وا بێت ئێمە ببینێ. مامم گوتی.

پێم وا بێت دەتوانێت، ئێستا لە تۆ وردەبێتەوە. من گوتم.

مامم ڕێکوڕەوان دەیڕوانییە چاوی مارمێلکەکە. مارمێلکەکەش ڕاستەوڕاست دەیڕوانییە چاوی مامم. هەروەها بۆ نیو خولەکێک هەردوو چاویان بڕیبووە چاوی یەکدی و دواتر مارمێلکەکە ملی بە ئاڕاستەیەکی دیدا جوولاند و سەری بۆ خوارەوە شۆڕ کردەوە و تەماشای خوارەوەی دەکرد. مامم هەناسەیەکی دڵنیایی هەڵکێشا.

پێم وا بێت هەزاران گیانداری لەو جۆرە بتوانن پێکەوە پیاوێک بکوژن. مامم گوتی.

ئەوان هەرگیز بەو ژمارە زۆرە دەرناکەون. من گوتم. تۆ زۆر بەئاستەم بۆت دەکرێ لە هەر جارێکدا لە یەک دانە زیاتریان ببینیت.

گەورەکەیان. مامم گوتی. دوور نییە بتوانێ پیاوێک بخوات.

ئەوان بەو جۆرە گەورە نابن، هەموو گەورەبوونەکەیان ئەمەیە کە دەیبینیت. من گوتم.

پێدەچێ بەگوێرەی ئەو گیاندارە بچووکە، دوو چاوی ترسناکی هەبێت. تۆ دڵنیایت لەوەی کە پێی ئاساییە تۆ ئاوا هەڵتگرتووە؟ مامم گوتی.

پێم وا بێت هەر ئەوەندەی فرێتدایەوە سەر زەوی، ئیدی هەمـوو ئەوەیـان لە یـاد بچێـتەوە کە پێـشتر ڕووی داوە. مـن گوتم.

بەڕاستی بەو جۆرە بیری لێ دەکەیتەوە؟ مامم گوتی.

پێم وا نییە یادەوەرییەکی باشیان هەبێت. من گوتم.

مامم خۆی ڕاستکردەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

ئەو گیاندارە بچکۆلەیە بخەرەوە خوارێ، با هەوڵ بدەین بە هـیچ جۆرێـک لەگەڵ ئەو گیانـدارە بێگوناهـانەی خوداوەنـدی گەورەدا دڵـڕەق نەبـین. ئەگەر ژەهـراوی نەبـن و هەر هێنـدەی مـــشکێک گەورە بـــن و بە ژمـــارەی زۆر نەیەنە دەرەوە و یادەوەرییەکیشیان نەبێ لەبارەیەوە شتێک بڵێن، ئەوا ڕێگە بدە ئەو گیانـدارە ترسـنۆکە بچێـتەوە سـەر زەوی. بـا لەگەڵ ئەو گیاندارە بچکۆلانەی کە لەم سەر زەمینە لەگەڵمان دەژین، نەرم و نیان بین. مامم ئەوەی گوت.

بەڵێ، گەورەم. من گوتم.

دەسـتم بـۆ مـارمێلکەکە نـزم کـردەوە خـوارێ و خـستمەوە سەر زەوی.

زۆر بە ناسـکی داینێـرەوە. مـامم گـوتی. بـا زەرەر و زیـان بەو گیاندارانەی ناو خاکەکەی من نەگات.

مارمێلکە دوورکەوتەوە.

ئەو گیانـدارە خنجیلانە، بـۆ چەنـدین سـەدە دەچێت لەسـەر ئەم جۆرە خاکە دەژین. من گوتم.

چەندین سەدە؟ مامم گوتی. تۆ لەوە دڵنیایت؟

زۆر دڵنیا نیم. مـن گـوتم. بەڵام پێشبینیی شـتێکی وایـان لـێ بکە. هەرچۆنێک بێ ئەوانە هەر لێرەن.

مامم چاوی بەناو زەوییەکەی خۆیدا دەگێڕا و لەو گژوگیا خۆرسکانەی دەوروبەر و ئەو تۆپی دڕکودالانەی تێوەی ئالابوون ورد دەبووەوە و لەو ئاسمانەش کەوتبووە سەرروویانەوە.

بە درێژایی ئەو هەموو ماوە دوورودرێژە، چییان خواردووە؟ مامم هاواری کرد.

من نازانم. من گوتم.

پێت وایە دەبێت چییان خواردبێت؟ مامم پرسیی.

پێم وا بێت جڕوجانەوەر.

جڕوجانەوەر؟ مامم لە شوێنی خۆی قیژاندی. چ جۆرە جڕوجانەوەرێک؟

بەزۆری مێشوولە. من گوتم. ناوەکانیان بە تەواوی نازانم. دەتوانم بەیانی لە قوتابخانە ناوەکانیان بدۆزمەوە.

بەناو ئەو خاکە وشکوبرنگەدا درێژەمان دا بە ڕێوڕۆیشتنەکەمان و کاتێک گەیشتینە ئەو شوێنەی هەموو چاڵی بچکۆلە بوون، مامم لەوێدا وەستا و پرسیی: ئەی لەوێدا چی دەژین؟

سەگی دەشتی. من گوتم.

ئەوانە چین؟ ئەو پرسیی.

باشە. من گوتم. ئەوانە هەر بە مشکی دەشتەکی دەچن، لە خێزانی گیاندارە قرتێنەرەکانن.

ئەوانە چی دەکەن لەناو خاکەکەی مندا؟ مامم پرسیی.

ئەوان بەوە نازانن کە ئەوە خاکی تۆیە. من گوتم. ئەوان زۆر لەمێژە لێرەدا ژیان دەبەنە سەر.

من پێم وا نییە ئەو مارمێڵکەیە لەوەبەر بە هیچ جۆرێک ئاوا لە چاوی ئینسانی ڕوانیبێت. مامم گوتی.

هەروەها منیش پێم وایە. من گوتم.

پێت وایە من هیچ شڵەژانێک، یان شتێکی دیم بۆ خولڤاندبێت؟ مامم گوتی.

بە دڵنیاییەوە نازانم. من گوتم.

ئەگەر شتێکی وا ڕووی دابێت ئەوا بە ئارەزوو نەبووە. مامم گوتی. ڕۆژێک لە ڕۆژان لێرەدا خانوویەک دروست دەکەم.

من ئەوەم نەزانیوە. من گوتم.

ئەی چۆن. مامم گوتی. خانوویەکی قەشەنگ و سەرنجڕاکێش دروست دەکەم.

بەڵام ئەوە زۆر زۆر دوورە. من گوتم.

هەر سەعاتێک ڕێ بە ماشێن لە شارەوە دوورە. مامم ئەوەی گوت.

ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر پەنجا میل لە سەعاتێکدا بئاژوویت. من گوتم.

ئێ خۆ پەنجا میل لە شارەوە دوور نیین. مامم گوتی. هەر سیوحەوت میلێک دەبێ و نابێت.

باشە خۆ دەبێت هەندێک کاتیش بۆ چاڵوچۆڵی و خراپیی ڕێگەش بهێڵینەوە. من گوتم.

من باشترین خانوو لە دونیادا بۆ خۆم دروست دەکەم. مامم گوتی. چیی دی لەناو خاکەکەی مندا دەژین؟

باشە، من گوتم. سێ یاخود چوار جۆر مار لێرەدا هەن.

ژەهراوین، یان ژەهراوی نین؟ مامم پرسیی.

بەزۆری ژەهراوی نین. من گوتم. ماری زەنگۆڵەدار ژەهراوین.

مەبەستت لەوەیە لێرەدا لەناو ئەم خاکەدا ماری زەنگۆڵەداریش هەن؟ مامم گوتی.

ئەم خاکە لەو جۆرە خاکانەن کە ماری زەنگۆڵەدار بەگشتی حەز دەکەن تیای بژین. من گوتم.

چەند ماری تیا دەژی؟ مامم گوتی.

چەند مار لە کوێدا، لە هەر دونمێکدا، یاخود مەبەستت لە هەموو شەشسەد و هەشتا دۆنمەکەیە؟ من گوتم.

لە هەر دونمێکدا؟ مامم گوتی.

باشە. من گوتم. من دەڵێم زۆر بە ئاسایی لە هەر دونمێکدا نزیکەی سێ مار هەن.

سێ مار لە دونمێکدا؟ مامم قیژاندی. زۆر بە ئاسایی؟

دوور نییە دوان هەبن. من گوتم.

ئەی هەر هەموو جێگەکە دەبێ چەندی تیا بێت؟ مامم پرسیی.

باشە، با بیرێکی لێ بکەمەوە. من گوتم. بۆ هەر یەک دۆنم بڵێین دوان. بۆ شەشسەد و هەشتا دۆنم نزیکەی هەزار و پێنجسەد مارێک.

هەزار و پێنجسەد مار؟ مامم گوتی.

ئاخر دۆنمێک گەورەیە. من گوتم. دوو مار بۆ دۆنمێک زۆر نییە. بە ئاستەم نەبێت ڕێکەوتیان ناکەیت.

بێ لەوە چیی دی هەن لێرەدا بژین و ژەهراوی بن؟ مامم گوتی.

من هیچ شتێکی دی پەی پێ نابەم. من گوتم. هەموو شتەکانی دی بێ زەرەر و زیانن. ماری زەنگۆلەداریش زەرەر و زیانی نییە، ئەگەر تۆ پێیان پیا نەنێیت.

زۆر باشـە. مـامم گـوتی. کە وا بێت تـۆ لە پێشـەوە بـڕۆ و هۆشـت بە ڕێگەکەوە بێ. ئەگەر هەر مارێکت بینـی، ئەوا پێـی پیـامەنێ. مـن نامەوێـت بەم یـازە سـاڵییەی تەمەنـی خـۆتەوە هیچت بەسەر بێت.

بەڵـێ، مـامی ئـازیزم. مـن گـوتم. زۆر بە وریـایی هەنگـاو دەنێم.

ئاوڕمان دایەوە و بەرەو لای ماشێنەکە گەڕاینەوە. من هـیچ مارێکم لە ڕێگە بەرچاو نەکەوتن. سواری ماشـێنەکە بـووینەوە و مامم جگەرەیەکی داگیرساند.

مـن لەو زەویــیە وشــک و بێــرونە باخچەیــەک دەهێــنمە دەرەوە. مامم گوتی.

بەڵێ. من سەرم بۆ لەقاندەوە.

من دەزانم گیروگرفتەکانم چین. مامم گوتی. دەشزانم چۆن چارەسەریان بۆ دەدۆزمەوە.

چۆن؟ من گوتم.

تۆ مەبەستت لە مارمێلکەکانە، یاخود لە ماری زەنگۆڵەدار؟ مامم پرسیی.

مەبەستم لە گیروگرفتەکانە؟ من گوتم.

ئەرێ. مامم گـوتی. یەکەمـین شـتێک کە هەوڵ دەدەم بیکەم ئەوەیە، کە هەنـدێک کرێکـاری مەکـسیکی بە کـرێ دەگـرم و کاریان پێ دەکەم.

چییان پێ دەکەیت؟ من گوتم.

خاکەکە خاوێن دەکەمەوە. مـامم گـوتی. دواتـر هەوڵ دەدەم بەدوای ئاودا بگەڕێم.

بەدوای ئاودا؟ من گوتم.

هەر زۆر بە خێرایـــی. مـــامم گـــوتی. هەر دوای ئەوەی کارێزمان لێ دا، ئیدی داوایان لێ دەکەم خاکەکەم بۆ بکێڵن و دەست دەکەم بە نەمامڵیدان.

دەتەوێت چی بڕوێنیت؟ من پرسیم. گەنم؟

گەنم؟ مامم هاواری کرد. چی لە گەنم بکەم؟ نرخی نانێک تەنیا بە پێنج سەنتە. دەست دەکەم بە ڕواندنی هەنار.

ئەی هەنار بە چەندە؟ من پرسیم.

هەنـار. مـامم گـوتی. هەنـار تـا ڕادەیـەک لەم وڵاتەی ئێمەدا زۆر ناسراو نییە.

هەموو ئەوەی دەیڕوێنیت هەنارە؟ من پرسیم.

لە مێشکی منـدا ئەوە هەیە گەلێک دار و درەختـی بـڕوێنم. مامم ئەوەی گوت.

داری قۆخ؟ من گوتم.

نزیکەی دە دۆنم دەکەم بە داری قۆخ. مامم گوتی.

ئەی داری قەیسی؟ من گوتم.

هەر زۆر بە دڵنیایی. مامم گوتی. قەیسی میوەیەکی خۆشـە. شێوەشـی جوان و سەرنجڕاکێشە و تامیشی خۆشـە. نـزیکەی بیست دۆنمێک دەکەم بە داری قەیسی.

هیوام وایە کرێکارە مەکسیکییەکان هـیچ گیروگرفتێکیـان لە دۆزیـنەوەی ئـاودا نەیەتە ڕێ. مـن گـوتم. تـۆ بڵێـی لەژێـر ئەم خاکەدا ئاو هەبێت؟

بە دڵنیاییــەوە هەیە. مـامم ئەوەی گـوت. گرنگتـرین شـتێک ئەوەیە کە هەنگـاوی یەکەم بنێـین. مـن داوا لە کرێکارەکـانیش دەکەم هۆشـیان بە خۆیـانەوە بێت لە مـار. داری هەنـار، داری قۆخ و داری قەیسی، چیی دییش؟

داری هەنجیریش؟ من پرسیم.

سی دۆنمیش بۆ داری هەنجیر. مامم گوتی.

ئەی داری توو؟ من گوتم. داری توو یەکێکە لە دارە هەرە جوانەکان.

داری توو. مامم گوتی. زمانی هێنایە دەر و بە چواردەوری دەمیدا گێڕای. دارێکی جوانە؛ دارێکە کە من زۆر لە کۆنەوە دەیناسم. تۆ چەند دۆنمی بۆ پێشنیار دەکەیت؟

ئەوەندەی دە دۆنمێک. من گوتم.

با وا بێت. ئەو گوتی. چیی دی؟

داری زەیتوونیش جوانن. من گوتم.

بەڵێ بە دڵنیاییەوە. مامم گوتی. یەکێکە لە درەختە زۆر نازدارەکان. ئەوە دە دۆنمیش بۆ درەختی زەیتوون. چیی دییش؟

باشە. من گوتم. پێم وا نییە داری سێو لەناو ئەو جۆرە خاکەدا بە باشی گەورە بێت.

پێم وا نییە. مامم گوتی. هەرچۆنێک بێت من خۆشیم بە دارسێو نایەت.

مامم ماشێنەکەی هەڵکرد و بەناو ئەو خاکە وشک و بێرونەدا خۆی گەیاندەوە سەر ڕێگەکە. تا ئەو کاتەی بە تەواوی گەیشتینەوە سەر ڕێگەی گشتی، ماشێنەکە زۆر بە هێواشی و بەناو خاکەکەدا بەملاولادا جۆلانێی دەکرد و ئەوجا پێی نا بە گازدا و بەوپەڕی خێراییەوە دەستی کرد بە فڕین.

با شتێکت پێ بڵێم. مامم گوتی. کاتێک گەیشتینەوە ماڵێ، من پێم باشە دەربارەی ئەم باخ و باخاتەی ئێرە، بە هیچ جۆرێک لای کەس هیچ سەرەداوێک نەدرکێنیت.

بەڵێ مامە. من گوتم. لە دڵی خۆمدا گوتم، باخ و باخات؟ کام باخ و باخات؟

من دەمەوێت هەموان تووشی سەرسووڕمان بکەم. مامم گوتی. تۆ بۆخۆت داپیرەت باش دەناسیت. من ئەوەی لە مێشکمدایە لای خۆم دەیپارێزم و هەر کاتێک هەموو شتێک بەو جۆرەی خۆم دەمەوێت ڕێکوپێک بوو و ئەودەم هەموو خێزانەکە لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم و دەیانهێنم بۆ ئێرە و تووشی سەرسووڕمانیان دەکەم.

زۆر باشە مامە. من گوتم.

یەک وشە چییە لای هیچ کەسێک نایدرکێنیت. مامم گوتی.

قسەی تۆیە مامە. من گوتم.

کرێکارە مەکسیکییەکان چوونە سەر کار و دەستیان کرد بە خاوێنکردنەوەی خاکەکە و نزیکەی دە دۆنمیان لە خاکەکە بە درێژایی دوو مانگ تەواو کرد. ئەوان حەوت کەس بوون و بە داس و خاکەناز دەستیان کرد بە ئیشکردن. بە هیچ جۆرێک فریان بەسەر هیچ شتێکەوە نەبوو و هەموو شتێک بۆ ئەوان شوێنی سەرسووڕمان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووی خۆیان لە هیچ شتێک تاڵ نەدەکرد و گلەییەکیان لە دەم نەدەهاتە دەرێ. ئەوان پارەی خۆیان وەردەگرت و ئەوەش بۆ ئەوان جێی بایەخ بوو. ئەوان دوو برا و کوڕەکانیان بوون. ڕۆژێکیان برا گەورەکەیان کە ناوی دیگۆ بوو، زۆر بە ئەدەبەوە لە مامی پرسی: ئەوەی ئەوان سەرقاڵین، دەگات بە کوێ؟

**سەنیور**. دیگۆ گوتی. داوات لێ دەکەم دڵگران نەبیت، ئێمە بۆچی ئەو دڕکوداڵە ڕادەماڵین؟

من ئەم خاکە دەکەم بە شینایی. مامم گوتی.

کرێکـــاره مەکـــسیکییەکانی دی بە زمـــانی مەکـــسیکی لە دیگۆیـان پرسـی کە مـامم سـەرقاڵی چییە و دیگۆش نیازەکەی مامی بۆ ڕوونکردنەوە.

ئەوان بڕوایان بەوە نەبوو ئەو ڕەنجەی دەیکێشن هیچی لێ شین بێ و پێشیان خۆش نەبـوو ئەوە بە مـامم بڵێن. هەر ئەوە بووە سووربوون لەسەر ڕامالینی دڕکودالّ.

دڕکوداڵ هەر ئەوە بوو بۆ ماوەیـەک لە شـوێنی خـۆی بـزر دەبـوو، نەدەمـا و ئیـدی دواتـر ئەو خـاکەی خـاوێن کرابـووەوە دڕکـودالّی تـازەی لە شــوێن دەهــاتەوە. مـامم ئەو تێبینیــیەی بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە وەرگرت.

بۆ ئەوەی لە دەست دڕکـوداڵ ڕزگارتـان بێ، دەبێ زۆر بە باشی ئەو خاکە بکێڵرێت. من گوتم. دەبێ لە ڕەگەوە دڕکەکان لەناوبەرن.

مـامم ئەو گـرفتەی لەگەڵ ڕایـن بـاس کـرد. رایـن ئەو کەسـە بـوو کەلـوپەلی کـشتوکاڵیی دەفرۆشـت. ڕایـن پێـی گوتبـوون خۆتـان بەوە دەسـتخەڕۆ مەکەن کە بتـوانن بە هـۆی ئەسـپەوە بەسەر کێڵانی ئەو خاکەدا زاڵ بن. کەرەسەی تازە و هاوچەرخ ئەوەیە کە مەکیـــنەی تراکتـــۆر لەو خـــاکەدا بـــخەنە کـــار و کاروباری ساڵێک بە ڕۆژێک تەواو بکەن. ئیدی مامم تراکتۆری جـــان دیــری، کــڕی. هەتـــا بڵێـــی تراکتـــۆرێکی جـــوان بـــوو. بەردەستێکی میکـانیکیی ڕایـن هـات و دیگـۆی فێـری ئەوە کـرد چۆن ئەو تراکتۆره کار پێ بکات. ڕۆژی دواتـر کە مـن و مـامم پێکەوە چووین بۆ نـاو خـاکەکە، بینیمـان تراکتـۆرەکە لەنـاو ئەو وێـرانەیەدا دەهـات و دەچـوو و گوێمـان لە هەراوزەنـای بـوو، هەر وەکو شێتوهار لەو بیابـانە چۆڵوهـۆڵەدا دەنگـی دەگەیـشتە

کەشــکەڵانی ئاســمان. دەنگێکــی ترســناکی هەبــوو، هەر زۆر ترسناک. مامم پێی وا بوو هەر زۆر نایابە.

پێـشکەوتن. مــامم گــوتی. تــۆ ئەمــڕۆ لەنــاو ڕۆژگــارێکی هاوچەرخدا دەژییت. دە هەزار ساڵ لەمەوبەر سەد پیاو یەک هەفتەیـان پێـدەچوو و تـا ئەوە ڕاپەڕێـنن کە ئەو تراکتـۆرە لە یەک ڕۆژدا ئەنجامی دەدا.

دە هەزار ساڵ لەمەوبەر؟ مـن گـوتم. هەر وەکـو ئەوە وایە دوێنێ بێت.

هەر چۆنێـک بــێ. مــامم گــوتی. هــیچ شــتێک ناگــاتە ئەو ئاسوودەگییە هاوچەرخانەی ئەمڕۆ.

تراکتۆر ئاسوودەگی نییە. من گوتم.

ئەی کەواتە چیــیە؟ مــامم پرســیی. ئەی شــوفێرەکەی تیــا دانانیشێت؟

ناتوانێ زۆر بە باشی لەناویدا دابنیشێت. من گوتم.

ڕۆژگارێکیش دێت زۆر بە باشـی بتوانێت تیـای دابنیـشێت. مامم گوتی. ئەوە ئاسوودەگییە. دەتوانی فیکە بکێشی؟

ئەرێ دەتوانم. من گوتم. چ جۆرە گۆرانییەکت دڵ پێوەیە؟

گۆرانی؟ مامم پرسیی. مـن نامەوێت گـوێم لە هـیچ جـۆرە گۆرانییەک بێ. تەنیا دەمەوێت فیکەیەک بۆ ئەو مەکسیکییانەی ناو تراکتۆرەکە بکێشیت.

بۆچی؟ من پرسیم.

مەپرسـە بـۆچی. مـامم گـوتی. تەنیـا فیکەیـەک بکێـشە. مـن دەمەوێــت ئەوان بــزانن کە ئــێمە لێــرەین و خۆشــیمان بە کارەکەی ئەوان دێ. لەوە دەکات بیست دۆنم خاکی کێڵابێت.

ئەرێ. من گوتم.

دوو پەنجەی هەر دەستێکم هاویشتە ناو دەمم و بە هەموو هێزی خۆم فوویەکم پیا کرد. دەنگێکی گەورە و خۆش بوو. هەرچۆنێک بێ بەوە نەدەچوو دیگۆ گوێی لێم بووبێت. دیگۆ زۆر لە منەوە دوور بوو. ئیدی هەردووکمان بەرەو لای ئەو کەوتینە جووڵە. من نەمدەزانی بۆچی مامم ئەوەی دەخواست کە فیکەی بۆ بکێشم.

جارێکی دی دووبارەی بکەرەوە. مامم گوتی.

جارێکی دی فیکەیەکی دیم بۆ کێشا، دیگۆ ئەوەشیانی گوێ لێ نەبوو.

بەرزتر تێهەڵکە. مامم گوتی.

جاری داهاتوو هەرچی هێز و توانام هەبوو لە خۆمدا کۆمکردەوە و فیکەیەکم کێشا و مامم لەحەژمەتا بە هەردوو دەستی گوێیەکانی خۆی داپۆشی. ڕەنگم سوور هەڵگەرا. ئەوجارە مەکسیکییەکان گوێیان بە فیکەکەمەوە بوو و تراکتۆرەکەیان هێواش کردەوە و پێچیان بەرەو لای ئێمەوە پێکردەوە و ڕێکوڕەوان بەرەو لای ئێمەوە هاتن.

دەتەوێ ئەوان بەرەو لای ئێمەوە بێن؟ من پرسیم.

گوێ مەدەرێ. مامم گوتی.

خێراتر لە خولەک و نیوێک تراکتۆرەکە و ئەو مەکسیکییەی بەسەر تراکتۆرەکەوە بوو گەیشتنە لای ئێمەوە. لەوەدەچوو مەکسیکییەکە دڵی بەو فیکەیە کرابێتەوە. تەپوتۆزی لە خۆی تەکاند و ئەو خاکوخۆڵەی لە ڕەنگی نیشتبوو، خاوێنکردەوە و لە تراکتۆر خۆی هەڵدایە خوارێ و بەرەو لای ئێمە هات.

سەنیور، هەتا بڵێی سەرنجراکێشە. مەکسیکییەکە گوتی.

ئاسوودەم کە ئەو تراکتۆرە دڵی تۆی خۆش کردووە. مامم گوتی.

پێت خۆشـه کەمێک سـواری بن؟ مەکسیکییەکە لە مـامـی پرسیی.

مامم دڵنیا نەبوو لەوەی چی بکات و تەماشایەکی منی کرد.

برۆ خۆت هەڵبدەرە سەری. مامم گوتی. کەمێک سوار بە.

دیگۆ چووەوە ناو تراکتۆرەکە و یاریدەی منی دەکرد بگەمە سـەرەوە. ئەو لەسـەر کورسـییە ئاسـنەکە دانیـشت و منـیش لە پــشتی ئەوەوە وەســتام و تونــد دەســتم بەوەوە گرتبــوو. تراکتۆرەکە لە شوێنی خۆی کەوتە جۆلانێ و لە چاوتروکانێکدا بـۆی دەرپەڕی و کەوتە جـووڵە. زۆر بە ناسـکی دەجـوولا و دەنگێکـی زۆری لێـوە دەهـات. کـابرای مەکـسیکی بازنەیـەکـی گەورەی کێـشا و ئەوجـا بەرەو لای مـامم گەڕایەوە. بـازێکم هەڵدایە خوارەوە.

زۆر باشە. مامم بە کابرای مەکسیکیی گوت. ئێستا دەتوانی بچیتەوە سەر کارەکەی خۆت.

کابرای مەکسیکی تراکتۆری گەڕاندەوە ئەو شـوێنەی کە لە کێڵان وەستابوو.

مـامم تـاوەکو دوای ئەوە بە چەنـد مـانگیش بـۆی نەکـرا ئـاو وەدۆزێت. لێرەولەوێی خاکەکەی بە هەموو لایەکدا بیری لێ دا و لە هـیچ جێگەیـەکەوە نەگەیـشتە تەڕایـی. ئەگەرچـی مـاتۆری ئاوڕاکێشانیـشی هەبـوو، کەچـی چۆرێـک ئـاو چیـیە نەهــاتە دەرەوە. **ڕۆی** و دوو بــرای بچکــۆلانەی، ئەوەی لە بیرلێــدان گەلێک شارەزا و لێهاتوویی هەبوو لە تەکساسەوە بەرەو لای ئێمە هات و کەوتنە پشکنین و لێکۆڵینەوەی خـاکەکە. ئەوان بە مامميـان گوتبـوو هەرچۆنێک بـووە ئـاوی هەر بـۆ دەدۆزنەوە. ئەو هەوڵەش ســێ مــانگی خایانــد و بــێ لە چــۆڕە ئــاوێکی قوڕاوی، هیچی دیی لێ شین نەبوو. ئاوێکی بێهێز و قوڕاوی

بوو. پشکنەرەکە گرفتەکەی بۆ مامم شیکردەوە و پێی گوت لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا ئاوەکە بەهێز دەبێ و بۆخۆشی گەڕایەوە بۆ تەکساس.

ئیدی نیوەی خاکەکە جوان خاوێن کرابووەوە و بە باشی کێڵرابوو و ئاویش دۆزرابووەوە و کاتی ئەوە هاتبوو کە دەست بە نەمامڵێدان بکرێت.

دەستمان کرد بە ڕواندنی داری هەنار، داری هەنار لە هەرە باشترین و لە هەرە گرانترینیان پەیدا کرابوو. حەوتسەد نەمامی هەنار لێدرا.

من بۆ خۆم سەد داری هەنارم ڕواند. مامم بە دەستی خۆی چەند دانەیەکی کەمی ڕواند. هیچ کەسێک لە ژیانیدا ئەوەی نەدیبوو کە چۆن بیست دۆنم باخی هەنارمان لەو خاکە وشکوبرنگەدا لێ دا، کە تاوەکو نزیک گردەکە درێژ دەبووەوە. دیمەنێکی هێندە دڵڕفێن و ئەندێشەیەکی هێند بێهودە بوو، کە مامی تەواو دێوانە کردبوو. تەنیا گرفتێک ئەوە بوو کە پارەکەی مامم لەوێدا هەمووی تەواو بوو. لەجێی ئەوەی درێژە بە کارەکەی بدات و هەموو ئەو شەسسەد و هەشتا دۆنم زەوییە خواروژووری بکات بە باخ و باخات، بڕیاری دا لەوێدا ڕابوەستێت و هەموو توانا و کاتەکانی خۆی بۆ ئەو باخی هەنارانە تەرخان بکات.

تەنیا هەر بۆ ساتەوەختی ئێستا دەوەستین. مامم گوتی. تا ئەو کاتەی بەروبوومی هەنارەکان ڕەوانەی بازاڕ دەکەین و پارەکەی خۆمان دەردەهێنینەوە.

ئەرێ. من گوتم.

من زۆرێک لەوە دڵنیا نەبووم، بەڵام ئەوەم هێنابووە پێش چاوی خۆم کە بە لایەنی کەمەوە تا دوو سێ ساڵی تریش بە

هیچ جۆرێک لەو نەمامە ساوایانە تاقە هەنارێک چییە لێی گردناکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچم نەگوت. مامم دەستی نا بە ڕووی کرێکارە مەکسیکییەکانەوە و لەوەودوا من و ئەو هەردوو پێکەوە کاروباری باخەکەمان ڕادەپەڕان. خاکێکی گەورەوگران و تراکتۆرێکیشمان لە بەردەستدا بوو، ئیدی ناوەناوە خۆمان دەگەیاندە کێڵگەکە و سواری تراکتۆرەکە دەبووین و دەکەوتینە هەڵکەندن و فڕێدانی دڕکوداڵ و پاککردنەوە و گێرەکردنی زەویی دەوروبەری دارهەنارەکان. ئەو کارەش ماوەی سێ ساڵی خایاند.

ڕۆژێک لە ڕۆژان؛ مامم گوتی. دەبینی نازدارترین باخ لە دونیادا لە نێوجەرگەی ئەو بیابانەدا سەوز دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی ئاو لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا بەرەو باشبوون نەدەڕۆی. جارجارێک لەپڕێکدا ئاوەکە کەمێک بڵقەبڵقی بۆ دەکرد و تۆزێکی لەسەر دەڕۆیشت و مامیشم بەوە گەلێک ئاسوودە دەبوو، بەڵام هەر ڕۆژی دوایی ئاوەکە ڕەنگی دەبووەوە بە قوڕ و هەر ئەوەندەی تۆزێکی لێدەمایەوە. دارهەنارەکان زۆر ئازایانە شەری مانونەمانیان دەکرد، بەڵام ئەوسا و ئێستاش بۆیان نەلوابوو ئەوەندە ئاو بخۆنەوە کە بەروبوومێک بەبەر بهێنن. لەدوای چوارەمین ساڵ، هەندێک چرۆیان کرد. ئەوەش گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ مامم. هەر کاتێک لێی دەڕوانین، دڵ و دەماخی پڕ دەبوون لە شادی.

هەرچۆنێک بوو لەو چرۆیانەش هیچی لێ نەهاتنە دەر. هەر ئەوەندە بوو کە زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوون و هیچی دی. دونیایەکی ئەرخەوانی و پڕ لە تەنیاییان دەنواند. ئەو ساڵە مامم سێ هەناری چکۆلەی لێ خڕ کردنەوە. من یەکێکیانم

خــوارد و بۆخۆشــی یەکێــک و ئەوەکەی دیــشمان لە ژووری نووسینگەکەی هەڵگرتبوو.

ســاڵی داهــاتوو تەمەنــم گەیــشتبووە پــانزە ســاڵان. گەلێــک پێــشهاتی خــۆش و سەرنجڕاکێــشم هــاتبوونە ڕێ و گەلێــک بەرهەمــی نووســەرانی باشــم خوێنــدبوونەوە و باڵاشــم هێنــدە هەڵچووبوو کە وەکو باڵای مامی لێ هاتبوو. باخەکە هێشتا نهێنییەک بوو لەنێوانماندا. ئەو نهێنییەش لەسەر مامم پارەیەکی زۆر کەوتبوو، بەڵام ئەو هەمیشە کەوتبووە ژێر ئەو ڕوانینەوە، کە زۆر ناخایەنێــــت، بەروبــــوومی هەنارەکــــانی ڕەوانەی بازاڕەکـان دەکـات و پـارەکەی خـۆی بەدەسـت دەهێنێـتەوە و درێژە بەو پلانەشی دەدات کە لەو بیابانەدا باخەکەی پەرە پێ بدات. درەختەکان باشیان نەدەنواند. کەمێک گەورە بووبوون، بەڵام زۆر بە گرانی هەستت بەوە دەکرد. هەندێکیشان زەرد و سیس بوون و وشکیان کرد.

ئەوە ڕووداوێکی ئاساییە. مامم گوتی. بیست درەختێک لە هەر دۆنمێک ئەوە کارێکی زۆر ئاساییە. بۆ دەمی ئێستا هیچ درەختێکــی تــازە نــاڕوێنین و ئەوە هەڵــدەگرین بــۆ ڕۆژانــی داهاتوو.

ئەو هێشتا هەر پارەی زەوییەکەی دەدا. لە ساڵی داهاتوودا نزیکەی دووسەد هەنارێکی لە دارهەنارەکان لێکردەوە. من و ئەو پێکەوە هەنارەکانمان کۆکردنەوە. هەنارەکان هەتا بڵێی خراپ و بێکەڵک بوون. ئێمەش لە کارتۆنی جوان و ناسکمان هاویشتن و مامم بۆ یەکەی داهاتی کشتوکاڵی ڕەوانە کردن بۆ شاری شیکاگۆ. هەر هەموو یانزە کارتۆن دەبوون.

مانگێــک تێــپەڕی و هــیچ هەواڵێکمــان لە یەکەی داهــاتی کـشتوکاڵییەوە بـۆ نەهـاتەوە و ئەوەنـدەی پـێ نەچـوو مـامم

تەلەفۆنێکی دەرەکیی بۆ کابرا کرد کە ناوی دی ئاگۆستینۆ بوو. کابرا بە مامی گوت کە هیچ کەسێک بە هەنارەکانی ئەو ڕازی نابێت.

مامم لە کابرای پرسی، تۆ بۆ هەر کارتۆنێک داوای چەندیان لێ دەکەیت؟ مامم لە تەلەفۆنەکەوە بەسەر کابرادا دەیشیراند.

دی ئاگۆستینۆ لە بەرانبەر مامدا شیراندی و گوتی: بۆ هەر کارتۆنێک، یەک دۆلار.

ئەوە هەر پارە نییە. مامم جارێکی دی شیراندی. من یەک سەنت لە پێنج دۆلار بۆ هەر کارتۆنێک کەمتر بێت، وەریناگرم.

دی ئاگۆستینۆ، جارێکی دی شیراندی و گوتی: کەس بە یەک دۆلاریش پرسیاری ناکات.

چۆن شتی وا دەبێت؟ مامم پرسیی.

کەس نازانێت ئەوانەی تۆ ناردووتن چین. دی ئاگۆستینۆ بەدەم نەڕەیەکەوە ئەوەی گوت.

کابرا تۆ هەرچۆنێک بووە پێم نالێی چ جۆرە کاسپێکی؟ مامم تا هێزی تیابوو، نەڕاندی. ئەوانە هەنارن هەنار. بۆ هەر کارتۆنێکی داوای پێنج دۆلاری لێ دەکەم.

بۆ من پارە ناکەن. کابرا بەدەم نەڕەیەکەوە ئەوەی گوت. من بۆ خۆم دانەیەکم لێ خواردوون و هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشم هەست پێ نەکردووە.

تۆ شێتیت. مامم بەدەم تووڕەییەوە نەڕاندی. هیچ میوەیەک لە دونیادا نییە شان لە شانی هەنار بدات. پێنج دۆلار بۆ کارتۆنێکیش هێشتا پارەی نیوەی نییە.

ئێستا دەتەوێت من چییان لێ بکەم؟ دی ئاگۆستینۆ بەدەم نەڕەیەکەوە ئەوەی گوت. بۆ من پارە ناکەن و من بە هیچ جۆرێک نامەوێن.

تێگەیشتم. مامم ئەوەی بەدەم سرپەیەکەوە درکاند. بۆمی ڕەوانە بکەرەوە، بە پۆستی خێرا بۆمیان بنێرەوە.

ئەو تەلەفۆنە دەرەکییە لەسەر مامم هەڤدە دۆلار کەوت.

ئەوەندەی پێ نەچوو یانزە کارتۆنەکە گەڕایەوە.

من و مامم زۆربەی هەنارەکانمان خوارد.

ساڵی داهاتوو مامم چیی دی بۆی نەکرا پارەی کرێی زەوییەکەی بدات. سەنەدی زەوییەکەی بۆ کابرای خاوەنی ڕەسەنی خۆی گەڕاندەوە. من لەو کاتەدا ئەو ڕۆژە لە نووسینگەکەی بووم.

بەڕێز گریڤز. مامم گوتی. ناچارم زەوییەکەت بۆ بگەڕێنمەوە، بەڵام پێم خۆشە داخوازییەکی بچکۆلانەت لێ بکەم. من نزیکەی بیست دۆنمێک دارهەنارم لەنێو ئەو خاکەی ئێوەدا ڕواندووە، گەلێک خزمەتگوزارتان دەبم گەر ڕێگەم بدەیت خزمەتی ئەو دارهەنارانە بکەم.

دەتەوێ خزمەتیان بکەی. بەڕێز گریڤز گوتی. پێم ناڵێی ئەوانە دەبێ چی بن؟

مامم ویستی ئەو مەسەلەیەی بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڵام هەرچیی کرد و کۆشا بۆی نەکرا. زۆر سەختە بتوانی مەسەلەیەک بۆ کەسێک ڕوون بکەیتەوە کە هەرچی بەزەییە لە دڵیدا نییە. ئیدی مامم هەم خاکەکە و هەم دارهەنارەکانیشی لەدەست چوون.

دوای سێ ساڵێک بەدوای ئەو ڕۆژەدا، من و مامم پێکەوە ڕوومان کردەوە ئەو خاکەی دارهەنارەکانی تیا ڕوابوون.

دابەزیـــین و بە پــێ لە بــاخەکە چــووینە پێــشەوە. هەمـــوو درەختەکـان وشـک بووبـوون. خـاکەکە پـڕی بووبـووەوە لە دڕکوداڵ و هەتا بڵێی خاکێکی سەخت و دژواری دەنواند.

بێ لە چەند دارهەنارێکی وشک و مردوو، ئەو خاکە هەر بەو خــاکەی ڕۆژگارەکـانی ڕابــردووی خـۆی دەنوانــد. بــۆ قەدەرێـک بەنـاو بـاخەکەدا گەڕاین و دواتـر گەڕاینەوە بەرەو ماشێنەکە. سواری ماشێن بووین و کەوتینە جووڵە و ڕووەو شـــار گەڕایـــنەوە. لە ڕێـــگە هیچمـــان نەگـــوت، لەبەر ئەوەی دونیایەک مەسەلەی تاڵ و سوێر هەبوون باسی لێوە بکەین و زمان بۆی نەدەکرا خۆی لە قەرەیان بدات.

## ئەو پیاوەی بە دڵێکەوە بوو لە بەرزاییەکان

ساڵی هەزار و نۆسەد و چواردە، کاتێک من هێشتا تەمەنم شەش ساڵانی پڕ نەکردبووەوە، پیرەمێردێک بەدەم شمشاڵژەنینەوە لە شەقامی سان بەنیتۆ دەهاتە خوارێ و لەپێش دەرگەکەماندا وەستا. من ڕامکردە نێو دەمی دەرگا و لە گۆشەیەکدا وەستام و چاوەڕوان بووم تا جارێکی دی دەست بکاتەوە بە ژەنین، بەڵام ئەوە بوو جارێکی دی شمشاڵی نەژەنی.

من گوتم: پێم خۆشە گوێم لێت بێ ئاوازێکی دی بچڕیت.
ئەویش گوتی: کوڕە لاوەکە دەکرێت پەرداخێ ئاو بۆ پیرەمێردێک بهێنیت کە دڵی لێرە نییە و وا لە بەرزاییەکان؟

لە کام بەرزاییانە؟ من گوتم.

پیرەمێردەکە گوتی: لە بەرزاییەکانی سکۆتلەندە. دەتوانی پەرداخێ ئاوم بۆ بهێنیت؟

دڵت لە بەرزاییەکانی سکۆتلەندە چی دەکات؟ من گوتم.

دڵم لەوێ غەمگینە. پیرەمێردەکە گوتی. دەکرێت پەرداخێ ئاوی ساردم بۆ بهێنیت؟

دایکت لە کوێیە؟ من گوتم.

دایکم لە تۆلسەی ئۆکلاهۆمایە. پیرەمێردەکە گوتی. بەڵام دڵی لەوێ نییە.

ئەی دڵی لە کوێیە؟ من گوتم.

له بەرزاییەکانی سکۆتلەندەیە. پیرەمێردەکە گوتی. کوڕی لاو، من زۆر تینوومە.

چۆن دەکرێ ئەندامەکانی خێزانی ئێوە هەمیشە دڵیان لە بەرزاییەکان جێ هشتبێ؟ من گوتم.

ئێمە ئاوەها بەو جۆرە دەژیین. پیرەمێردەکە گوتی. ئەمڕۆ لێرەین و سبەی لێرە نیین.

ئەمڕۆ لێرەن و سبەی لێرە نیین؟ من گوتم. ئەوە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

تاوێک دەژیین و تاوێکی دی مردووین. پیرەمێردەکە گوتی.

ئەی داپیرەت لە کوێیە؟ من گوتم.

ئەو لە ڤێرمۆنتە، لە شارۆچکەیەکی بچکۆلەیە بە ناوی ڕووباری سپی، بەڵام دڵی لەوێ نییە. پیرەمێرد گوتی.

دڵە هەژار و پەشموردەکەی ئەویش لە بەرزاییەکانە؟ من گوتم.

زۆر جوانت پێکا لە بەرزاییەکانە. پیرەمێرد گوتی. ڕۆڵە من خەریکە لە تینوا دەخنکێم.

باوکم هاتە ناو دالانەکە و هەر وەکو شێرێک کە تازە لە خەونێکی شێتانەی خۆی بەئاگا هاتبێ، نەڕاندی.

جانی. باوکم نەڕاندی. لە کۆڵ ئەو پیرەمێردە داماوە وەرە خوارێ و بەرلەوەی لەوێدا بکەوێ و ڕۆحی دەربچێت، بڕۆ لیوانێک ئاوی فریا بخە. ئەوە تۆ چ ڕەفتارێکی بێمێشکانە دەنوێنیت؟

بۆ ناکرێ تەنیا جارێکیش شتێک لە ڕێبوارێک هەڵبکرێنیت؟ من گوتم.

تۆ هەندێک ئاو فریای ئەو پیرەمێردە چاکە بخە. باوکم گوتی. خودا لەناوت بەرێ، هەر وەکو پەیکەرێک لەوێدا

ڕامەوەستە. ڕاکە بەرلەوەی لەوێدا بکەوێت و گیانی دەربچێت، بڕۆ لێوانێک ئاوی فریا بخە.

بڕۆ خۆت ئاوی بۆ بهێنە. من گوتم. بۆخۆت دەستت نەگیراوە.

من دەستم نەگیراوە؟ باوکم گوتی. بۆچی وا دەڵێی جانی، تۆ بۆخۆت ئەی نەفرەتی زۆر باش دەزانیت کە من سەرقاڵی ئەوەم شیعرێکی تازە لە مێشکمدا دەهێنم و دەبەم.

تۆ لە کوێوە دەزانیت من دەرک بەوە دەکەم؟ من گوتم. تۆ لەوێ لەناو دالانەکەدا هەر بۆخۆت وەستاویت، قۆڵەکانی کراسەکەت لێ هەڵماڵیون و هیچ ناکەیت. چۆن دڵنیایت لەوەی کە من پەی بە شتێکی وەها دەبەم؟

باشە، تۆ بۆخۆت دەبێ ئەوە بزانیت؟ باوکم ئەوەی گوت.

پاشنیوەڕۆت باش. پیرەمێردەکە ئەوەی بە باوکم گوت. کوڕەکەت دەربارەی ئەوە بۆ من دەدوا کە ئاووهەوا لەم ناوچەیە چەند خۆش و سازگارە.

ئای خودای گەورە. من گوتم. من هیچ شتێکم دەربارەی کەشوهەوا بۆ ئەو پیرەمێردە باس نەکردووە. ئەو لە کوێوە ئەوەی لەخۆوە هێنایە گۆڕێ؟

پاشنیوەڕۆی ئێوەش باش. باوکم گوتی. نافەرموویتە ژووری بۆ کەمێک حەوانەوە؟ بەوە گەورەمان دەکەیت کە لەسەر خوانەکەمان هاوبەشیی نانی نیوەڕۆمان بکەیت.

گەورەم من خەریکە لە برسا دەمرم. پیرەمێرد گوتی. هەر ئێستا دێمە ژوورەوە.

دەتوانی ئاوازی "بەو دوو چاوانەی خۆت مەست و حەیرانم بکە" دەربهێنیت؟ من بە پیرەمێردەکەم گوت. من پێم خۆشە بەو شمشاڵەی خۆت ئەو ئاوازەمان بۆ بژەنیت. ئەوە

خۆشترین گۆرانیی منه. پێم وایە ئەو گۆرانییەم لەناو هەموو گۆرانییەکانی دونیادا پێ خۆشتر بێت.

ڕۆڵەکەم. پیرەمێرد گوتی. کاتێک دەگەیتە تەمەنی من، لەوە تێدەگەیت کە گۆرانی هیچ کات بایەخی نییە، ئەوەی جێی بایەخە، نانە.

هەرچۆنێک بێ. من گوتم. من پێم خۆشە گوێم لەو گۆرانییە بێت.

پیرەمێردەکە بەرەو دالانەکە سەرکەوتە سەرێ و لەگەڵ باوکم کەوتە تەوقەکردن.

من ناوم جاسپەر ماک گریگەرە. ئەو گوتی. من ئەکتەرم.

زۆر ئاسوودەم بە ناسینی ئێوە. باوکم گوتی. جانی بڕۆ و لیوانێک ئاو فریای ماک گریگەر بخە.

بەرەو لای بیرەکە چووم و هەندێک ئاوم ڕژاندە نێو لیوانێک و بۆ پیرەمێردم برد. هێندەی یەکودوو بینی بە لێوانی ئاوەوە نا و هەر هەمووی خواردەوە. ئەوجا سەرێکی هەڵبڕی و ڕوانییە دەوروبەر و تەماشایەکی ئاسمانی کرد و دواتر بە خوار و ژووری شەقامی سان بەنیتۆ دای هەڵڕوانی و درێژبووەوە بۆ ئەو شوێنەی کە خۆری ئێوارێ خەریکبوو لێوەی ئاوا دەبوو.

گومان دەکەم پێنج هەزار میل لەماڵەوە دوور بم. پیرەمێرد گوتی. پێت وایە بۆمان بکرێت کەمێک نان و پەنیر بخۆین تاوەکو بتوانم کەمێک وزە بهێنمەوە بەبەر جەستە و گیانمدا؟

جانی. باوکم بانگی کردم. هەڵێ بۆ لای کابرای دوکاندار و سەموونێکی فەڕەنسی و سەلکێک پەنیری لا بهێنە.

پارەم بدەرێ. من گوتم.

به بەڕێز کۆساک، بڵێ با به قەرز لەسەرمانی بنووسێت. باوکم گوتی. ئەوەی پارە بێت، پێم نییە، جانی.

ئەو نایەوێت چیی دی قەرزمان پێ بدات. من گوتم. بەڕێز کۆساک ماندوو بووە لەوەی چیی دی قەرزمان بداتێ. ئەو زۆر لە ئێمە بێزار بووە. ئەو دەڵێ ئێمە بێکار و تەوەزەلین و بۆمان ناکرێت قەرز بدەینەوە. ئێمە هێشتا چل سەنتی ئەو قەرزارین.

بڕۆ بۆ لای و هەندێک ئەملاولای لەگەڵ بکە. باوکم گوتی. تۆ بۆخۆت دەزانی چۆن ئەو کارە ڕاپەڕێنیت.

ئەو گوێ لە بڕوبیانوو ناگرێت. من گوتم. بەڕێز کۆساک دەڵێ ئەو چیی دی ئارەزووی ئەوە ناکات گوێ لە هیچ شتێک بگرێت، هەموو ئەوەی دەیەوێت چل سەنتەکەی خۆیەتی.

بڕۆ خوارەوە بۆ لای و هەرچیت کردووە لەگەڵی بیکە تاوەکو سەموونێکی فەڕەنسی و سەلکێک پەنیری لێ وەردەگریت. باپیرەم گوتی. تۆ دەتوانی ئەوە بکەیت، جانی.

کوڕەکەم بڕۆ خوارەوە بۆ لای بەڕێز کۆساک و پێی بڵێ با سەموونێک و کەمێک پەنیرت پێ بدات. پیرەمێردەکە گوتی.

بڕۆ جانی گیان. باوکم گوتی. تا ئێستا بۆ هەر شتێک چووبیت، بە دەستی خاڵی نەهاتوویتەوە، دە بڕۆ دەی هەر هێندەی دە خولەکت پێ دەچێ و بە خواردنێکی شاهانەوە دێیتەوە.

بڕوا ناکەم. من گوتم. بەڕێز کۆساک دەڵێ ئێوە بۆ من بوون بە مایەی سەر ئێشە. ئەو دەیەوێت بزانێت کە تۆ چ کارێک دەکەیت.

ئەرێ، باشە، بڕۆ و پێی بڵێ من هیچ شتێکم نییە لە کەسی بشارمەوە. باوکم گوتی. من شیعر دەنووسم. بە بەڕێز کۆساک بڵێ من شەو و ڕۆژ سەرقاڵی نووسینی شیعرم.

باشە دەچم. من گوتم. بەڵام بڕوا ناکەم هیچ سەرسووڕمانێکی بەو کارە هەبێت. ئەو دەڵێ من بە هیچ جۆرێک نابینم تۆ وەکو ئەو خەڵکانەی بێئیشوکارن لە ماڵ بڕۆیتە دەرەوە و بەدوای کاردا بگەڕێی. ئەو دەڵێ تۆ تەمەڵ و تەوەزەلیت و بەکەڵکی هیچ نایەیت.

جانی، بڕۆ و پێ بڵێ کە ئەو شێت و سەرگەردانە. باوکم گوتی. بڕۆ بۆ ئەوێ و بەو کابرایە بڵێ کە باوکی تۆ مەزنترین شاعیری نەناسراوی سەر ئەم ڕووی زەمینەیە.

لەوە دەگات بایەخ بەوە نەدات، لەگەڵ ئەوەشدا دەچم. من گوتم. هەرچیم پێ بکرێ دەیکەم.

هیچمان لە ماڵەکەدا نییە؟ تەنیا گەنمەشامی. باوکم گوتی. ئەوە بە درێژایی چوار ڕۆژە هەر گەنمەشامی دەخۆین، جانی. ئەگەر چاوەڕوانیی ئەوەم لێ دەکەیت ئەو شیعرە درێژە تەواو بکەم، ئەوا دەبێت هەرچییت کردووە بێ سەموون و پەنیر نەگەڕێیتەوە.

هەرچیم لە توانا بێت دەیکەم. من گوتم.

هەوڵ بدە زۆرت پێ نەچێت، من پێنج هەزار میل لە ماڵەوە دوورم. بەڕێز ماک گرێگەر گوتی.

بە درێژایی ڕێگە ڕادەکەم. من گوتم.

ئەگەر هەر پارەیەکت لە ڕێگە دۆزییەوە بیرت نەچێت نیوە بە نیوە لەگەڵ من دابەشی بکەیت. باوکم گوتی.

خەمت نەبێت. من گوتم.

بە درێژایی ڕێگەکە بەرەو دوکانەکەی بەڕێز کۆساک هەڵاتم، بەڵام لە ڕێگە هیچ پارەیەکم نەدۆزییەوە، تەنانەت سەنتێکیش چییە نەمدۆزییەوە. چوومە ژوورەوە بۆ ناو دوکانەکە و بەڕێز کۆساک چاوەکانی هەڵبڕین.

بەڕێز کۆساک؛ ئەگەر تۆ لە وڵاتی چین بیت و هیچ هاوڕێیەکیش شک نەبەیت و گیرفانیشت پارەی تیا نەبێت، چاوەڕێی ئەوە ناکەیت خوداناسێک لە شوێنێکەوە پەیدا بێ و کەمێک برنجت پێ بدات؟ من گوتم.

چیت دەوێت. بەڕێز کۆساک گوتی.

تەنیا دەمەوێت کەمێک بتدوێنم. من گوتم. چاوەڕوانی کەسانێک دەکەی لە ڕەگەزی خۆت دەستگیرۆییەکت بکەن، وا نییە بەڕێز کۆساک؟

چەندت پارە لەگەڵ خۆت هێناوە؟ بەڕێز کۆساک گوتی.

ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە پوول و پارەوە نییە، بەڕێز کۆساک. من گوتم. من دەربارەی ئەوە دەدوێم کە لە وڵاتی چین لێت قەومابێ و چاوەڕوانی دەستگیرۆیی خەڵکانێک بکەیت لە ڕەگەزی سپی.

من هیچ شتێک دەربارەی ئەو قسە لابەلایانە نازانم. بەڕێز کۆساک گوتی.

ئەگەر بەو جۆرە لە وڵاتی چین لێت قەومابێت، هەست بە چی دەکەیت؟ من گوتم.

نازانم، ئاخر دەبێت من لە وڵاتی چین چی بکەم؟ بەڕێز کۆساک گوتی.

باشە، ڕەنگە هەر ئەوەندە بێ کە تۆ سەردانێکی ئەوێ دەکەیت و لەوێ هەست بە برسێتی دەکەیت و هاوڕێیەک لەو دونیایەدا پەیداناکەیت.

چاوەڕوانی ئەوە ناکەیت خوداناسێک پشتت تێبکات و هەر هیچ نەبێت بە کەمێک برنج دەستگیرۆییت نەکات، وا نییە بەڕێز کۆساک؟ من گوتم.

پێم وا نییە. بەڕێز کۆساک گوتی. بەڵام خۆ نە تۆ لە وڵاتی چین لێت قەوماوە و نە باوکیشت. تۆ و باوکت دەبێ هەر هیچ نەبێت جارجارێک لە ژیانتاندا بەدووی کارێکدا سەرێک بەرنە دەرەوە. ئەگەر لە ڕابردووشدا ئەوەتان نەکردووە، ئیدی دەبێت لە ئێستاوە هەوڵێک بدەن. من ئیتر ڕێگە بە خۆم نادەم لەمەولا هیچ خواردنێکتان بە قەرز پێ بدەم، چونکە ئێوە ناتانەوێت پارەی من بدەنەوە.

بەڕێز کۆساک. من گوتم. تۆ خراپ لە من تێگەیشتوویت، من داوای ئەوەم نەکردووە خواردنێک بەرم. من دەربارەی ئەو خەڵکە دڵڕەقە دەدوێم کاتێک تۆ لە وڵاتی چینیت، بە لاتدا دێن و دەڕۆن و تۆش خەریکە لە برسا گیانت دەردەچێت.

ئێرە وڵاتی چین نییە. بەڕێز کۆساک گوتی. دەبێت هەوڵ بدەیت لە ماڵەکەی خۆت بڕۆیتە دەرەوە و لەم وڵاتەدا خۆت بژێنیت. لەم ئەمریکایەدا هەر کەسێک دەبینیت کار دەکات.

بەڕێز کۆساک. من گوتم. پێم وایە دەبێت پێویستیت بە پارچە سەموونێکی فەڕەنسی و سەلکە پەنیرێک هەبێت بۆ ئەوەی لەم دونیایەدا بە زیندوویّتی بتهێڵێتەوە. ئایا بەدوای ئەوەدا هانا بۆ خەڵکانێکی خێرەومەند نابەیت؟

بەڵێ من لە بەردەم هانابردنێکی ئاوادا تک تک ئارەقەی شەرمەزاری دەردەکەم. بەڕێز کۆساک گوتی.

تەنـــانەت ئەگەر دڵنیـــاش بیـــت لە بەرانـــبەر ئەوەدا دوو سەموون و دوو سەلک پەنیریشیان بۆ بگەڕێنیتەوە؟ من گوتم. ئەگەر سەد دەر سەدیش دڵنیا بیت بەڕێز کۆساک؟

ئەگەر دڵنیاش بم. بەڕێز کۆساک گوتی.

بەو جۆرە مەڕوانە، بەڕێز کۆساک. من گوتم. تۆ بۆخۆت دەزانیت، ئەوە جۆرە ئاخاوتنە هیچی لێ شین نابێت. بۆچی، بێ لە مردن، هیچ شتێکی دی چاوەڕێت ناکات. ئێ خۆ ناتەوێت لەوێ لە وڵاتی چین بە برسێتی سەر بنێیتەوە، بەڕێز کۆساک؟

هەرچی ڕوو دەدات بە لامەوە گرنگ نییە. بەڕێز کۆساک گوتی. تۆ و باوکت دەبێ پارەی سەموون و پەنیرەکەتان بدەن. بۆچی باوکت نارواتە دەرەوە و بەدوای کارێکدا بگەڕێت؟

بەڕێز کۆساک، هەرچۆنێک بێ تۆ بۆ خۆت چۆنیت؟

من باشم، جانی. بەڕێز کۆساک گوتی. ئەی تۆ چۆنیت؟

لەوە باشتر نابێت، بەڕێز کۆساک. من گوتم. منداڵان چۆنن؟

باشن. بەڕێز کۆساک گوتی. ستیپان خەریکە پێ دەگرێت.

هەر زۆر باشە. من گوتم. ئەنجێلا چۆنە؟

ئەنجێلا هەر خەریکی گۆرانیگوتنە. بەڕێز کۆساک گوتی. داپیرەت چۆنە؟

داپیـرەم خـراپ نیـیە. مـن گـوتم. ئەویـش هەر خەریکـی گۆرانیگـوتنە. ئەو دەڵـێ پێـی خۆشـە گـۆرانیبێژێکی ئـۆپێرا بـێ لەوەی شاژنێک بێ.

ئەی مارتای خێزانت چۆنە، بەڕێز کۆساک؟

ئۆوو، هەر قەڵەو دەبێت. بەڕێز کۆساک گوتی.

نازانم چۆن ئەوەت پێ بڵێم کە چەندێک ئاسوودەم کاتێک دەبیستم هەموان لە ماڵی ئێوەدا باشن. من گوتم.

مـن دڵنیـام ڕۆژێـک لە ڕۆژان سـتیپانی کـوڕت پیـاوێکی گەورەی لێ دەردەچێت.

هیـوام وایە. بەڕێـز کۆسـاک گـوتی. هەر ئەوەنـدەی گەورە بێت دەیـخەمە بەر خوێنـدن و هەوڵ دەدەم هەمـوو ئەوەی بـۆ مـن نەلـواوە، بـۆ ئەو بلـوێ. نامەوێـت ئەویـش وەکـو مـن ببێـتە دوکاندار.

من زۆر بڕوام بە ستیپان هەیە. من گوتم.

جـانی، چەنـدت پـارە پێیە و چیـت دەوێت؟ بەڕێـز کۆسـاک گوتی.

بەڕێز کۆسـاک، بۆخـۆت دەزانیت مـن نەهـاتووم بـۆ ئەوەی هـیچ شـتێک بکـرم. بۆخـۆت دەزانیـت جارجارێـک پـێم خۆشـە کەمێک لەگەڵ ئێـوەدا باسوخواسـێک دابمەزرێنم و هیچـی دی. سەموونێک و سەلکێک پەنیرم بدەرێ. من گوتم.

جـانی، دەبێـت لە پێـشەوە پـارەکەی بـدەیت. بەڕێـز کۆسـاک گوتی.

ئەی ئێـستەر. مـن گـوتم. ئەی توخـوا کیـژۆڵە جـوانەکەت ئێستەر چۆنە؟

ئێستەر، زۆر باشـە. بەڵام دەبێـت تـۆ لە پێشەوە پـارەکەیم بـدەیتێ. تـۆ و باوکـت دوو خراپتـرین هـاووڵاتیی ئەم نێـو مەملەکەتەن. بەڕێز کۆساک گوتی.

من زۆر خۆشحاڵم بەڕێز کۆساک کە ئێستەری ئێوە باشـە. مـن گـوتم. جاسـپەر مـاک گـرێگەر، ئەو ئەکـتەرە گەورەیە بە سەردانێک ڕێی کەوتووەتە ماڵی ئێمە.

من هەرگیز ئەو ناوەم نەبیستووە. بەڕێز کۆساک گوتی.

هەروەها بوتڵێک بیرەشم بدەرێ بۆ ماک گرێگەر. من گوتم.

من ناتوانم بوتڵێک بیرە بدەم بە ئێوە. بەڕێز کۆساک گوتی.

بە دڵنیاییەوە دەتوانیت. من گوتم.

نــاتوانم. بەڕێــز کۆســاک گــوتی. بەڵام هەر ئەوەنــدەیە سەموونێکی کۆن و هەندێک پەنیرت دەدەمێ.

جانی، باوکت ئەگەر کار بکات دەتوانێت چ جۆرە کارێک بکات؟

بەڕێز کۆساک، باوکم شیعر دەنووسێت. من گوتم. ئەو تەنیا کارێکە باوکم دەتوانێ بیکات. باوکم باشترین شاعیرە لە جیهاندا.

ئەی کەی پارەیەکی دەستدەکەوێت؟ بەڕێز کۆساک گوتی.

ئەو هەرگیز پارەی دەستناکەوێت. من گوتم. ئەگەر تەرخان و بەرکەماڵ نەبێت، هەرگیز ناتوانیت شیعرێک بنووسیت.

من حەزم لەو جۆرە کارانە نییە. بەڕێز کۆساک گوتی. جانی، بۆچی باوکت کارێک ناکات لە کاری ئەو خەڵکوخوایە بچێت؟

ئەو زۆر لەو خەڵکوخوایە لێبڕوانەتر کار دەکات. من گوتم. باوکم دوو هێندەی پیاوێکی ئاسایی ماندوو دەبێت.

باشە جانی، ئەوە پەنجاوپێنج سەنتی من قەرزار دەبن. بەڕێز کۆساک گوتی. ئەمجارەش ڕێگەت پێ دەدەم هەندێک شت بەرن، بەڵام ئەوە بۆ دوایین جارە.

بە ئێستەر بڵێ خۆشم دەوێت. من گوتم.

زۆر باشە. بەڕێز کۆساک گوتی.

لای ئێوەم خۆش بەڕێز کۆساک. من گوتم.

خوات لەگەڵ بێ جانی. بەڕێز کۆساک گوتی.

بە ســەموونێکی فەڕەنــسی و ســەلکێک پەنیــرەوە بەرەو ماڵەوە کەوتمە ڕاکردن. باوکم و بەڕێز ماک گرێگەر، لە گۆشەی کۆڵانەکە چاوەڕوانی من بوون تا دڵنیا بن لەوەی بە

دەستی پڕەوە دەگەڕێمەوە یان نا. تا نیوەی کۆڵانەکە بەرەوپیری من بە ڕاکردن هاتن و هەر ئەوەندەی دەستی پڕ لە خواردنی منیان بینی، بە خۆشییەوە و بەدەم ئاماژەیەکەوە بۆ داپیرەم کە لە دەمی دەرگای دەرەوە دانیشتبوو و گەڕانەوە. داپیرەم بە پەلە چووەوە ژووری تاوەکو مێزی نانخواردنەکە برازێنێتەوە.

دەمزانی شکست ناهێنیت. باوکم گوتی.

هەروەها منیش. بەڕێز ماک گریگەر گوتی.

ئەو گوتی دەبێت پەنجاوپێنج سەنتی بۆ بەرین. من گوتم. سەرباری ئەوەش چیی دی هیچ شتێکمان بە قەرز ناداتێ.

ئەوە بیرورای خۆیەتی. باوکم گوتی. لەمەر چییەوە باسوخوازت بۆ دامەزراند، جانی؟

سەرەتا باسی ئەوەم بۆ کرد لە وڵاتی چین لێت قەومابێ و خەریکی ئەوە بیت لە برسا بمریت. من گوتم.

دواتر کەوتمە هەواڵپرسینی خاوخێزانی.

ئەی توخوا هەموویان چۆن بوون؟ باوکم گوتی.

زۆر باش بوون. من گوتم.

ئەوجا هەر هەموومان چووینە ژوورەوە و کولێرە و پەنیرەکەمان خوارد، لەدوای ئەوەشەوە هەریەکێکمان یەک دوو لێوان ئاومان خواردەوە و ئەوجا دوای ئەوەی کە هەموو کلک و گوێی کولێرەکە خورا و گۆڕی ونبوو، بەڕێز ماک گریگەر لە ناندینەکەدا دەستی کرد بە گەڕان بە شوێن شتێکدا بخورێت.

ئەو قوتووە سەوزەی کە لەوێدایە. بەڕێز گریگەر گوتی. ئەوە چیی تیایە جانی؟

پڕە لە هەڵماتی شووشە. من گوتم.

ئەی ئەو سندووقە چییە لەوێدا؟ ئەو گوتی. هیچی وای تیایە بخورێت؟

پڕە لە تۆپی یاریکردن. من گوتم.

ئەی ئەو گۆزەیەی لە گۆشەکەدایە جانی؟ ئەو گوتی. هیچی باشی تیایە؟

ئەوە گۆڕهەڵکەنەیەکی زیندووی تیایە. من گوتم.

زۆر باشە جانی. بەڕێز ماک گرێگەر گوتی. من دەتوانم ئەو گۆڕهەڵکەنەیە بکوڵێنم.

هەرگیز ڕێگەت پێ نادەم ئەو گۆڕهەڵکەنەیە بکوڵێنیت. من گوتم.

بۆچی نا؟ ماک گرێگەر گوتی. کوڕەکەم جانی بۆچی ڕێگەم لێ دەگریت؟ من دەربارەی خەڵکانی بۆرنیۆ ئەوەم بیستووە کە خەریکی خواردنی مار و کوللەن. ئەرێ تۆ بۆم باس بکە لەم ناوە هیچ کوللەی قەڵەو و شتی وات نەبینووە، جانی؟

تەنیا چوار کوللەم بینیوە. من گوتم.

باشە بزانە بۆمیان نادۆزیتەوە جانی. بەڕێز ماک گرێگەر گوتی. من زۆر برسیمە؛ هەر دوای ئەوەش ورگم کەمێک تێر بوو، بە شمشاڵەکەم دەست دەکەم بە ژەنینی ئەو گۆرانییەی کە خۆت حەزت لێیەتی. بەو دوو چاوانەی خۆت مەست و حەیرانم بکە.

باشە دەچم. من گوتم. بەڵام نەچی ئەو گۆڕهەڵکەنەیەم بۆ بکوژیت.

باوکم لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانیشتبوو و سەری شۆڕ کردبووەوە ناو هەردوو لەپی دەستی و خەیاڵی ڕۆیشتبوو. داپیرەشم بەناو ماڵەکەدا کەوتبووە هاتوچۆ و لەبەرخۆیەوە بە دەنگێکی بەرز، بە زمانی ئیتاڵی کەوتبووە

گـوتنەوەی ئۆپێرایـەکـی پـوچینی، کە پـێم وا بـوو دەنگـی ڕۆژەڕێیەک دەچووە دەرێ.

پێت چۆنە کەمێک ئاوازیش بژەنی؟ باوکم گوتی. پێم وا بێت کوڕیژگەکە زۆری پێ شادومان دەبێت.

جانی، بۆ ئەوە سەرم پێوە نییە. بەڕێز ماک گرێگەر گوتی.

هێندەی نەبرد لە شوێنی خۆی بەرزبووەوە و فووی کرد بە شمشاڵدا و ئـاوازێکی ژەنـی، بە جۆرێک کە بـڕوا نـاکەم تـا ئێستا هـیچ کەسێک لە دونیـادا بـۆی کرابێت ئـاوا بە دڵوگیـان فـووی بە شمـشاڵدا کردبێـت. خەڵکـانی ئەو دەوروبەرە هەر هەموو گوێیان لە دەنگی شمشاڵ بوو و پێی سەرحاڵ بوون. هەژدە لە دراوسێکان لە پێشی دەرگەکەمان قووت بووبوونەوە و هەر ئەوەنـدەی بەڕێـز مـاک گـرێگەر لە ژەنینـی ئـاوازەکەی بـووەوە، هەر هەمـوو پـێکەوە دەسـتیان کـرد بە چەپڵەلێـدان. بـاوکم بەڕێـز مـاک گـرێگەری لەگەڵ خـۆی بـردە دەرەوەی حەوشێ و گوتی: دەرودراوسێ و هاوڕێ چاکەکانم دەمەوێت جاسپەر ماک گرێگەرتان پێ ئاشنا بکەم، گەورەترین ئەکتەری شانۆی شەکسپیری لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا.

هـاوڕێ و دەرودراوسـێ چاکەکانمـان هیچیـان نەگـوت و بەڕێز جاسـپەر مـاک گرێگەر گوتی: مـن یەکەمین دەرکەوتنـی خۆمم بە بیر دێتەوە لەسـەر شـانۆی لەندەن، لە سـاڵی ١٨٦٧دا کە بەلامەوە هەر دەڵێـی دوێنێـیە. ئەوەی گـوت و دەربـارەی پیـشەکەی خـۆی درێـژەی دا بە قـسەکانی. ڕووف ئەپلـی کە پیاوێکی دارتاش بوو، گوتی: پێتان چۆنە کەمێک ئاوازی دیمـان بۆ بژەنن بەڕێز ماک گرێگەر؟

بەڕێز ماک گرێگەر گوتی: ئێوە لە مـاڵی خۆتانـدا هێلکەتـان هەیە؟

بە دڵنیاییەوە هەمانە. دەستەیەک هێلکەمان لەماڵەوە هەیە. ڕووف ئەوەی گوت.

ئایا بە لاتانەوە ئاسایی دەبێت بڕۆنە ماڵەوە و لەو دەستە هێلکەیەی کە لە ماڵەوە هەتانە، تەنیا یەک هێلکەی بهێنیت؟ هەر کاتێک گەڕانەوە منیش یەک گۆرانیتان بۆ دەژەنم دڵت پڕ بکات لە خۆشی و سەرسووڕمان. بەڕێز ماک گریگەر گوتی.

ئەوا دەچـــمەوە مـــاڵێ. ڕووف ئەوەی گـــوت، بەرەو مـــاڵ بووەوە.

بەڕێز ماک گریگەر؛ لە تۆم بەیکەری پرسی: هیچ گۆشتی قیمەکراوتـــان لە مـــاڵەوە هەیە؟ تـــۆم بەیـــکەر گـــوتی گۆشـــتی قیمەکراومـان هەیە. بەڕێـز مـاک گـریگەر جـارێکی دی لە تـۆم بەیکەری پرسـی: ئەی پێتـان ئاسـایی دەبێت بـڕۆنەوە مـاڵێ و لەگەڵ گەڕانەوەتان کەمێک گۆشتی قیمەکراو بهێنن و ئەوکات منـــیش ئـــاوازێکی ئەوتۆتـــان بەم شمـــشاڵەم بـــۆ دەژەنـــم، بە درێژایـی هەمـوو ژیانتـان ئـاوازی واتـان گـوێ لـێ نەبـوو بێت. ئاوازێک سەرتاپای ژیانتان بگۆڕێت. تۆم بۆ گۆشتی قیمەکراو بەرەو ماڵەوە ڕایکرد. دواتر بەڕێز ماک گریگەر دەربارەی هەر خواردنێکی خۆش و بەتام کە لە ماڵەکانیاندا هەبێت پرسیاری لە هەر ئەو هەژدە دەرودراوســێ و هــاوڕێ چاکــانە کــرد و بەڵێنی پێ دان هەر کاتێک لەگەڵ خـواردنێکی بچکۆلەی خـۆش و بەتامدا هـاتنەوە کە بخورێت، ئەوا گۆرانییەکی ئەوتۆیـان بـۆ دەژەنێــت، کە تـــاموچێژی هەرگیـــز لە بیـــر نەچێـــتەوە. هەر هەمووشـیان سـەری ئەرێیـان بـۆ لەقانـد و بەرەو ماڵەکانیـان بـوونەوە. کـاتێکیش هەر هەمـوو ئەو دەرودراوسـێ و هـاوڕێ چاکـانە هەریەکەیـان بە دەسـتی پڕ لە خـواردنەوە بەرەو مـاڵی ئێمە گەڕانەوە، بەڕێز ماک گریگەر لێوی شمشاڵەکەی بۆ ناو

لێوەکانی درێژ کرد و دەستی کرد بە ژەنینی. دڵی مـن لێـرە نییە، دڵی من وا لە بەرزاییەکانە. هەریەک لەو دەرودراوسـێ و هـاوڕێ چاکـانە بە بیـستنی ئـاوازەکە دڵیـان خەمگـین بـوو و دەسـتیان کـرد بە گریـان و هەریەکەشـیان بەرەو ماڵەکـانی خۆیان بوونەوە. بەڕێز ماک گرێگەر هەموو ئەو خواردنانەی هەڵگرتنەوە و بەرەو نانـدینەکەی بـردن و خێزانەکەمـان بەدەم شـادی و ئـاهەنگگێڕانەوە دەسـتیان کـرد بە خـواردن و خواردنەوە. هێلکە، گۆشتی قیمەکراو، چەپکێک تەڕەپیاز، دوو جـۆری جیـاواز پەنیـر، دوو جـۆری جیـاواز کـولێرە، کەرە، پەتـاتەی کـوڵاو، تەمـاتە، کـاڵەک، چـا و گەلێـک خـۆراکی دیـی خۆش و بەتام.

کاتێکیش ورگمان پڕ بوو لە خواردنی خۆش، بەڕێز ماک گرێگەر گوتی: گەورەم، ئەگەر بە لاتانەوە ئاسایی بێت ئەوا پێم خۆشە بۆ چەند ڕۆژی داهاتوو لە ماڵتاندا بمێنمەوە. باوکیشم گـوتی: گەورەم، مـاڵی مـن، مـاڵی خۆتـانە و ئیدی بەڕێـز مـاک گرێگەر بۆ هەڤدە ڕۆژ و بۆ هەڤدە شەو لە ماڵی ئێمە مایەوە و ئەو دوانیـوەڕۆیەی ڕۆژی هەژدەهەم پیاوێـک لە مـاڵی پیروپەککەوتەکـانەوە، هـات بـۆ ماڵمـان و پرسـیاری بەڕێـز جاسپەر ماک گرێگەری ئەکتەری کرد. باوکیشم پرسیاری لـێ کرد کە بۆچی لە بەڕێز ماک گرێگەر دەگەڕێت؟

مـن لە مـاڵی پیروپەککەوتەکـانەوە هـاتووم. کـوڕە لاوەکە گوتی. دەمەوێت بەڕێز ماک گرێگەر بێت بۆ ماڵەکەمان. ئێمە لەم دوو هەفـتەیەی داهـاتوودا سـەرقاڵی ئـاهەنگی سـاڵانەی خۆمان دەبین و لەدووی ئەکتەرێک دەگەڕێین.

بەڕێز ماک گریگەر لەو شوێنەی خۆی کە لەناو باخچەکە دانیشتبوو و خەونی دەبینی، هەستا و لەگەڵ کوڕە لاوەکەدا ڕۆیشت.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی داهاتوو و کاتێک برسێتی زۆری بۆ هێنا، باوکم گوتی: جانی، بڕۆ خوارەوە بۆ لای دوکانەکەی بەڕێز کۆساک و هەوڵ بدە هەرچۆنێک بووە خواردنێکی باشی لێ هەڵبکرێنیت. من دڵنیام لەوەی جانی، دەتوانیت ئەو کارە ئەنجام بدەیت. هەرچییەک دەتوانی بیهێنە.

بەڕێز کۆساک، پەنجاوپێنج سەنتەکەی خۆی دەوێت. من گوتم. ئەو چیی دی بەبێ پارە هیچ خواردنێکمان پێ نافرۆشێت.

بڕۆ جانی، لێرە بەنگ مەبە و بڕۆ خوارێ. باوکم گوتی. تۆ بۆخۆت دەزانی کە دەتوانیت کارێک لەگەڵ ئەو کابرا سلۆڤاکییە دڵ و دەروون چاکەدا بکەیت، کە هەر هیچ نەبێت شتێکی لێ هەڵبکرێنیت بەکەڵکی خواردن بێت.

چوومە خوارێ بۆ دوکانەکەی بەڕێز کۆساک و جارێکی دی ئەو گرفتەی کابرای وڵاتی چینم لەگەڵ دامەزراندەوە و زۆر بە باشی بۆم کرا لەگەڵ هاتنەدەرەوەمدا سندووقێک دانەوێڵەی باڵندە و نیو قوتوو شەربەت لەگەڵ خۆم بهێنم. باوکم گوتی: دەزانی جانی، ئەو خواردنەی هێناوتە بۆ ئەو پیرێژنە داماوە زۆر ترسناک دەبێت. هەر وەکو پێشبینیشمان دەکرد، بەو بەیانییە زووە گوێمان لە داپیرەم بوو هەر وەکو کەناری دەیخوێند و باوکیشم گوتی: ئای خودایە چۆن شیعرێکی مەزن لەسەر دانەوێڵەی باڵندە بنووسم؟

## مامی سەرتاشەکە
## کە سەری لە لایەن پڵنگی سێرکەکەوە قرتا

خاتوو گاما پێی گوتم دەبێت سەرم بتاشم. دایکم پێی گوتم دەبێت سەرم بتاشم. کرێکەری براشم پێی گوتم دەبێت سەرم بتاشم. هەموو دونیا دەیەوێت من سەرم بتاشم. سەرم بە لای دنیاوە گەورە دەنوێنێت. هەموو خەڵکی دەیانگوت؛ قژێکی درێژی ڕەش و چڕوپڕی حەوت بۆ هەشت ئینجی. هەموو دونیا دەیانپرسی: کەی دەچیت سەرت بتاشیت؟

پیاوێکی دەوڵەمەند لە شارۆچکەکەماندا دەژیا، ناوی هەنتنگتن بوو، هەمیشە ڕۆژنامەی هێراڵدی ئێوارانی لێ دەکڕیم. ئەم پیاوە قورسایی دووسەد و چل پاوەند بوو. خاوەنی دوو ماشێنی کادیلاک و شەشسەد دۆنم باخی ترێ بوو لە ئالیکاند. ملیۆنێک دۆلاریشی لە بانکی ڤالیدا بوو، کەچی سەرێکی ڕووتاوەی بچکۆلەی هەبوو، کە ئەویش بە جۆرێک بە سەریەوە نوسابوو، هەموو کەس بۆی دەکرا بە ئاشکرا بیبینێ.

هەندێک جار پیاوانی هێڵی ئاسنینی لە دەرەوەی شارەوە لەگەڵ خۆی دەهێنا، ئەو هەموو ماوە دووورودرێژەیان بۆ تەماشاکردنی سەری من دەبڕی. لەسەر شەقامەکە هاواری دەکرد ئەمە کالیفۆرنیایە. ئاووهەوا و تەندروستیی هەیە. ئای خودایە، دەینەڕاند، وای خودای من لەو سەرە چۆن قژ داپۆشیوە.

خاتوو گاما بۆ سەری چڕوپڕی من زۆر بەداخ بوو و ڕۆژێکیان گوتی: لێرە لەم پۆلەدا کوڕێک هەیە ناوی نابەم، ئەگەر بەم زوانە نەچێت بۆ لای سەرتاش و سەری چاک نەکات، ئەوا ناچار دەبین بینێرین بۆ قوتابخانەی چاکسازی. لە ڕاستیدا ناوی ئەو کەسەی نەهێنا و تەنیا بە نیگایەک دەستبەردارم بوو.

کرێکەری برام گوتی: بەم قژە چڕوپڕەوە بەتەمای چی بکەیت؟

سامسنت لە بیرە؟ من گوتم. کاتێک قژەکەیان بۆ بڕی، تووشی چ شێتگیرییەک بوو.

ئەوە شتێکی ترە. کرێکەری برام گوتی. خۆ تۆ سامسن نییت.

ئۆهـ نا؟ من گوتم. چۆن دەزانیت منیش وەکو ئەوم لێ نایەت؟ چی وای لێ کردوویت کە بڕوا بەوە بهێنیت منیش وەکو ئەوم لێ نایەت؟

هەستم بە شادومانی دەکرد کە دەمبینی ئەو خەڵکە هەموو خۆیان بە منەوە خەریککردووە، بەڵام ڕۆژێک چۆلەکەیەک بەتەما بوو لەناو قژمدا هێلانە چێ بکات، ئەمە هانی دام بە پەلە ڕابکەم بۆ لای سەرتاش. ئەو کاتەی چۆلەکەکە لەسەر درەختەکەوە هاتبووە خوارێ و چووبووە ناو قژمەوە، من لەسەر چیمەنەکەیماڵەوە لەژێر دارگوێزەکەدا نوستبووم و ئاگام لەوە نەبوو کە ئەو دەستی کردبوو بە پووشهێنان. ئەوە لە نیوەڕۆیەکی گەرمی زستاندا ڕووی دا کە هەموو دونیا نوستبوون. نەبزۆکی باڵی بەسەر هەموو کونوقوژبنێکی ئەم دونیایەدا کێشابوو، تەنانەت کەسێک چییە بە ماشێنیش بەو ناوەدا ڕەت نەدەبوو، بێدەنگییەکی هەقیقی نەبێت، هیچی دیکە

نەدەبیسترا، بێدەنگییەکی گەرم و فێنکی پڕ لە ئاسوودەیی و غەمگینی. جیهان، ئاخ خودایە شتێکی دانسقەیە مرۆڤ لە شوێنێک لە شوێنەکان زیندوو بێت. لەوەش دانسقەتر ئەوەیە خانۆچکەیەک لەم دنیایەدا شک بەرێت، خانۆچکەیەک حەوشەیەکی فراوانی لە بەردەمدا بێت بۆ ئەو نیوەڕۆ و ئێوارە هاوینانەی کە لە بڕانەوە نایەن. ژوورەکانیش کورسی و مێز و چرپایان تیا بێت، لەگەڵ پیانۆ و ئاگردان. چەند وێنەیەکی ڕۆژنامەی ئێوارانی شەممەش بە دیوارەکانیەوە لکێنرابن. شتێکی جوان و موجیزەیە مرۆڤ لە گۆشەیەکی ئەم سەرزەمینەدا زیندوو بێت و لە هەر دەم و شوێنێکدا بۆی بلوێت بێت و بچێت، بەرەبەیان بێت یاخود نیوەڕوان، یان شەو؛ بۆ ئەوەی هەناسە بدات و بخوات و پێبکەنێت و بدوێت و بنوێت و گەشە بکات. تەماشا بکات و گوێ بگرێت و دەست لە شتەکانەوە بدات. لەژێر تیشکی خۆردا بەم دنیایەدا بێت و بڕوات. لەناو شوێنەکاندا بێت، لەناو جیهاندا.

ئاسوودە بووم کە جیهان لەوێیە، ئیدی منیش دەتوانم لەوێ بم.

من تەنیا بووم، غەمگینی دایگرتبووم دەربارەی هەموو شتەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسوودە بووم. بە هەرحاڵ ئەوە هەر وەکو یەک وایە. ئاسوودە بووم دەربارەی هەموو شتەکان، غەمگینیش بووم. من زۆر ئاسوودە بووم و غەمگینیش بۆ هەموو ئەو شتانەی کە دەمویست خەونیان پێوە ببینم؛ بەو شوێنانەوە کە لە ژیانمدا نەمدیبوون. بە شارە تەلیسماوییەکانی جیهانەوە؛ نیۆیۆرک، لەندەن، پاریس، بەرلین، ڤیەننا،

کۆنستانتەنۆپڵ، ڕۆما و قاهیرە. بە شەقامەکانەوە، بە خانووەکانەوە، بە خەڵکە زیندووەکانەوە. بەو دەرگا و پەنجەرانەوە کە لێرەولەوێن، بە شەمەندەفەرەکانی نیوەشەوەوە، شەوانەش بەو پاپۆڕانەوە کە لەناو دەریان. دەریا غەمگین و تاریکەکان. بەو چرکەساتە پرشنگدارانەی هەموو ئەو ساڵانەوە کە تێپەڕیون. بەو شارانەوە کە لەناو ڕۆژگارەکاندا خاپوور بوون. بەو شوێنانەوە کە ڕزیون و بەسەرچوون؛ ڕۆژێ لە ڕۆژان زیندوو بوون و بۆ هەمیشەیی مردوون و بۆ هەمیشەیش زیندوون، چونکە ژیانی زەمین لەناو ئەزەلیبووندا دەمێنێتەوە. ئای خودایە، ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٩١٩دا خەونێکم بینی؛ خەونم بە ژیانەوە بینی بە شێوەیەکی ئەزەلی درێژەی بە بوونی خۆی دەدا. خەونم بە کۆتایی فەوتان و خاپووربوون و مەرگەوە بینی. خەونم بەو ساتە ئەزەلییەی خۆرەوە بینی کە بە ئاسمانەوە ڕوابوو و تینوتاوی بە دونیا دەبەخشی.

پاشان چۆلەکەکە لەسەر درەختەکە هاتە خوارەوە بۆ سەر سەرم و دەستی کرد بە هێلانەچێکردن، ئیدی من بەئاگا هاتم و چاوم کردەوە و لە شوێنی خۆم نەجووڵام. هەستیشم بەوە نەکرد باڵندەیەک لەناو قژمدا بێت، تاوەکو دەستی کرد بە جریواندن. لە هەموو ژیانمدا بەو ڕوونییە گوێم لە جریوەی باڵندە نەگرتبوو. ئەوەی هاتە گوێم شتێکی زۆر سەیر و تازە بوو، لە هەمان کاتیشدا زۆر ئاسایی و کۆن بوو. باڵندەکە بەوپەڕی سادەییەوە دەیخوێند. ئەوەی من گوێم لێ بوو، گریان بوو، گریان، گریان. ئای گریان! هیچی دیکە نەبوو، تەنیا

گریان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو باڵندەیە سکاڵانامەکەی بە گیانێکی ئاسوودەوە دەچڕی. لەو کاتەدا کە لەنێوان خەون و بێداریدا ڕاکشابووم، هەستم دەکرد دەنگێک چییە لە جیهانەوە نایەت. لە پڕێکدا گوێم لە ئاواز و بانگەوازی باڵندەکە بوو لەناو قژمدا دەیخوێند. مەسەلەکە زۆر بە ئاسایی تێدەپەڕی؛  باڵندەکە لەناو قژمەوە قسەی لەگەڵ دەکردم، ناوەڕۆک و گیانی سکاڵانامەکە زۆر لەیەکەوە دووربوون، لە لایەکەوە ئاسوودەیی و لە لایەکی دییەوە غەمگینیی لێ دەڕژا.

دواجار بۆم دەرکەوت شتێک هەیە ڕاست نییە، ئەوە ڕاست نییە باڵندەیەکی بچکۆلە سوکایەتی بە قژی ئادەمیزادێک بکات. بە خێرایی لە شوێنی خۆم بەرزبوومەوە و چوومە دەرێ. چۆلەکەکە بە ترسولەرزەوە دوورتر لەوە هەڵفڕی کە لە هەناسەیەکدا بۆی دەکرێت بفڕێت.

ئەو خەڵکە ڕاستیان کرد. خاتوو گاما ڕاستی کرد. کرێکەری براشم ڕاستی کرد. ئەوەی دەبێت بیکەیت ئەوەیە کە سەرت بتاشیت، ئیدی چۆلەکە هەوڵ نادات هێلانە لەناو قژتدا چێ بکات.

لە شەقامی مێری پۆسا، سەرتاشێکی ئەرمەنی هەبوو ناوی ئارام بوو، کە لەوەی نەدەکرد کاری ڕاستەقینەی خۆی سەرتاشی بووبێت، پێم وایە بۆخۆی جووتیار، یاخود ئاسنگەر، یان دوور نییە فەیلەسووف بووبێت. من بۆخۆم لەوە دڵنیا نیم، هەموو ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە لە شەقامی مێری پۆسا دوکانێکی بچکۆلانەی هەبوو، زۆربەی کاتەکانی سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ئاسپێرز و چەند ڕۆژنامەیەکی تری

ئەرمەنـــی بـــوو و بەدەم چـــاودێریکردنی ڕێبوارانیـــشەوە ئەو جـگەرانەی دەکێـشان کە بۆخـۆی دەیپێچـانەوە. هەتـا ئێـستا نەمدیبوو سـەری بـۆ کەسـێک، یـاخود ڕیـشێکی تاشـی بێت. وا بـزانم بەوپەڕی سـاویلکەیی خۆیـانەوە کەسـێک، یـان دوو، بە هەڵە ڕێیان کەوتبووە دوکانەکەی.

چووم بۆ دوکانەکەی ئارام لە شـەقامی مێری پۆسـا و لە خەوم هەسـتان. خــۆی بەســـەر مێزێکـــی بچکـــۆلانەدا لار کردبــووەوە و خەوی لێکەوتبــوو و کتێبێکــی ئەرمەنیــیش بە کراوەیی لە بەردەمیدا بوو.

بە ئەرمەنی پێم گوت: دەکرێت بە بیستوپێنج سـەنت سـەرم بۆ بتاشیت؟

ئـۆوو. ئەو گـوتی. مـن دڵخۆشـم بە بینینـت، نـاوت چیـیە؟ دانیشە. جارێ با قاوەیەک دەم بکەم. ئای.. قژت تا خوا پێی خۆش بێت درێژبووەتەوە.

خەڵکی وازم لێ ناهێنن، هەر هەموو دەیانەوێت سەرم چاک بکەم. من گوتم.

ئەم دونیایەی ئێمە هەر وایە. ئەو گوتی. هەمیشە پێت دەڵێن چـی بکەیـت و چـی نەکەیـت. ئـاخر نـازانم چـی تیـایە ئەگەر تۆزقاڵێـک قـژت درێـژ بێـتەوە؟ بـۆچی ئەوانە هەمیـشە سـەری خۆیان دێشێنن؟ ئەوانە هەمیشە داوا دەکەن پارە کۆبکەرەوە، کێڵگەیەک بکرە، ئەوەیان بکە و لەوەیان دووربکەوەرەوە. ئەو خەڵـکە خۆشـییان بەوە نـایەت مـرۆڤ کەمێـک بە ئـارەزووی خۆی بە ئاسوودەییەوە بژیی.

دەتوانیت قژم بۆ بتاشیت؟ من گوتم. دەتوانی قژم بە جۆرێک بۆ کورت بکەیتەوە کە تا ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو خەڵکە خۆیان بە منەوە خەریک نەکەن؟

قاوە. ئەو گوتی. با جارێ تۆزێک قاوە بخۆینەوە.

لە گۆشەیەکی پشتەوەی دوکانەکەیدا، تەپاخێکی گاز و دەستشۆرییەک دیاربوون. تاقمێکیش کوپی قاوە و کەوچک و کلیلی قوتووهەڵپچڕین و چەند شتێکی دیی لەسەر بوون.

کوپێک قاوەی بۆ هێنام، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن تا ئێستا سەردانی ئەو پیاوەم نەکردووە، کە هیچ گومانی تیا نییە لەناو هەموو شارەکەدا بۆخۆی سەرنجڕاکێشترین پیاو بوو بێت. من دەزانم کە ئەو پیاوێکی دیار و هەڵکەوتەیە، ئەوەم لەو کاتەدا بۆ ڕوون بووەوە کە چوومە دوکانەکەیەوە و لە خەوم هەستاند، بە شێوازی بەئاگاهاتنەوەکەیدا زانیم، بە شێوازی ئاخاوتن و هاتوچوونەکەی، بە شێوازی ئاماژە و جووڵانەوەکانی. زانیم ئەو پیاوەی کە دوکانی سەرتاشییەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی مێری پۆساوە، پیاوێکی تا بڵێی ناوازە و تاقانەیە.

ئەو تەمەنی هەر پەنجا ساڵانێک دەبوو و منیش تەمەنم یانزە ساڵان بوو. باڵای لە من بەرزتر و لە منیش بەخۆوەتر نەبوو، بەڵام ڕوخساری وای دەنواند پیاوێکی شارەزا و دونیادیدە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناسک و میهرەبان بوو.

کە چاوەکانی ترووکاندن، نیگاکانی لەوەی دەکرد پێم بڵێ: دونیا؟ من هەموو شتێک لەمەڕ دونیاوە دەزانم، شەرانگێزی و دزێوییەکانی، ترس و نەهامەتییەکانی، بۆگەنی و

ژەنگهەڵهێنانەکـانی، لەگەڵ ئەوەشـدا هێـشتا ژیـانم بە هەمـوو شێوەکانیەوە خۆشدەوێت.

کوپە قاوەکەم هەڵگرت و بردم بۆ لێوم و دەستم کرد بە فڕکردنی ئەو ڕەشاییە گەرمە. ئەوە ناوازەترین تامێک بوو کە تا ئێستا لە ژیانمدا کردبووم.

دانیشە. ئەو بە ئەرمەنی ئەوەی پێ گوتم. دانیشە، دانیشە. هیچ کارێکمان نییە و ناشمانەوێت بڕۆین بۆ هیچ کوێیەک. بەم تاوەش قژت لەوە درێژتر نابێتەوە.

دانیشتم و لە دڵەوە بە کوڵ بە ئەرمەنی پێکەنیم و ئەویش دەسـتی کـرد بە قـسەکردن دەربـارەی جیهـان. دەربـارەی میـساکی مـامی بـۆم دوا کە لە مـوش هـاتبووە دونیـاوە. هەردووکمان قاوەکەمان خواردەوە و ئەوجا من چووم لەسەر کورسـیی سەرتاشـییەکە دانیـشتم و ئەویـش دەسـتی کـرد بە بڕینـی قـژم. قژبـڕینەکەی هەتـا بڵێـی بێکەڵـک بـوو، خراپتـرین قژبڕین کە تا ئێستا من بە خۆمەوە دیبێتم. بە بیرم نایەت تا ئێستا بەو شێوە خراپە قژم بۆ تاشرابێت، زۆر لەو قژبـڕینەش خراپتربـوو کە ئەو جارە لە پەیمـانگەی فێرخـوازیی قژبـڕین لە خـولی بەخـۆڕایی بۆیـان تاشـیم. بەڵام ئەو چیرۆکـی میـساکی بەدبەختـی مامی بۆ گێڕامەوە کە پێم وا نییە هیچ یەکێک لەو قوتابییانەی لەو پەیمانگەیانەدان خۆشیان بکوژن، بۆیان بکرێت چیرۆکێکی وەهـا بگێـڕنەوە. تەنـانەت هەر هەمووشـیان پێکەوە کۆبکەیتەوە هێشتا بۆیان ناکرێت چیرۆکێکی وەها بگێڕنەوە. بە هیچ جۆرێکیش پێم سەیر نابێت ئەگەر هەر هەمـوو قوتابییـانی ئەو پەیمانگەیانەی سەرتاشین لە دونیادا هەن کۆببنەوە، بۆیـان

نەکرێ لە ڕووی سەنگینییەوە چیرۆکێک بخولقێنن کە هاوتای نیــو ئەوەنــدەی ئەو چیــرۆکە غەمگیــنەی میــساکی مــامە نەگبەتەکەی و پڵنگی سێرکەکە بێت.

کە لە دوکـانەکە هـاتمە دەرێ سـەرم بە شـێوەیەکـی زۆر خراپ بۆ چاک کرابوو، بەڵام هەر گوێشم پێ نەدا. هەر چۆنێک بێ ئەو سـەرتاش نەبـوو. ئەو هەر بە تەنیا بـۆ ئەوە خـۆی بە سەرتاش دەنواند کە دەمی ژنەکەی بگرێ و چیی دی بۆڵەبۆڵی بەسـەردا نەکـات. ئەو هەر تەنیـا بـۆ ئەوە سـەرتاش بـوو کە خەڵکـی بە هەڵەدا بەرێ و چیـی دی خۆیـان بەوەوە خەریـک نەکەن. هەمـوو ئەوەی ئـارەزووی دەکـرد ئەوە بـوو کە بـۆی بلـوێ بخـوێنێتەوە و لەگەڵ خەڵکـانێکی بەنەزاکەتـدا بـدوێ. ئەو پێنج منـداڵی هەبـوو، سێ کوڕ و کچێک، بەڵام هەر هەموویـان وەکو ژنەکەی وا بوون و بۆی نەدەکرا لەگەڵ هیچیـان بدوێت. هەمـوو ئەوەی منـداڵەکانی ئارەزوویـان دەکـرد تەنیـا ئەو بـڕە پارەیە بوو کە پەیدای دەکرد.

مــامە میــساکی بەدبەخــتم. ئــارام گــوتی. ڕۆژگــارێکی دووروودرێـژ لەمەوبەر لە مـوش لەدایـک بووبـوو. هەتـا بڵێـی کوڕێژگەیەکی سـەرەڕۆ بـوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دز نەبـوو. لەگەڵ ئەوانەدا ڕەق بوو کە خۆیـان بە گەورە و بەهێـز دەزانـی و لەیەک کاتـدا دەرەقەتـی دوو کەس دەهـات لە هەر کـوێیەکی شـارەکەوە بـۆی بهاتنـایە. ئەگەر ناچـار بـوایە لە هەمـان کاتـدا بـاکی نەبـوو پەلامـاری دایـک و باوکیـشیان بـداتەوە. هەروەهـا داپیرە و باپیرەکانیشیان.

هەمـوو کەس بە مـامە میـساکی بەدبەختـی منـی دەگـوت، میساک تۆ زۆر ئازا و چاونەترسیت، بۆچی نـابیتە زۆرانبـاز و لەو ڕێیەوە لوقمەنانێک بـۆ ژیـانی خـۆت پەیـدا بکەیـت؟ ئیـدی ئەوە بوو مامە میساکم بووە زۆرانباز. بەرلەوەی بگاتە تەمەنی بیست ساڵانی خۆی، توانیبووی هەژدە پیاوی یەکی بە یەکی لە پەلوپۆ بخات. دانووی لەگەڵ پارەدا نەدەکوڵا، ئەوەی بەدەسـتی دەکەوت، دەیـدا بە خـواردن و خـواردنەوە و ئەوەشـی لێـی دەمایەوە دەیدا بە منداڵان.

ئـۆی. ئەو گـوتی. ئەوە ڕۆژگـاری کـۆن بـوو. ئێـستا هەر کەسێک دەگری لە دووی پـارە خـول دەخـوات. پێیـان گوتبـوو ڕۆژێـک دێ ئـاخ هەڵدەکێـشی و بـۆ ئەو بەهەدەردانـی پـارانە کــاڵەک بە ئەژنــۆی خــۆت دەشــکێنیت. بەڵــێ ئەوان لەوەدا بەهەڵەدا نەچووبـوون. ئامۆژگارییـان کردبـوو کەمێـک دەسـت بەو پارانەوە بگرێ کە دێنە دەستی. دوور نییە ڕۆژێک بێ لە پەلوپـۆ بکەویـت و بـێ پـوول و پـارە بمێنـی و چیـی دی بـۆت نەکــرێ بــڕۆیتە مەیــدانی زۆرانبــازی. ئەوە بــوو ئەو ڕۆژە گەیشتە جێ. ئەو ڕۆژە هات کە مامە میساکی داماوم پێی نـایە تەمەنی چل ساڵییەوە و ئەو هێز و گوڕەی جارانی لەدەست دا و پارەیەکی ئەوتۆشی بەدەستەوە نەمـا کە بتوانێ لە سـایەیدا بژی. وای لێ هات گاڵتەیان پێ دەکرد و پێی پێدەکەنین، ئیدی سەری خۆی هەڵگرت و ڕووی کردە کۆنستانتەنۆپڵ و لەوێوە ڕۆی بۆ ڤیەننا.

ڤیەننا؟ من گوتم. مامە میساکت چوو بۆ ڤیەننا؟

بەڵێ بێگومان. سەرتاشەکە گوتی. مامە میساکی ڕەنجەڕۆم بۆ زۆر جێگەی تریش ڕۆی. لە ڤیەننا، مامە میساکی ڕەنجەڕۆم بۆی نەکرا کارێک وەدۆزێ. هێندە سەرگەردان بوو، خەریک بوو لە برسا بمرێت، بەڵام باشە با بپرسین ئاخۆ لەگەڵ ئەو هەموو داماوییەی، خۆشی بیری لەوە کردەوە پەنا بەبەر دزی ببات؟ وەکو دزینی کولێرەیەک یان نانێک؟ نەخێر بە هیچ جۆرێک دزیی نەکرد. دوای ئەوە ڕووی کردە بەرلین. ئای بەرلین، جێگەیەک لەم دونیایە هەیە ناوی بەرلینە. لەوێش هێندەی نەمابوو مامە ڕەنجەڕۆکەم لە برسان بمرێت.

خەریکی بڕینی قژم بوو لە لای چەپمەوە دەڕۆی بەرەو لای ڕاست. تۆپەڵە قژی ڕەشم دەبینی لەملاولامەوە هەڵدەوەرینە خوارێ. هەستم دەکرد تەوقی سەرم تا دێ سارد و ساردتر دەبێ و هێواش هێواش بچکۆلە دەبێتەوە.

ئاخ بەرلین. سەرتاشەکە گوتی. دڵڕەقترین شاری دونیا، مامە میساکم لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان و لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ و لەم خەڵک بۆ ئەو خەڵک ڕۆی و ڕووی لە دونیا نا. کەچی نەک هەر دەرگایەک بە ڕوویدا نەکرایەوە، تەنانەت ژوورێک چییە، مێزێک چییە، هاوڕێیەک چییە، بۆی پەیدا نەکرا.

ئای خودایە. من گوتم. لەو تەنیاییەی مرۆڤ لەنێو ئەو جیهانە فراوانەدا. لەو تەنیاییە پڕ لە دەرد و ناسۆرییەی نێو ئەم ژیانە.

سەرتاشەکە گوتی: هەمان بەدبەختییش لە پاریس دووبارە بووەوە، لە لەندەنیش هەر بەو جۆرە بوو و لە نیۆیۆرک و لە باشووری ئەمەریکاش هەمان چیرۆکی هاتەوە ڕێ. هەموو

شـوێنەکان بـۆ ئەو وەکـو یەک وا بـوون. ئەو مـامە میـساکە بەدبەختەی من کۆڵان بە کۆڵان، ماڵ بە ماڵ، دەرگا بە دەرگای ئەم دونیایە گەڕا و شـوێنێک نەبوو دەرگایـەک بە ڕووی ئەودا بکاتەوە.

ئای خودایە. من بۆی پاڕامەوە و داوام لە قاپیی خـودا کـرد بیخاتە بەر سایە و بەزەیی خۆی.

لە وڵاتی چین. سەرتاشەکە گوتی. مامی بەدبەختم پیاوێکی عەرەبی لـێ هەڵدەکەوێت کە لە سـێرکێکی فەڕەنسیدا لێبـووک دەبێت.

عەرەبە لێبـووکەکە و مـامە میـساکی بەدبەخـتم بە زمـانی تورکی پێکەوە دەکەونە قسەکردن.

لێبـووکەکە پێـی دەڵێت: بـراکەم تـۆ خەڵـک و ئاژەڵت خـۆش دەوێن؟

مـامە میساکیـشم پێـی دەڵێـت: بـراکەم مـن هەمـوو شـتێکم لەژێـر ئەم گـومەزە پیـرۆزە شـینەی خوداوەنـدا خۆشـدەوێن. خەڵـک و ئـاژەڵ و ماسـی و باڵنـدە و بەرد و ئـاو و ئـاگرم خۆشدەوێن، هەموو ئەو شتانەی دەبینرێن و نابینرێن.

لێبـــووکە عەرەبەکە لێـــی دەپرســـێت: بـــراکەم دەتـــوانی پڵنگێکیشت خۆش بوێت، پڵنگێکی کێویی نێو جەنگەڵەکان؟

مـامە میـساکم دەڵێـت: بـراکەم خۆشەویـستیم بـۆ ئـاژەڵە کێوییەکانی نـاو جەنگەڵەسـتان هەر لە بـاس و گێڕانەوە نـایەت. ئای مامە میساکم چ پیاوێکی چارەڕەش بوو.

ئای خودایە. من گوتم.

عەرەبە لێبووکەکە بەرانبەر ئەو جەسوورییەی مامم سەری دەسوڕمێ و کاتێک گوێی لەوە دەبێت، کە مامم دڵی پڕ لە خۆشەویستییە بۆ ئاژەڵە کێوییەکانی نێو جەنگەڵستان، زۆر خۆشحاڵ دەبێت و پێی دەڵێت: براکەم ئەوەندە پڵنگت خۆشدەوێن، کاتێک باوێشک دەدەن، کەللەی سەرت بخەیتە نێو دەمیانەوە؟

خودایە بیخە بەر قاپیی پارێزراوی خۆت. من بۆی پاڕامەوە.

ئارامی سەرتاش گوتی: مامە میساکم پێی دەڵێت، براکەم بەڵێ من دەتوانم.

عەرەبە لێبووکەکە پێی دەڵێت: ئێوە دەتوانن ببنە یەکێک لە ئەندامانی سێرکەکە؟ دوێنێ پڵنگەکە زۆر بێدەربەستانە دەمی خۆی بەسەر کەللەسەری سیمۆن پێریگۆردی کلۆڵدا داخستەوە. ئێستا کەسێکی ترمان لە سێرکەکەدا نییە کە ئەو خۆشەویستییە بێسنوورەی بۆ ئەو بوونەوەرە بەستەزمانەی خوداوەند هەبێت.

مامە میساکی خێرلەخۆنەدیوم زۆر وەرس دەبێت لە دونیا و دەڵێت: براکەم بەڵێ من دێم بۆ سێرک و ڕۆژی دوانزە جار سەری خۆم دەخەمە ناو دەمی ئەو پڵنگە پیرۆزەی خوداوەندەوە، لە کاتی باوێشکداندا.

دوانزە جارمان پێویست نابێ. عەرەبە لێبووکەکە گوتی. تەنیا ڕۆژی دوو جار ئەوەمان لە تۆ دەوێت.

ئیدی بەو جۆرە مامە میساکی کلۆڵم لە وڵاتی چین تێکەڵی سیرکی فەڕەنسی دەبێت و لە کاتی باوێشکدانی پڵنگەکەدا کەللەسەری خۆی دەهاوێژێتە ناو دەمی پڵنگەکەوە.

سێرکەکە. سەرتاشەکە گوتی. لە وڵاتی چینەوە دەبرێت بۆ هیندستان و لە هیندستانیشەوە دەڕۆن بۆ ئەفغانستان و دوامەنزڵگەشیان ئێران دەبێت. لەوێ لە ئێران کارەساتە جەرگبڕەکە ڕووی دابوو. پڵنگەکە و مامە میساکی کلۆڵم لەو گەشتانەدا بووبوونە دوو هاوڕێی ئازیزی یەکتر.

لە تاران لەو شارە وێرانەبووەدا جارێکی دی پڵنگەکە شێتگیر دەبێ و تووڕەیی دەیگرێ. یەکێک دەبێت لەو ڕۆژە گەرمانەی کە خەڵک هەست بە بێزاری دەکەن. پڵنگەکە کە بە درێژایی ئەو ڕۆژە ئێرە و ئەوێیان پێ کردبوو، هەست بەوە دەکات خەریکە شەپۆلێکی تووڕەیی تەنگی پێ هەڵدەچنێت. لە تاران لەو شارە بۆگەنەی ئێراندا، مامە میساکی کلۆڵم سەری دەخاتە ناو دەمی باوێشکاویی پڵنگەکەوە. کاتێک دەیەوێت سەری دەربهێنێتەوە، ڕق و کینە، ئەو ڕق و کینەیەی کە سەرتاپا جیهانی داپۆشیبوو، پڵنگەکەشی گرتبووەوە. ئیدی پڵنگەکە دەمی دادەخاتەوە.

ئەو دەمەی لەسەر کورسیی سەرتاشییەکە هەستام و سەیرێکی ئاوێنەکەم کرد، پیاوێکی سەیروسەمەرەم هاتە پێشچاو کە خۆم بووم. لە شوێنی خۆم داچڵەکیم، ڕوانیم قژم هیچی پێوە نەماوە. بیستوپێنج سەنتم دا بە ئارامی سەرتاش و گەڕامەوە ماڵێ.

هەموویـان پـێم پێکەنـین. کـرێکەری بـرام گـوتی: لە هەمـوو ژیانمـدا سـەرتاشـینێکی ئـاوا شـێتانەم نەدیـوە. لەگەڵ ئەوەشـدا لەوەی ئەوسا باشترە.

بە درێژایــی چەنـد هەفـتەش دوای ئەو ڕۆژە هەر بیـرم لە میساکە کڵـۆڵی مـامی سـەرتاشـەکە دەکـردەوە کە چـۆن پڵنگـی سێرکەکە سەری قرتاند.

ئێستاش چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم کە جارێکی دی قژم درێـژ بێـتەوە و بتـوانم بچـمەوە بـۆ دوکـانەکەی ئـارامی سـەرتاش و گوێ لە چیرۆکی چارەنووسی مرۆڤێکی ئەم سەرزەمینە بگرم، مرۆڤێکــی تەنیــا و ســەرگەردان، کە ڕووبــەڕووی کارەســات دەبێـتەوە. چیرۆکـی پڕ لە غەمگینـی مـامە میسـاکی کڵـۆڵ، ئەو چیرۆکەی لێوانلێوی ئەشکەنجە و سوێیە و مەرگەساتی هەموو مرۆڤێکی زیندووی ئەو دونیایەیە.

## پێنج هەرمێی گەییو

ئەگەر پۆلاردی پیرەمێرد هێشتا لە ژیاندا مابێت، هیوام وایە ئەمە بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی دەمەوێت ئەوە بزانێت کە من نە دزم و نە هەرگیزیش دزیم کردووە. لەجێی ئەوەی هانا بۆ درۆ بەرم، کە بۆم دەکرا زۆر بە سادەییش بۆم بچێتە سەر، ڕێکوڕەوان چی ڕاستی هەبوو ئەوەم پێ گوت و لەسەر ئەوەش لێدانم خوارد. من باکم بەوە نییە لێدانم خواردووە، لەبەر ئەوەی لە وانەی ڕێزماندا لێدانی لەو جۆرەم زۆر خواردووە. ئەوە بەشێک بووە لە پەروەردەی من و هەندێکیانم هەر بە خوتوخوڕایی زانیوە و هەندێکیشیانم بە هەقی خۆم. هیوام وایە ئەوەی دەینووسم دەربارەی ئەو لێدانەی بە دەستی بەڕێز پۆلارد خواردم، کە بە هیچ جۆرێک هەقی من نەبوو، بۆی هەڵبکەوێت بیخوێنێتەوە، چونکە هەموو شتێکی تیا ڕوون دەکەمەوە بۆچی هەقی من نەبوو. بە هۆی ئەوەوە لەو ڕۆژەدا بۆم نەدەکرا ئەوەی دەمزانی و لە دڵمدا بوو، بۆی ڕوون بکەمەوە، نەمتوانی هیچی پێ بڵێم.

لەبەر ئەوەی زۆرم بە لاوە شوێنی بایەخ بوو و تاکو ئێستا لە یادم نەکردووە و بەوەش گەلێک ئاسوودەم. هەمووی دەربارەی هەرمێ بەهارە بوو. دارهەرمێیەک لە باخچەیەکدا ڕوابوو، بە تەلی دڕکاوی پەرژینێکیان بۆ کردبوو، بەڵام هەندێک لە لقوپۆپی هەرمێکان لە پەرژینەکەوە هاتبوونە دەرێ. من ئەوێ ڕۆژێ تەمەنم شەش ساڵان بوو، بەڵام زۆرزان

بووم. مێشکم بۆ ئەوە دەچوو پەرژینە دڕکاوییەکە تەنیا بۆی دەکرێ ئەو بەشانەی درەختەکە بپارێزێت کە لە ژوورەوە بوون. ئیدی گوتم، هەموو ئەو هەرمێ بەهارییانەی بەو پەلکانەوەن کە لە پەرژینەکەوە هاتوونەتە دەرێ و بۆم دەکرێ بیانگەمێ، دەبێ هیی من بن. ئەوە بوو دەستم نەدەگەیشتە هیچیان، بەڵام حەزی هەرمێ وای لێ کردم هەرچۆنێک بووە هەوڵی بۆ بدەم و بیانگەمێ. من هەرمێکانم دەبینی و دەشمزانی بەدووی ئەوەوەم هەرچۆنێک بووە بیانگەمێ. هەر بە نیازی خواردنیان نەبوو کە دەمویست خۆم بگەیەنمە هەرمێکان، ئەگەرچی ئەوە بۆ خۆی کارێکە ئەوپەڕی بەدڕەفتاری، بەڵام حەزی گەیشتن بوو وای لێ کردم خۆم بگەیەنمە هەرمێکان. من هەرمێم دەوێن و ئەوەش لەو کاتەدا تەنیا ئارەزوویەکی من بوو. من بەدووی ئەوەوە بووم هەرمێکان لێبکەمەوە و بۆ ئەو ئارەزووەشم هەرچۆنێک بوو مانایەکم بۆ پەیدا کرد. ئەوەش لە وەختی چوون بۆ قوتابخانەدا ڕووی دا و درەختەکەش دوو کۆڵانێک لە قوتابخانەوە دوور بوو. بۆ میوەیەکی خۆش و گەییو لەناو چنگمدا بێ خەریک بوو شێتوهار دەبووم و دەمم ئاوی پیا دەهاتە خوارێ. بە خۆمم گوت، ئەوەش دزی نییە و جۆرێکە لە سەرەڕۆیی. هونەرێکە بۆ خۆی. ئەو جۆرە لە دزی، خوداش پێی ناخۆش نییە و شێوازێکە لە سەرسامی و دۆزینەوە. من ئەو نیازەی خۆمم لای کوڕە جوویەک بە ناوی ئایزک، درکاند و پێم گوت دەچم بۆ لای درەختەکە. ئەو گوتی ئەوە دزییە. ئەوەش بە لای منەوە هیچ مانایەکی نەبوو، یاخود هەر ئەوە بوو دەترسا لەگەڵم بێت. لەو کاتەدا خۆم بەو قسەیەی ئەوەوە نەخڵافاند و بە ڕاکردن لە گۆڕەپانی قوتابخانە چوومە دەرێ و

بەرەو لای درەختەکە هەڵاتم، کە وا بزانم دەکەوتە شەقامی پێڕاڵتاوە. بۆ تاوێک نەمدەزانی پشووی قوتابخانە دەبێ بۆ چەندێک بخایەنێت، بەڵام هەرچۆنێکیش بێت ئەوەندە زۆر نەبوو. بە دڵنیاییەوە ئەوەندە زۆر نییە. پشووی قوتابخانە دەبوا بۆ هەتاهەتایە درێژبوایەتەوە، لەو دەمەدا بیرم لەوە دەکردەوە، وەکو مناڵێکی شەش ساڵان ڕاکردن بەدوای هەرمێدا گەلێک جوانیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، یەکێک لەوانە مۆسیقا و شیعر بوو، دوور نییە شەریشی لەناو خۆیدا هەڵگرتبێ. بەوپەڕی هاناسەسوارییەوە گەیشتمە لای درەختەکە، بەڵام بەوپەڕی هەژان و بەدەم پێکەنینەوە. هەرمێکان تەواو گەییو و ئاودار بوون و ئامادە بۆ خواردن، چاوەڕوانی ئەوە بوون لە لقەکان بکرێنەوە. هەرمێکان تەواو ئامادەبوون. ڕۆژێکی گەرم و پڕ هەتاو بوو. چرکەساتێک بوو و کەشوهەوا و جەستە و مێشک هەمووی زۆر پاک و سازگار بوون. ناو گەڵا و چڵوپۆپەکان پڕ بوون لە هەرمێ و هەموویانم زۆر بە باشی دەدی، زەرد و سوور و ناسک لەناو تیشکی خۆردا تەواو گەییوبوون و هێندەی نەمابوو تەواو بۆیان شێت و دەهری بم. ئەوانە شتێک بوون لە پۆلی دووهەمدا بۆیان نەدەکرا هیچ شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە بڵێن، لەبەر ئەوەی هێشتا وشەیان بۆ نەدۆزیبووەوە. هەر بە تەنیا لە شتە سووک و ئاسانەکان دەدوان، بەڵام هەرمێ زۆر سادە بوو و ئاسان نەبوو لەبارەیەوە هیچ بگوترێ و هەر ئەوەندە بوو دەربارەی دەگوترا هەرمێ و هیچی دی. ئەگەر بهاتایە شتێکیان لەسەر هەرمێ بگوتیایە، هەر ئەوە بوو دەیانگوت هەرمێ و لەوەش زیاتر باس بکرایە دەگوترا بەرچنەیەک و ئیدی لەوەش بترازێ بە جۆرێکی ناوازە و بەوپەڕی کاریگەری

و ناسکی و سەرسووڕمانەوە وەکو شێوەیەک لە گەوهەری ژیان باسی لێوە نەدەکرا. وەک بەشێکی دانەبڕاو لە درەختێک و بەشێک لە خاک و بەشێک لە خۆر بیری لێ دەکرایەوە و ئەوەش ئەوپەڕی بێمێشکی بوو. ئەگەر دەستم پێیان بگەیشتنایە ئەوا دەبوون بە هی من، بەڵام دەستم پێیان نەدەگەیشت. ئەوەندەش نازدار بوون هەر بۆ ئەوە کرابوون لێیان بڕوانم، بەڵام بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک دەچوو هەر لێیان ورد دەبوومەوە. من درەختەکانم لەو کاتانەدا بینیبوون کە چ گەڵایان پێوە نەبوو، لەو کاتانەشدا کە تازە گەڵایان لێ دەهاتە دەر و تازە گوڵ و چرۆیان لێ دەڕوا. گوڵەکانم دەبینی دەبوون بە چرۆ و هەڵدەوەرین و لە شوێنیان هەرمێی سەوزی کاڵ و نەگەییو پەلەی هاتنەدەرەوەیان بوو. ئێستاش ئەوەتا هەرمێکان تەواو گەییون و ئامادەن و منیش لەسەرڕێم بۆیان. من ئەوەم دەبینی هەرمێکان هەر لە ئەزەلەوە خوداوەند بە منی دابوون، بەڵام هەرمێکان بۆ خواردن نەبوون، بۆ گرتن و دەستلێوەدان و هەستکردن و ناسین بوون؛ هەرمێی ژیان، ئەگەرچی بەشێکیش لێیان دەگەنێن، ئەوی دی بۆ ئەوە بوو بیانناسی و بە نەمری بیانهێڵیتەوە.

دز دەشێ هونەرمەند بێ، یاخود فەیلەسووف، لەوانەشە هەردووکیان بێ پێکەوە. من نەمدەزانی فەلسەفەم هێنابووە ناوەوە بۆ ئەوەی دزییەکەی پێ جوان بکەم، یاخود دەمویست بە هێنانە ناوەی فەلسەفە خۆم لە بوونی دزییەکە بشارمەوە. دەمزانی زۆر پەرۆشی ئەوە بووم هەرمێ گەییوەکان بەدەست بهێنم و بەدوای ئەوەشەوە بووم بگەمە هەرمێکان و لە هەمان کاتیشدا بە ئەستۆپاکی بمێنمەوە. دوای هەموو شتێک، کاتێک منیان وەکو دزێک ناساند، بەئاگاها تمەوە و تا ڕادەیەک

باوەڕم بەوە هێنابوو کە دزم، بەڵام ئەوە بە هیچ جۆرێک وا نەبوو. لەژێر لقی دارهەرمێکەدا بەدەم پێکەنینەوە ڕاوەستابووم، بەڵام پێکەنینی کەسێک نەبوو ماڵوێرانکەر و تالانکەر، بەڵکو پێکەنینی کەسێک بوو کە دەخولقێنێت و دەپارێزێت. هونەرمەند کەسێکە تەماشا دەکات و دەبینێ، هەموو ئەوانەشی ڕوانینیان هەیە، کەسانێکن کوێر نین. من هەرمێکانم بینی. بەر لە هەر شتێک بە دوو چاوی خۆم بینیمن و ئیدی هێواش هێواش بە هەموو بەشێک لە جەستەی خۆم بینیمن. بە هەموو دڵی خۆمەوە. هەر لەبەر ئەوەشە دەڵێم هەرمێکان هیی خۆم بوون. سەرباری ئەوەش بەو چڵ و لقانەوە ڕوابوون کە دەکەوتنە دەرەوەی پەرژینە دڕکاوییەکەوە.

بەدبەختییەکی پڕ لە مەرگەساتاویی گەنجییش ئەوەیە لە کاتێکدا دونیایەکی هەیە بۆ گوتن، لاڵ دەبێ و بێدەنگ دەمێنێتەوە، غەمگینیی گەورەبوون و پێگەیشتنیش ئەوەیە لە دەمێکدا زۆربڵێ دەبێت، کە نازانێت لە کوێوە دەست پێ بکات و چ شۆخی و گاڵتەیەک بەکار بهێنێت. ئۆی، زۆر باشە، ئێمە زۆر بە باشی لەناو هەڵەدا پەروەردە کراین. بە لایەنی کەمەوە بەوە دەزانین کە لە بیرمان کردووە.

بۆم نەدەکرا بگەمە هەرمێکان، ئیدی کەوتمە بازدان و ئەوەشم زۆر بە لاوە خۆش بوو. لە سەرەتادا بەو خەیاڵەوە بازم دا کە دەستم بگاتە پەلێک و بەرەو لای خۆمی شۆڕ بکەمەوە، بەڵام دوای دوو و سێ جاری دی هەڵبەزیمەوە و کەوتمە بازدان، لەبەر ئەوەی چێژم لە خودی بازدان وەردەگرت. هەر وەکو ئەوەی خۆم بۆ شتێک هەڵبدەم هەر بە تەنیا هەرمێ نەبێ و لە هەرمێ زیاتر بێ. هەر وەکو ئەوەی بە

دەروون و جەستە، تۆزقالێک بەرەو سەرەوە خۆت لە خاک بەرز بکەیتەوە و دواجار لەناکاوێکدا و بەدەم زرمەیەکەوە بۆ سەر ڕووی خاک بگەڕێیتەوە، هەر وەکو ئەوەی گوشت و خوێن بی و لە گوشت و خوێن زیاتر بی. زۆر زیاتر. ئیدی گەلێک جار بازم دا.

لەو کاتەی بازم دا گوێم لە زەنگی چوونەژوورەوەی قوتابخانە بوو. لەبەر ئەوەی دەمزانی دواکەوتووم، لە سەرەتادا ئەوە پەڕییە ناو ئەندێشە و یادمەوە کە دوور نییە ئەوە دڵتەنگ و بیمارم بکات. چرکەساتێکیش پاشی ئەوە، هەر ئەوەندەی خۆشی هەرمێی گەییو و چێژی دۆزینەوەی بازدانم بەدەست هێنابوو، پێم وا بوو دواکەوتن شتێکی ئەوتۆ نەبێت. دەمزانی ئەوە ئاڵوگۆڕێکی شیاوە. لە یادم نەمابوو ئەو ڕۆژە لە پۆلی دووهەم چییان فێر دەکردین، بەڵام پێم وا بوو ئەوەندە بەبایەختر نەبێت لەو ئارەزووەی من بە شوێنیەوە بووم کە بەدەستهێنانی هەرمێی گەییو و دۆزینەوەی چێژی بازدان بوو بەرەو پەلکی هەرمێکان.

زمانم چووبووە کلیلە، بۆم نەدەکرا بیر لەوە نەکەمەوە کە ئەوان پرسیارم لێ دەکەن و منیش هیچی ئەوتۆ پەیدا ناکەم پێیانی بڵێم. تەنیا ئەوەم شک دەبرد کە دەمزانی. پێنج هەرمێم بە چلێکی شکاوەوە لەگەڵ خۆم هێنابوون. بۆم دەکرا گەلێک هەرمێی لەوە زیاتریشم بەردەست بکەون، بەڵام تەنیا ئەو پێنج دانەیەم هەڵبژاردبوون کە بە ئاسانی بە دەستمەوە هاتبوون. دانەیەکیانم خوارد و پاشی دە خولەک دواکەوتن، چواریانم لەگەڵ خۆم بردن بۆ پۆل.

ساویلکەیی کەسێکی ئاسایی کە لە تەمەنی شەش ساڵیدایە ئەوەندەی شەست ساڵی کەمتر نییە، بەڵام کەسانێکی زۆر کەم

ئاساییین. زۆرێک لە خەڵکی هەر بەوە دەچێت نەزاکەت بنوێنن. چوار هەرمێم لەگەڵ خۆم هێنابوون بۆ پۆل و وەکو هۆکارێک بۆ دواکەوتنم پێم نیشان دان. ئەگەر شتێکم گوتبێ ئەوا ئێستا بە بیرم ناکەوێتەوە چیم گوتووە، بەڵام هەرمێکانم پێ نیشان دان. ئەوەش تێنەگەیشتنێکی کتوپڕی هێنایە ئاراوە و ئەوەشم دەزانی کە وەکو دزێکم لێ دەڕوانن کە هەم بێزارکەر و هەم شـەرمهێنە. هـیچم نەبـوو بیڵـێم، چـونکە ئەو هەرمێیـانەی بە دەستمەوە بوون لە هەمان کاتدا هەم بەڵگە و هەم بیانووش بوون، هەستم بە سەرسامییەک دەکرد لەبەر ئەوەی هەرمێکان بۆ خاتوو لارکین تەنیا بەڵگە بوون. هیوام دەخواست ئەو لەبەر ئەوەی هەم مامۆستا بوو و هەم ئەزموونێکی زیاتریشی هەبوو، پێزانینی زیاتری هەبوایە. ئەو زۆر توند بوو و گەلێکی هێنا و برد و دونیایەک شتی گوت. من تەنیا هەر ئەوەندەی لێ تێگەیـشتم کە ئەو تـووڕە و شـێت و هـار بـوو و بەو بـارەدا شکاندیەوە کە تەنیا چارەیەک ئەوەیە دەبێ سزا بدرێم.

وردەکارییەکانی ناڕۆشن بوو، بەڵام ئەوەم بەبیردێتەوە لە ژووری بەرێـوەبەری قوتابخـانە دانیـشتبووم و تـا ڕادەیـەک هەستم بەوە دەکرد کە دزێکم و چاوەڕوانی هاتنی مامۆستا پـــۆلاردی بەڕێـــوەبەر دەکەم. هەرمێکـــان لەوێ بەوپەڕی غەمگینییەوە لەسەر مێزەکە داندرابوون و ئیدی دیاربوو کە ئەوانە تەنیا بەڵگە بوون و منیش بە تەواوی تۆقیبووم. هیچی ئەوتۆ نەبوو لەو کاتەدا لەوێ بیکەم و ئیدی بۆخۆم دەستم کرد بە خواردنی هەرمێکان. هەرمێکان زۆر شیرین بوون و زۆر لەو دانەیەش شـــیرینتر بـــوون کە لای درەخـــتەکەوە خـواردم. نـاوکی هەرمێکـان لەنـاو دەسـتمدا مـابوونەوە و بە شێوازێکی ناخۆش ناودەستیان لینجاوی کردبووم. نەمدەزانی

چـی لە نـاوکی هەرمێکـان بـکەم و بەوپەڕی ترسـەوە کەوتـمە بیرکردنەوە و هێنانوبردنیان. ناوکی سێو، ناوکی سێو. چی لە نـاوکی سـێو بکەیـن؟ ئیـدی لەو جـۆرە گەمـانەم لەگەڵ خـۆم دەکــرد. ناوکەکــان بــۆ ئەوەن کە فــڕێ بــدرێن، بەڵام هەر چـواردەورم دیـوار و پەنــجەرە بـوو. نـاوکی هەرمێکانیـشم خــواردن و هەر بە تەنیــا چەنــد دەنکێــک لەنــاو دەســتما مابوونـەوە. ئەوانەشـم خـستنە نـاو گیرفـانمەوە و بیـرم لەوە دەکردەوە کە بۆخـۆم بیانچێنم و داری هەرمێی خـۆمم هەبـن. لەبەر ئەوەی دەترسـام و خۆشیـشم بەوە نەدەهـات دزێـک بـم، یەک لەدوای یەک هەرمێکانم خواردن. ئەوەش ئەزموونێک بوو هەرچی جوانی بێ تیای نەبوو، لەبەر ئەوەی هەستم بە خۆشی نەدەکـرد. دوای هەمـوو شـتێک، بەڕێـوەبەر هـات. هـاتنی هەر وەکـو هــاتنی مەرگ وا بـوو. لەو کـاتەدا کە دەسـتی کـرد بە کۆکین، هەمـوو دونیـا لەگەڵیدا کەوتـنە لەرزیـن. چەنـد جارێـک لەسـەر یەک کـۆکی و بەوپەڕی تـووڕەییەوە لـێم وردبـووەوە. ئیدی گوتی: بیستوومە دەڵێن هەرمێت دزیوە. ئەی هەرمێکان کـوان؟ مـن پـێم وا بـوو ئەو دەیەوێـت هەرمێکـان بخـوات و لە حزوریـدا هەسـتم بە خۆداشـکانەوەیەکـی زۆر دەکـرد، چـونکە هیچم پێنەمابوو بیدەمێ. بەڵام لەوەشی دەکرد ئەو لە شوێنێکی دیـیەوە بیـری کـردبێتەوە و پێـی وا بووبێـت بـۆیە هەسـت بە خۆداشکانەوە دەکەم، چونکە بەسـەر دزییەوە گیـراوم. ئەوەش بە هیچ جۆرێک خۆشیی تیا نەبوو گوێم لێی بێ، ئەو پێم بڵێ، تۆ دزیت کـردووە، چـونکە دزیـم نەکـردووە. مـن هەرمێکـانم لە کاتێکـدا بینیـوون کە هێـشتا هەر هەرمـێش نەبـوون. پەلکێکـی ڕووتوقووت بوون و دواجـار گەڵا و گوڵیـان کـردووە و بـوون بە چـرۆ و تۆییـان کـردووە و بەردەوام لێمڕوانیـوون تـاوەکو

ئەو دەمەی هێواش هێواش گەورەبوون و بوون بە هەرمێیەکی گەییو. من بۆ خۆم پێمگەیاندوون. هەرمێ گەیوەکان هی خۆم بوون. گوتم، هەرمێکانم خواردن. هەر زۆر بەزەییم بە خۆمدا هاتەوە کە نەمدەتوانی پێی بڵێم من هەرمێکانم نەدزیون و هەر بۆخۆم گەورەم کردوون و پێمگەیاندوون. بەڵام دەمزانی هەر ئەوەندە بڵێم کە ئەوان چاوەڕوانییان لێدەکردم بیانڵێم.

ئەو گوتی: هەرمێکانت هەموو خواردن؟ ئەوم زۆر تووڕە دەهاتە بەرچاو. هەرچۆنێک بوو گوتم: بەڵێ گەورەم خواردمن.

ئەو گوتی: چەند هەرمێ بوون؟

من گوتم: چوار.

تۆ چوار هەرمێت دزی و هەر هەموویانت خوارد؟

نەخێر، گەورەم. پێنج هەرمێ بوون و یەکێکیانم لای درەختەکەوە خوارد.

هەرچی هەبوو سەرلەبەری شێوا بوو و دەمزانی بۆم ناکرێت هەر وا بە ئاسانی لێوەی دەرباز بم و بۆم ڕێک نەدەکەوت بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەمەوە کە لە ناخی خۆمەوە دەهاتنەدەرێ. هەموو ئەوەی بۆم دەلوا جێبەجێیان بکەم وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئەو بوو بەو شێوەیە بیاندەمەوە کە تەواو تەنگی پێ هەڵچنی بووم و ڕێگەی بۆ خۆش دەکرد بۆ ئەوەی بە سزام بگەیەنێ و هەر واشی کرد. شریخەی قامچی ڕایچڵەکاندم و تا هێزم تیا بوو قریشکاندم. دەبوو بگریم، لەبەر ئەوەی زۆرم بە لاوە سەیر بوو کەسێک لە ئارادا نەبوو هەر ئەوەندەی تۆزێک بۆی بکرێ گوێم لێ بگرێ و لەوە تێبگات کە بۆچی پێنج هەرمێم لێکردنەوە و چواریانم لەگەڵ خۆمدا هێنا بۆ پۆل، لە کاتێکدا دەمتوانی سووک و ئاسان درۆیەک هەڵبەستم و بڵێم لە کاتی هاتنم بۆ قوتابخانە

یاریـــدەی ڕێبـــوارێکی بەســـتەزمانم داوە کە  ڕێـــگەی هەڵە کردبوو، یان هەر درۆیەکی دی.

دەزانــم خــاتوو لارکــین مــردووە، بەڵام ئەگەر پــۆلاردی پیرەمێـرد هێـشتا لە ژیانـدا مـابێ ئەوا هیـوا دەخـوازم ئەوەی نووسیومە بیخوێنێتەوە، چونکە بەتایبەتی بۆ ئەوم نووسیوە و ئێستا دەمەوێ پێی بڵێم من هەرمێکانم نەدزیبوون و هەر بۆ خـۆم خوڵقانـدبوومن و هەر لەبەر ئەوەش چواریـانم بـۆ پـۆل هێنـابوو، چـونکە هێنـدە جـوان و نـازدار بـوون، دەمویـست هاوڕێکانم هەر وەکو چۆن خۆم بینیومە، ئەوانیش ئاوا بیبینن. بەڕێز پۆلارد، هەستێکی ئەوەندە زامدار نییە، بەڵام پێم وا بـوو دەبێ ئەوەت پێ بڵێم کە ئەو ڕۆژە بەڕاسـتی لەنـاو منـدا چـی دەگوزەرا.

## پرتەقاڵ

پێیان گوت دوان لە پرتەقاڵە گەورەکان بە دەستەوە بگرە و لە گۆشەیەکی کۆڵانەکەدا ڕابوەستە و هەر ئەوەندەی ماشێنێک بەوێدا تێدەپەڕێت، بەدەم پێکەنینێکەوە پرتەقاڵەکانیان بۆ هەڵبڕە و نیشانیان بدە. ئەگەر یەک پرتەقاڵیان داوا کرد، ئەوا دانەی بدە بە پێنج سەنت. مامە جەیکی، وای پێ گوت. سێ پرتەقاڵیش بدە بە دە سەنت، دەرزەنێکیش لە پرتەقاڵەکان بە سیوپێنج سەنت بفرۆشە. ئەو گوتی تا دەتوانی دەمت پان بکەرەوە و پێکەنینێک بخەرە سەر لێوەکانت.

لووک، بۆت دەکرێت پێبکەنیت، وا نییە؟ پێم وا بێت جارجارێک تۆ دەتوانیت لەبەرخۆتەوە پێبکەنیت، وا نییە؟

لووک، زۆر بە سەختی هەوڵی دا پێکەنینێک تاقیبکاتەوە و مامە جەیکی بەدوای ئەوەدا دەموچاوی خۆی دا بە یەکدا و لەوەوەش بۆی دەرکەوت کە پێکەنینەکەی زۆر خراپ بووە. هیوای دەخواست بۆی بکرێ بەو جۆرەی خەڵکی پێدەکەنن، ئەویش ئاوا پێبکەنێ. هەرچۆنێک بووە ئەوان وەکو ئەم جۆرەی ئەم هیچ ترسێکیان پێوە دیار نییە و خۆیان ناشڵەژێنن.

مامە جەیکی گوتی: من بە ژیانم هیچ کوڕیژگەیەکی وەکو ئەمەم خەمبار نەدیوە. بانگی کرد و گوتی: لووک.

بۆ ئەوەی بۆی بکرێ کەللەی سەری لەگەڵ کەللەی سەری ئەودا ڕێک بکاتەوە و بتوانێ نیگای ببڕێتە چاوەکانی و قسەی

بۆ بکات، مامە جەیکی تەواو خۆی نوشتاندەوە. لووک، ئەگەر زەردەخەنەیەک بەسەر لێوەکانتەوە نەبێت، ئەوا هیچ کەسێک پرتەقاڵێکت لێ ناکڕێت. خەڵکی پێیان خۆشە ئەو کوڕیژگەیەی پرتەقاڵ دەفرۆشێت، زەردەیەک بە ڕوویەوە دیار بێت. ئەوە وایان لێ دەکات ئاسوودە بن.

ئەو زۆر بە باشی گوێی بۆ مامی شل کردبوو کاتێک قسەی بۆ دەکرد و بە شێنەیی لە چاوەکانی دەڕوانی و لە هەموو قسەکانی تێدەگەیشت. هەموو ئەوەی هەستی پێ دەکرد، مامە جەیکیشی تەواو شڵەژابوو. ئەو دەیڕوانی ئەو پیاوە لە بەردەمیدا وەستاوە و چۆن کاتی خۆی باوکی بەسەر سەریەوە وەستابوو و دەیشیراند، ئەویش بە هەمان شێوە بەسەریدا دەشیرێنێ.

لووک، مامی بانگی کرد. تۆ هەندێک جار لەبەرخۆتەوە دەتوانیت پێبکەنیت، دەتوانیت وا نییە؟

ئەو نەبوو، خێزانەکەی جەیک ئەوەی گوت. ئەگەر تۆ بۆخۆت نامەرد نییت، ئەوا هەر بۆ خۆت دەڕۆیتە دەرەوە و پرتەقاڵەکان دەفرۆشیت. تۆش کتومت هەر وەکو براکەی خۆت وایت و هەر بەوە دەکات لەژێر خاکدا مردوویەک بیت. ئەوە یەکێک بوو لەو هۆیانەی کە وای لێ دەکرد زۆر دژوار بۆی هەڵبکەوێت پێبکەنێت؛ ئەو شێوازەی هەمیشە ئەو ژنە قسەی پێ دەکرد، نەک هەر بە تەنیا وشەکانی، بەڵکو ئەو سووکایەتییەش کە لەناو دەنگیدا بەردەوام سەری مامە جەیکی پێ دەکوتیەوە. ئەو ژنە چاوەڕوانی چ زەردەخەنە و هەست و سۆزێکی پاک و بێگەردی لێ دەکات، کە ئەو هەمیشە بە چاوێکی سووک و نزمەوە لە خێزانەکەی بڕوانێت و بەردەوام ئەوەی بە دەمیدا بێت، نەیگێڕێتەوە؟

جەیک، برا بچکۆلەی باوکی بوو، هەر تەواوێکیش بەوی دەکرد. بێگومان کاتی خۆیشی هەمیشە ئامۆژنی دەیگوت، باوکت بەکەڵکی هیچ نایەت و بۆ مردن باشە، لەبەر ئەوەی نازانێ چۆن پارە پەیدا بکات. ئەو هەمیشە بە جەیکی مامی دەڵێ، ئەوە ئەمەریکایە! دەبێ بڕۆیتە دەرەوە و خەڵکی بناسیت و دۆستایەتییان لەگەڵ دابمەزرێنی و وایان لێ بکەیت خۆشیان بوێیت. مامە جەیکیشی بەردەوام دەیگوتەوە، وایان لێ بکەم خۆشیان بوێم؟ چۆن کارێکی وا بکەم خۆشیان بوێم؟ ئەویش هەمیشە لە بەرامبەریدا خەمباری دایدەگرت و دەیگوت: ئۆی تۆ گەمژەیت. ئەگەر ئەو منداڵە لە سکمدا نەدەبوو، ئەوا هەر بۆخۆم دەچوومە دەرەوە و کارم دەکرد و تۆشم لەماڵەوە وەکو منداڵ دادەنا.

جەیک هەمان ئەو غەمگینییەی هەبوو کاتی خۆی باوکی هەیبوو، هەمیشە بەو جۆرە بوو، خەمباری ڕۆحی خۆی دەخوارد و ئارەزووشی دەکرد خەڵکانی دی ئاسوودە بن. جەیک هەمیشە داوای لێ دەکردم زەردەخەنە بخەمە سەر لێوەکانم.

زۆر باشە. جەیک گوتی. زۆر باشە. زۆر باشە. هەر زۆر باشە. بمکوژە و شێتوهارم بکە. بەڵێ وایە، دەبوو من لە جێی مردوان بوومایە. دە کارتۆن پرتەقاڵ و ئەوەی پارە بێت لە ماڵەکەماندا نییە و هیچ نییە بیخۆین. من هەر بۆ مردن باشم. دەبێ من لە دەمی کۆڵانەکان ڕابوەستم و پرتەقاڵ بگرم بە دەستمەوە؟ دەبێ هەر هیچ نەبوایە عەرەبانەیەکم لە شوێنێک پەیدا بکردایە و بەناو کۆڵانەکاندا بهاتمایە و بچوومایە؟ من لەجێی مردوانم. بەڵێ لەجێی مردوان.

بەدوای ئەوەدا جەیک بە جۆرێک ڕەش داگەڕا، ڕوخساری کۆڵێک یەمگینیی پێوە دیاربوو. هەر بەوەی دەکرد لە هەموو دونیادا پێش ئەو کەسێکی غەمگینتری وا لە ئارادا نەبووبێت، تەنانەت خودی خۆیشی. هیوای خواست هەرچیی کردووە ددان بە خۆیدا بگرێ و نەگری، چونکە جەیکی مامی زۆر غەمگین بوو. سەرباری ئەوەش ژنەکەی جەیک تووڕەبوونێک تووڕە بوو، لە ژیانیدا تووڕەبوونی وای بەخۆوە نەدیبوو و لەگەڵ ئەوەشدا دایە پرمەی گریان. ئەو هەر بەڕاستی و بەو شێوەیە دایە پرمەی گریان کە چۆن تووڕەیی بەڕاستی دایدەگرێت. تۆ بۆخۆت دەتوانی هەست بەوە بکەیت کە چ کارەساتێک بە ڕێوەبوو. ئەو بە غەمگینییەوە نەیدایە پرمەی گریان، بەوپەڕی تووڕەییەوە دایە پرمەی گریان. ئەوەش هەموو ئەو قەرز و پێداویستییانەی ماڵ و ئەو چرکەساتە دژوارانەی بە یادی جەیک هێنایەوە کە تا ئەوڕۆ بە هۆی ئەوەوە گوزەراندبووی. هەر هەمووشی پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە هەرچی زووە ئەو منداڵە لەدایک بێ و بێتە دەرەوە. خێزانەکەی گوتی: بۆچی بێتە دەرەوە؟ پێم ناڵێی بۆچی گەمژەیەکی دی بێتە نێو ئەم دونیایەوە؟

کارتۆنێک پرتەقاڵ لەسەر ئەرزەکە کەوتبوو، ژنەکەی جەیک بەدەم پرمەی گریانەوە هەتا توانیی شیراندی و دوان لە پرتەقاڵەکانی هەڵگرتن و گوتی: ئەوەی ئاگر بێ لە ئاگردانەدا نییە، هەر ئەوەندەی مانگی خەزەڵوەڕیش هات، ئیدی دەبێ هەموومان لەبەر سەرما ڕەق ببینەوە. ماڵ دەبێ پڕ بێ لە بۆنی گۆشت. لەوێدا تا هێزی تیابوو شیڕاندی، خواردن. لە پرتەقاڵەکانی تۆ دەخۆین. پرتەقاڵ دەخۆین تا تووشی سیل و سەرەتان دەبین. ئیدی هەر دەیبۆڵاند و قیژەی نەدەبڕایەوە.

جەیک ئەوەندە غەمگین بوو، هیچی بۆ نەدەگوترا. لە شوێنی خۆی دانیشتبوو، شێت و سەرگەردانی دەنواند.

ئەوانیش داوایان لێ دەکرد پێبکەنێت.

ژنەکەی جەیک پرتەقاڵەکانی گرتبوو بە دەستەوە و بەناو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو و جارجارێکیش ئاگری دەگرت و دەیشیراند و باسی ئەو منداڵەی دەکرد کە لەناو سکیدا بوو. هێندەی پێ نەچوو گریانەکەی وشکی کردەوە و گوتی: دە فەرموو بۆ گۆشەی کۆلانەکەی بەرە و با بزانین دەتوانێ شتێک پارە پەیدا بکات.

جەیک هەر بەوەی دەکرد مردبێت. ئەو هێشتا سەریشی بەرز نەکردبووەوە، ژنەکەی جارێکی دی شیڕاندی. فەرموو بۆ گۆشەی کۆلانەکەی بەرە و پێی بڵێ با بەدەم ڕێبوارانەوە بۆخۆی پێبکەنێت. دەبێ شتێک پەیدا بکەین بیخۆین.

چ مانایەکی هەیە لە دونیایەکدا هەناسە بدەیت کە هەموو شتێک بۆگەنی کردبێ و کەس نەزانێ چی دەکات؟ چوون بۆ قوتابخانە چ مانایەکی هەیە و چاوەڕوانی چی لە فێربوونی بیرکاری دەکەیت و هۆنراوەی چی دەخوێنیتەوە و وێنەی باینجانی چی لە دەفتەری وێنەکێشانەکەتدا دەکێشیت؟

چ خۆشییەک لەوەدایە تا ئەو دەمەی دەڕۆیتە ناو شوێنی خەوەکەتەوە، بە درێژایی کاتەکان گوێت لە شەڕ و دەمەبۆڵەی جەیک و ژنەکەی بێت، لە ژوورێکی ساردا بەردەوام هەڵبلەرزیت و بەدەم گریانەوە چاوت بدەیتە دەم خەو و لە خەو ڕاپەڕیت و لە ئاسمانێکی تاڵ و غەمبار وردبیتەوە و لەناو سەرما و تەزیندا هەست بە هەڵلەرزین و ڕەقبوونەوە

بکەیت و بڕۆی بۆ قوتابخانە و لەجێی نان بۆ نیوەڕۆژە، پرتەقاڵ بخۆیت؟

جەیک لە شوێنی خۆی قەڵەمبازێکی دا و بەسەر ژنەکەیدا نەڕاندی و گوتی هیچ ناکەم دەتکوژم و خەنجەرێکیش لە سکی خۆم ڕۆ دەکەم. ئیدی ژنەکەی تا توانیی دایە پرمەی گریانێکی بەکوڵتر و کراسەکەی لە بەری خۆیدا دڕاند و تا کەمەری ڕووتوقووت بووەوە و گوتی: زۆر باشە، دەی فەرموو بمکوژە. باشترە هەر هەموومان مردوو بین. بەڵام جەیک دەستی کردە ملی و لەگەڵ خۆی بردیە ژوورەکەی ئەودیو. کوڕیژگە بۆی دەکرا گوێی لە ژنەکە بێ لەبەرخۆیەوە دەنووزایەوە و جەیکی ماچ دەکرد و پێی دەگوت: ئەوەی لە سکمایە منداڵێکی بچکۆلانەیە، منداڵێکی بچکۆلانەی گەورەیە و ئەو منی وەکو دایکێک دەوێ بەدیاریەوە بم.

ئەوەتا ئێستاش لە گۆشەی کۆلانێکدا وەستاوە و هەموو شتێک زۆر بە خێرایی ڕووی دا و تەنانەت بۆشی نەکراوە تێبینیی ئەوە بکات ماندووبوون چەند دڵڕەقانە لە پەلوپۆی خستووە. تەواو تووڕە و ماندوو بوو و لە شوێنی خۆی دانیشت. زیندووبوون لە دونیایەکدا مانای چی دەبەخشێت کە لەوێدا تاک و تەنیا بیت و نە دایک و نە باوک و نە هیچ کەس خۆشی نەوێیت؟ ئارەزووی گریانێکی بوو، بەڵام هەرچۆنێک بێ گریان کەڵکی چی دەگرێ کە هیچ دەروویەکی ئەوتۆی بۆ ناکاتەوە؟

زۆری پێ نەچوو جەیک هاتە دەرەوە و هەوڵی دا زەردەیەک بخاتە سەر لێوەکانی. جەیک گوتی: هەموو ئەوەی دەیکەیت لووک، دوو پرتەقاڵی گەورە بگرە بە دەستتەوە و هەڵیان بڕە بۆ ئاسمان و بەدەم زەردەیەکەوە نیشانی ئەو

خەڵکانەی بدە کە بە ماشێنەکانیان بەوێدا تێدەپەڕن. لووک، باوڕ بکە هەر بە خۆشت نازانی چۆن کارتۆنێک پرتەقاڵت فرۆشتووە. ببینە من چۆن زەردە دەمگرێ، جەیک گوتی. یەک پرتەقاڵ بە پێنج سەنت، سیان بە دە سەنت و دەرزەنێکیش بە سیوپێنج.

ئیدی هەر ئەوەیە. جەیک گوتی.

جەیک کارتۆنێک پرتەقاڵی لەدەمی کۆڵانەکە بەجێ هێشت و بەرەو پشتەوەی دەرگاکە گەڕایەوە. کۆڵانەکە هەتا بڵێی غەمگین بوو. جەیک کارتۆنێک پرتەقاڵی هەڵگرتبوو و ئەویش لە پاڵیەوە دەڕۆیشت. گوێی لێ بوو جەیک پێی دەگوت: زەردەیەکی گەشاوە بخە سەر لێوەکانت. ئاسمان تاریک بوو و گەلایەک چی بوو نە دەجوولایەوە و ناو کۆڵانەکە هەتا بڵێی غەمگین بوو. بەڵام ئەوەی جێی پێکەنین بوو بۆنی پرتەقاڵەکان ئەوەندە تەڕ و خۆش و پاراو بوون، سەرنجیان ڕادەکێشایت. ئەوپەڕی غەمگینی بوو پرتەقاڵەکان هەتا بڵێی جوان بوون. گۆشەی کۆڵانێکی جەنجاڵ بوو و هەرچی ماشێنەکان هەبوون بەوێدا تێدەپەڕین و جەیکیش کارتۆنێکی لەسەر شۆستەکە دانابوو.

جەیک گوتی: ئەو کارە تەنیا دەبێ منداڵێکی بچکۆلانەی بەدیارەوە بێ. لووک، من دەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ. جەیک جارێکی دی خۆی نوشتاندەوە و لەناو چاوەکانم وردەبووەوە. خۆ تۆ ناترسی، وا نییە لووک؟ بەرلەوەی تاریکیدا بێت، من دەگەڕێمەوە بۆ لات. تا دوو سەعاتی دیش دونیا تاریک ناکات. تەنیا هەر ئەوەندەیە کەمێک ئاسوودە بە و بە ڕووی خەڵکەوە زەردە بتگرێ. جەیک گوتی: ئەها تەماشام بکە زەردە چۆن دەمگرێ.

جەیک قەڵەمبازێکی دا و لە شوێنی خۆی جووڵا، هەر بەوەی دەکرد بە قەڵەمباز نەبێت نەتوانێ لە شوێنی خۆی بجووڵێت. بە خێرایی بە کۆڵانەکەدا شۆڕ بووەوە و وەک ڕەشەبا تێپەڕی و ئەوەندەی دی دونیای لا غەمگینتر کرد. پێنج سەنت بۆ یەک پرتەقاڵ و دە سەنت بۆ دوان و سیوپێنجیش بۆ دەرزەنێک.

دوو پرتەقاڵی گەورەی جوێکردنەوە و بە دەستی ڕاستیەوە گرتنی و بۆ سەر سەری بەرەو ئاسمان بەرزی کردنەوە. بە ڕوانینی خۆی کارەکە زۆر باشی نەدەنواند و تەواو خەمبارانە بوو. کەڵکی چی دەگرێ دوو پرتەقاڵی گەورە بۆ سەر سەرت بۆ ئاسمان بەرزبکەیتەوە و بەدەم ئەو خەڵکانەوە زەردە بتگرێ کە بە ماشێنەکانیانەوە بەوێدا تێدەپەڕن؟

زۆری پێ چوو تاوەکو ماشێنێکی بینی لەناو بازاڕەوە بەوێدا تێپەڕێ، لەو شوێنەی ئەوی لێ ڕاوەستابوو، ماشێنەکە بەوێدا دەهات. هێواش هێواش ماشێنەکە نزیکتر دەکەوتەوە و پیاوێکی بینی لە پێشەوەی دانیشتبوو، لە دواوەش ژنێک و دوو منداڵ. هەر ئەوەندەی تەواو نزیکبوونەوە، زەردەیەکی خستە سەر لێوەکانی. بەوە نەدەچوو ماشێنەکە ڕابوەستێ، هەردوو پرتەقاڵەکانی بەرەو ڕووی ماشێنەکە جووڵاندنەوە و تەواوێک بە ڕووی شەقامەکەدا چووە پێشەوە. ڕوخساری هەموویانی زۆر لە نزیکەوە بینی. زەردەی سەر لێوەکانی کەمێک گەورە و گەورەتر نیشان دان. بۆی نەدەکرا لەوە زیاتر زەردەخەنەکەی گەورەتر بنوێنێت، چونکە ئیدی هەر هێندەی کەمێک لەوە بترازێ، ڕوومەتەکانی ئازاری دەدات. خەڵکەکان هیچیان ڕانەدەوەستان و تەنانەت لە وەڵامیشدا بە زەردەیەک میهرێکیان نیشان نەدەدا. هەر وەکو ئەوەی کوڕێژگەیەکی

بەدبەخت بێ، کیژۆڵەیەکی بچکۆلانە لەناو ماشێنێکەوە لێویکی لێ هەڵقرچاند. ئەوە کەڵکی چی دەگرێ لە گۆشەی کۆلانێکدا ڕابوەستی و سەرقاڵی ئەوە بیت پرتەقاڵ بە خەڵکانێک بفرۆشیت کە ئەوان لێوت لێ هەڵدەقرچێنن و تۆش زەردە دەتگرێ و هەوڵ دەدەیت خۆشەویستییان بەدەست بهێنیت؟ ئەوە کەڵکی چی دەگرێت ماسوولکەکانت ئازاری دونیات پێ ببەخشن هەر لەبەر ئەوەی خەڵکانێک هەن زەنگینن و خەڵکانێکیش ئەوپەڕی بەدبەخت. خەڵکانی زەنگین بە ئارەزووی خۆیان دەخۆن و پێدەکەنن و بەدبەختەکانیش خواردنێک شک نابەن و هەمیشە بە ڕووی یەکدا هەڵدەشاخێن و داوا لە یەکدی دەکەن بیانکوژن؟

دەستی هێنایەوە خوارێ و وازی لە پێکەنین هێنا و ڕوانییە بۆریی ئاگرکوژێنەوەکە، لەودیوی بۆری ئاگرکوژێنەوەکەوە دەمی بۆرییەکە دیاربوو و لەوێوەش شەقامی ڤێنتورا تا دەهات درێژ دەبووەوە و لە هەردوو بەری شەقامەکەوەش خانووەکان بوون و لەناو خانووەکانیش خەڵک. کۆتایی شەقامەکەش دەچووە ناو شارۆچکەیەکەوە و لە دەوروبەری جۆگەلە و سەوزایی و ڕەز و باخی میوەی لێوە دیاربوو و لە پشتی ئەوانەشەوە شاخوداخ بوو و لەودیوی شاخوداخەکانەوە دونیایەک شار و شارۆچکەی دی و دونیایەک ماڵ و شەقام و خەڵکی دی.

چ کەڵکێکی هەیە تۆ لە جیهانێکدا بیت، تەنانەت بۆشت نەکرێ تەماشای بۆریی ئاگرکوژێنەوە بکەیت بەبێ ئەوەی ئارەزوویەکی پڕت بۆ گریان نەبێ؟

ماشێنێکی دی خەریک بوو لە شەقامەکەوە دەهات، جارێکی دی دەستێکی بەرز کردەوە و دەستی کرد بە پێکەنین. کاتێک

ماشــێنەکە بە لایــدا تێــپەڕی، ســەرنجی دا شــوفێرەکە هەر تەماشاشی نەکرد. پێنج سەنت بۆ پرتەقاڵێک. ئەوان دەتوانن پرتەقاڵ بخۆن. بەدوای خواردنی نان و گۆشتدا، ئەوان دەتوانن پرتەقاڵ بخۆن. پاکی بکە و تێرتێر ئەو بۆنە خۆشەی هەڵمژە و ئەوجـا بیخـۆ. ئەوان دەتـوانن ماشـێنەکانیان ڕابگـرن و ســێ پرتەقاڵ بە دە سەنت بکڕن. ماشێنێکی دی بەوێدا تێپەڕی و لە کاتێکـــدا ئەو بەدەم پێکەنیـــنەوە دەســـتێکی لە ئاســـماندا ڕادەشـــەکاند، بەڵام هەر ئەوەنـــدە بـــوو خەڵـــکەکەی نـــاوی تەماشایەکیان کرد و هیچی دی.

خۆ هەر ئەوەندەی لە پاداشتی پێکەنینەکەم بە پێکەنینێکیش وەڵامـم بـدەنەوە، ئەوەنـدە خـراپ نابێت. بە لامـدا تێدەپەڕن و تەنانەت بە ڕووشمەوە پێناکەنن. گەلێک ماشێن بەوێدا تێپەڕین و هەر بەوە دەچوو خراپ نەبێت لەتاو خەمناکی لە شوێنێکدا دابنیـشێت و دەسـت لە پێکەنـین هەڵبگرێت و تـا بتـوانێ بـداتە پڕمەی گریان. ئەوان بە هیچ جۆرێک پرتەقاڵیـان ناوێت و هەر وەکـو ئەوەی مـامە جەیکـم دەڵـێ پێیـان خۆشـە بەدەمیـانەوە پێبکەنم، لەوە دەکات پێیان خۆش نەبێ لە پێکەنینەکەم بڕوانن. هەر ئەوەندە بوو لێم بڕوانن و هیچی دی.

خەریـک بـوو تـاریکی دادەکەوت و ئەویـش پێـی وا بـوو هەموو دنیا لەوێدا کۆتایی دێت. بە گریمانە ئەوەی دەهێنـایەوە ناو ئەندێشەی خۆی لەوێدا ڕابوەستێ و دەستێکی بۆ ئاسمان هەڵبڕێ و تا کۆتـایی هەمـوو دونیا زەردەی پێکەنینێک بەسـەر لێوەکانیەوە بێت. وای دەهێنایە پێشچاوی خۆی هەمـوو ئەوەی بۆی لەدایک بووە، تەنیا ئەوە بێت تا دونیا دونیایە لە گۆشـەی کۆڵانێکدا ڕابوەستێ و بەدەم پێکەنینەوە پرتەقاڵ بۆ ئەو خەڵکە ڕابگرێت، لە کاتێکـدا فرمێـسک بەسـەر ڕوومەتەکـانیەوە دێـنە

خوارەوە. هەموو شتێک چووبووە ناو تاریکی و ڕەشاییەوە و ئەو هێشتا لە شوێنی خۆی ڕاوەستاوە و ئەوەندە پێکەنیوە ڕوومەتەکانی خەریکن لەتاو ئازار دێنە دەرەوە و لە داخی ئەوەش بە پێکەنینێک بەسەریان نەکردبووەوە، تێرتێر گریاوە. هەموو ئەوەی خەمی بۆ دەخوارد ئەوە بوو کە دونیا دەخزێتە ناو ڕەشاییەوە و کۆتایی دێ، دوور نییە جەیکیش بمرێ، ژنەکەشی بمرێت، هەموو شەقام و خانوو و خەڵک و ڕووبار و ڕەز و باخ و ئاسمانیش بمرێ. دوور نییە هیچ کەسێک لە هیچ شوێنێک نەبێت. تەنانەت یەک پیاویش لە هیچ شوێنێک نەبێت. تەنانەت شەقامێکی چۆڵوهۆڵ، یاخود پەنچەرەیەکی تاریک و دەرگایەکی داخراویش. هەر لەبەر ئەوەی ئارەزوو ناکەن پرتەقاڵێکی لێ بکڕن و نایانەوێ بە ڕوویەوە بە زەردەیەک وەڵامی بدەنەوە، دوور نییە هەموو دونیا کۆتایی بێت.

# برا بچکۆلە

مــن سوپاســی تــۆ دەکەم کە خوشــکم بوویــت و داوای بەخشینیــشت لــێ دەکەم کــارەکە بەو بــارەدا هەڵــگەڕایەوە نامەیەکی لەو جۆرەتان بۆ بنووسم، نەوەکو نامەیەکی برایانە. هەڵبەت بۆ خۆشت و منیش زۆر باش پێدەزانین بۆچی ئەو کارە دەکەم. من پێم خۆش نییە بەو جۆرە دەنووسم، لەبەر ئەوەی وام لێ دەکات هەموو ئەو ڕۆژگارانەم بە بیر بکەونەوە کە مەسەلەکان بە جۆرێکی دی بوون و تا ئەو شوێنەش شێتی گرتمی و ئیدی بۆم نەکرا ددان بە خۆمدا بگرم و ڕووم کردە خــواردنەوەیەکی زۆر. خــواردنەوەیەک، بەو جــۆرەی کە تــۆ نــاوی لــێ دەنێی و لەبارەیەوە دەڵێی مـن هەمیشە مەست و خومارم و بۆ خۆشت باش دەزانی ئەوە درۆیە. من تەنیا لەو کاتانەدا دەخۆمەوە کە بۆخۆشم نازانم چی دەکەم و هۆکەشی ئەوەیە زۆر هەست بە پەرێشانی دەکەم. تۆ بۆخۆت پێدەزانی من هەرگیز هاوڕێی گریان نەبووم و هەر کاتێکیش هەست بە پەرێشانی دەکەم بەو جۆرەی کە سەرتاپای گیانم دادەپۆشێت، هەر هەموو شتێک خراپ و وێران دەنوێنێت. بۆم ناکرێت وەکو خەڵکانی دی ددان بەخۆمدا بگرم و پەنا بەبەر گریان بەرم و دواجار هەست بە ئاسوودەیی بکەم، چونکە دەزانم هیچ شتێک وەکو خۆی لێ نایەتەوە و گریانیش کەڵکی چی دەگرێت؟

مــن کەمێــک دەخــۆمەوە، چــونکە ئەوە وام لــێ دەکــات بخرۆشێم و وا بێتە پێشچاوم کە هەر هەموو شتێک لە ژیانی

ئێمەدا بە هەڵە تێدەپەڕێ. هەر دوای ئەوەی یەک دوو شووشە بیرە دەخۆمەوە بۆ ماوەیەکی کورت هەست بە باشبوونێک دەکەم و هیچ گوێیەک بەو شتانە نادەم کە لەوەوبەر ڕوویان داوە.

دەوروبەری چواری ئەم پاشنیوەڕۆیە بوو گەڕامەوە بۆ فریسکۆ، ئێستاش کەمێک لە نیوەی شەو تێپەڕیوە و جارێکی دی یەک دوو شووشە بیرەم خواردووەتەوە. من بۆ خۆم پێم خۆش نییە ئاوا بخۆمەوە و بەو جۆرە بنوێنم، بەڵام ئاخر ناشزانم چی بکەم و پەیتا پەیتا هەموو ئەو شتانەی ئەوماڵەی کینگس بێرگم بە یاد دێنەوە کە ئەو ڕۆژگارە لەسەر شەقامی سان کارلۆ، لەگەڵ دایە و بابە لێی دەژیاین. بەردەوام ئەوەم دێتەوە یاد تۆ چەند خوشکێکی نازدارم بوویت و تەنیا کەسێکم بووی کە هەمیشە پشتوپەنام بوویت و بە هەموویانت دەگوت خۆیانم تێهەڵنەقورتێنن و واز لە جێمی بهێنن با شاد و ئازاد بێت. ئەو دەمەی گەڕامەوە بۆ فریسکۆ زۆرم برسی بوو و بەناو شارەکەدا هاتوچۆم کرد و سوڕامەوە و زۆرم هەوڵ دا بەسەر ئەو هەست و سۆزە پەرێشانەمدا زاڵ بم و هەرچی هەوڵم دا، بۆم نەکرا، زۆرم هەست بە غەریبی و دەربەدەریی خۆم دەکرد و ئیدی بۆم نەکرا شتێک بخۆم.

ئەو پاشنیوەڕۆیە شارەکە هەتا بڵێی کەشوهەوایەکی زۆر خۆش و دڵگیری هەبوو و ئەگەر هەستم بە پەرێشانی نەکردایە پێشبینیی ئەوەم دەکرد زۆر بە ئاسانی بۆم بکرایە خواردنێکی بەتامی لێ بخۆم و سەرلەنوێش بە جۆرێکی دی ژیانی خۆمم ڕێک بخستایەتەوە. بیرکردنەوەی بەردەوامم لەو ژیانە گەرموگوڕەی جاری جاران لە خانووە کۆنەکەماندا هەمانبوو، هەموو شتێکی لێ شێواندم و نەمدەزانی دەبێ چی

بکەم. یەک دوو شووشە بیرەم لە پاشنیوەڕۆدا خواردنەوە و ئیدی بەدوای ئەوەدا دەستم لە خۆم بەردا و هەر بۆ ئەوەی خۆم لە بیرکردنەوە بە دوور بگرم سەرم کردە سەر خواردنەوە و هەر خواردمەوە و خواردمەوە. ئێستاش دوای گەڕانێکی سەر کەنار دەریای ئەمبەر کادیرۆ، هەوای خۆش و فێنک بەئاگای هێنامەوە و ئەوەتا جارێکی دی هێمن بوومەتەوە. بە خێرایی بەرەو شار گەڕامەوە و خۆم کرد بە ڕێکخراوێکی لاوانی مەسیحیدا و لەوێوە ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم تاوەکو منەتباریی خۆمت پێ ڕابگەیەنم بەوەی کە ئەو ڕۆژگارەی لە خانووە کۆنەکەمان دەژیاین و هێشتا دایک و باوکمان لە ژیاندا زیندوو بوون، تۆ خوشکێکی چاک و دڵسۆزی من بوویت. من زۆر پەرێشانم و هیچیش پێم خۆش نییە بەو جۆرە نامەیەکت بۆ دەنووسم، بەڵام جارێکی دی بەئاگا هاتوومەتەوە و ئەوەندەش پارەم پێیە بەشی کرێی ژوورێکی مانەوەی ئەمشەوم بکات و بۆ بەیانییش خواردنێکی پێ بخۆم و ئیدی دوای ئەوەش هەرچی ڕوو دەدات با ڕوو بدات. گەلێک شتی خۆش و ناخۆش ڕوویان داوە و دەربارەی هەموو شتێک ئەوەندە هەست بە چارەڕەشی دەکەم، چیدی گوێ نادەمێ هەرچیم لێ بەسەر دێت با بێت.

دەمەوێ ئەوە بزانیت من چیی دی برای تۆ نیم و تۆش چیی دی خوشکی من نییت، لەبەر ئەوەی ئێستا دایکم و باوکم لە ژیاندا نەماون و خێزانێکی دی لە خانووە کۆنەکەی سەر شەقامی سان کارلۆدا دەژین و تۆش وەکو جارانی خۆت نەماویت و بێجگە لە من ئێوە هەر هەمووتان چوونەتە نێو ماڵی خۆتان و سەرقاڵن بە ژیانی خۆتانەوە. بە لامەوە گرنگ نییە ستیڤی برام ژنی هێنا و ڕۆی، ئەو هەمیشە گاڵتەی پێ

کردووم، لەبەر ئەوەی من هەرگیز نەمزانیوە چی بکەم و پێشم خـــۆش نەبـــووە وەکـــو کۆیلەیـــەک لە کارگەیـــەکـــی شتومەکپێچاوەنەوەدا ڕەنج بکێشم. ڕۆزای خۆشکیشم ئەوەندە بە لاوە گرنــگ نەبــوو کە چــووە مــاڵە مێــردی خــۆی. ئەو بەردەوام پێـی دەگـوتم مـن تەمەڵ و تەوەزەلـم و کەڵکـی هـیچ ناگرم، چونکە لەدووی شتێک دەگەڕام کە بۆ خۆشم نەمدەزانی چییە. بەڵام هەر ئەوەندەی تۆ مێردت کرد بە نیک ڕێنا، ئیدی من کەمێک ترس دایگرتم، چونکە لە ماڵەکەدا هەستم بە تەنیایی دەکرد. ئەودەم لە مۆزەخانەی گۆگنهایم کارم دەکرد و بۆخۆم دەمتوانی دوانزە دۆلاری کرێی خانوو بدەم، بەڵام تەواو تـاک و تەنیــا بــووم. تــۆ گوتــت دێــم بــۆ ســەردانت و ناوەنــاوە دەستگیرۆییەکت هەر دەکەم، ئەوە بوو دوای یەکەم مانگ پێت لێ بڕیم و ئەوەی دەبوو بیخۆم، هەر تەنیا خواردنی ناو قوتوو و هاتــدۆگ و ئەو شــتانە بــوو. کــاتێکیش داوام لــێ کردیــت جارێکی دی بێی بۆ لام و هەر وەکو چۆن کاتی خۆی دایکم خواردنی بۆ لێدەنام، تۆش ئاوا خواردنم بۆ لێ بنێی، تۆ گوتت بــۆت نــاکرێ، لەبەر ئەوەی بەم زوانە بەرەو ئەوە دەچیــت منداڵت ببێ. دیار بوو نێکیش پێی خۆش نەبوو و پێی گوتم کە چیی دی نـایەوێ تووشـی ڕەنـج و مانـدووبوونت بـکەم. لەبەر ئەوەی دایە و بــابە مردبــوون و هــیچ شــتێک وەکــو خــۆی نەمابووەوە، ئیدی ئەوە بوو بۆم نەکرا ددان بە خۆمدا بگرم و بەوەش تەواو کەللەیـی بـووم و یەکەم پێداهەڵـشاخان لەنێـوان من و نیکدا ڕووی دا. پێم خۆش نەبوو بە هیچ جۆرێک ئازاری بدەم، بەڵام چی بکەم دەسەڵاتم بەسەر خۆمدا لەدەست دابوو. نیـک لەوە تێنەدەگەیـشت کە تـۆ نـازدارترین خوشـکی منیـت و

لەدوای دایە و باوکەوە، تۆ تاکە کەسێکیت کە هەمیشە هەوڵ دەدەیت بە خۆمدا بێمەوە و لەگەڵ خۆمدا تەبا بێمەوە.

بە درێژایـــی ئەو پاشـــنیوەڕۆیە بەنـــاو شـــارەکەدا دەسووڕامەوە و هەستم بە غەریبی دەکرد و دەمزانی چیی دی خاوەنی خانوویەک نین و بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی هەموو شتێ ئاوا بە هەڵە تێدەپەڕێت. ئیدی ئەوە بوو دەستم کرد بە خواردنەوە. بڕوام بەوە نەدەکرد کە هەموو شتێک بەو جۆرە تێپەڕێت، بەردەوام بیرم لەو خانووە دەکردەوە و پێم وا بوو هێشتا ماڵەکەمان هەر لەوێیە. باوکە هێشتا لەسەر مێزەکە خەریکـــی پڕکردنـــی پـــێکە شـــەرابەکانێتی و دایەش قـــاپە خاڵییەکانمان پڕ دەکات لە خواردنی ئیتاڵدی بەتام و خۆش و هەر هەموومـان بەو مـاڵەی کە تیـای دەژیـین کـاتێکی پـڕ لە ئاسوودەییمان هەیە لەناو پێکەنیندا دەتریقێینەوە.

من تەمەنم پانزە ساڵان بوو و ئەو کاتەی باوکە مرد و تۆش هەر شانزە ساڵان دەبووی، بە درێژایی ئەو هەفتەیە هەر دەگریایـــت. لەبەر ئەوەی هەمـــوو شـــتێک شـــێوابوو و مـــن نەدەچووم بۆ قوتابخانە و لە ماڵەوە دەمامەوە و هەوڵم دەدا تۆ ژیر بکەمەوە. هەر دوای ئەوەی کە لە پرسەکەی گەڕاینەوە، من بەڕاستی بڕوام بەوە نەدەکرد باوکە مردبێت و پێم وا بوو تا ئەوکاتەی بتوانین لە ماڵەکەیدا بمێنینەوە ئەو نابێ بمرێ و هەر لەبەر ئەوەش بوو بۆی نەگریام، تەنانەت لەو کاتەشدا کە هەر هەموان بۆی دەگریان، لە پرسەکەشیدا هەر بۆی نەگریام. من لە ناخەوە بریندار بووبووم و دەشمزانی ئەوە دایکم داخان دەکات. لەبەر ئەوە نەمدەتوانی بگریم، چونکە باوکم پیاوێک بـوو هەمیـشە پێـدەکەنی و منـیش بـڕوام بەوە نەدەکـرد ئەو مردووە.

دوای سـێهەمین پەلامـاری مـن و نیـک و کاتێـک بـۆ دوو هەفتە خـستیانمە زینـدانەوە دەربـارەی هەمـوو شـتێکی ژیـانی خــۆم هەســتم بە پەرێــشانییەکی لە ڕادەبەدەر دەکــرد. بەو هۆیەشـەوە تـۆ لەو ڕۆژگـارەدا سـەروەختی یەکەم منداڵبوونت بـوو و بە هـۆی مـنەوە ئەویـان ڕەوانەی نەخۆشـخانە کـرد و منـیش زۆر بە خۆمـدا شـکامەوە. دەبـوو واز لە کـارەکەم لە مۆزەخـانەی گۆگنهـایم بهێـنم و خانووەکەمـان بەجـێ بهـێڵم و بەرەو فریـسکۆ بـڕۆم، بەرەو ئەو شــوێنەی کە پـێم وا بــوو هەمیشە پێم خۆشـە لەوێ بژیم. تۆ و ستیڤ و ڕۆزا هەمـوو کەلـوپەلی ماڵەکەتـان بـرد و منـیش بەرەو فریـسکۆ چـووم و لەوێ کــارێکم دۆزیــیەوە. لە کۆگایــەک دامەزرام و دەبــوو خەریکی گواستنەوەی کەلوپەل بم و ئەوەش تـاکە ئیشێک بـوو لەو کـاتەدا بەر دەسـتم کەوتبـوو و هـیچ پـارە و پوولێکیـشم بەدەستەوە نەبوو. تەمەنم گەیشتبووە نۆزدە ساڵی و بە خۆمم گـوت ئیـدی کـاتی ئەوە هـاتووە هەمـوو شـتێک لە یـاد بکەم و بڕوا بەوە بهێنم کە بەسـەر هەر هەمووماندا هـاتووە و هەوڵـم دا جێبەجێـی بـکەم. بـێ مانـدووبوون هەر وەکـو شـێت کـارم دەکرد و خاوەن کارەکەشـم ئاسـوودە کردبوو، بەڵام ئێستاش و ئەوساش ئیشەکەم خۆشنەدەویست. تۆ بۆ خۆت دەزانی مـن هەمیـشە بە شـوێن ئەوەوە بـووم کـارێکی جیـاواز ڕاپەڕێـنم، نەوەکــو لەو جــۆرە کــارانەی کە هەر کەســێکی دی زۆر بە ســادەیی بۆیــان دەکــرێ ڕاپەڕێــنن. لەوە دەچێـت ئەگەر بەو جۆرە نەبێ کە خـۆم ئـارەزووی دەکەم، ئەوا باشـترە هەر هـیچ نەکەم و بـۆ خـۆم لە شـوێنی خـۆم لێـی دابنیـشم. پـێم وا بـوو ڕۆژێک هەر دێت ئەوە بدۆزمەوە کە بۆ خۆم خۆشیم لـێ دێت

و ئیدی هەموو شتێک بە باشی دەگوزەرێت، بەڵام لەوە دەکات هەموو شتێکم بەسەردا قڵپ بووبێتەوە.

هێشتا ساڵێک بەسەر مەرگی باوکەدا تێنەپەڕیبوو و دایکەش کۆچی دوایی کرد و ئەوەش ڕۆژگارێکی زۆر سەخت و نالەباری بەدوای خۆیدا هێنا و لەبەر ئەوەی باوکە و دایکە لە ئیتاڵیا لەدایک بووبوون و ئێمەش لە کینگسبۆرگ هاتبووینە دونیاوە و نەدار و بێماڵوحاڵ بووین. مەبەستم ئەوەیە باوکە و دایکە هەمیشە دەربارەی کەونەلان بۆمان دەدوان و ئێمەش هەموومان دەزانین ئەوان لەوێ ژیاون. دەمەوێ بڵێم زۆر باش بوو ئەوەمان پێ دەزانی کە باوکە و دایکە لە ئیتاڵیا ژیاون. من چیی دی ناخۆمەوە، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەو دەمەی دایکە کۆچی دوایی کرد، دژوارترین چرکەسات بوو، چونکە هیچ یەکێک لە ئێمە لە ئیتالیا نەژیابووین و هیچ یەکێکیش لە ئێمە بەو جۆرەی باوکە و دایکە پێی ئاشنا بوون شتێکمان لەبارەیەوە نەدەزانی. ئەوەشم دەزانی کە ژیان جارێکی دی بۆ ئێمە بەو جۆرە نابێتەوە کە هەبوو. هەر هەفتەیەک بەدوای ئەوەدا کە دایکە کۆچی دوایی کرد، هەستم بەوە دەکرد کە ستیڤ خەریکە گەرم تێبئاڵێنێ، باوکە چیی دی لەوێ نەبوو تاوەکو پێی بڵێ دەمت دابخە. دایکەش لەوێ نەبوو تاوەکو چاوی لێ سوور بکاتەوە و پێی بڵێ گەرم لێ دوور بخاتەوە. تۆش لەبەر ئەوەی ستیڤت بە برا گەورە دەزانی و بە جێگرەوەی باوکەت دادەنا، هیچت نەدەگوت. ستیڤ برا گەورە بوو، بەڵام ئەو هەرگیز وەکو باوکە نەبوو و نەشمدەوێرا قسەیەکی بەرز و نزمی لە ڕوودا بکەم تاوەکو خۆم لە هەر شەڕ و دەمەقاڵێیەک بدزمەوە کە دەشیا لەنێوانمان ڕوو بدات. ئەگەر بمزانیایە تۆ هیچ ناگۆڕێیت ئەوا من دونیام ئاوا لێ

خراپ نەدەبوو و هەمیشە بەو جۆرەی خۆم دەمامەوە. هەتا ئەگەر دووریش بکەوتمایەتەوە ئەوا بەردەوام دەمزانی تۆ منت لە یادە و هەموو شتێکت بۆ من هێور دەکردەوە. تۆ بۆخۆت دەزانی کاتێک باوکە لەبارەی هەر شتێکەوە نیگەرانی ناخی دەخوارد، هەندێک جار پەنای بەبەر خواردنەوە دەبرد و هیچ کاتێکیش دایکە قسەی ناخۆشی لە ڕوودا نەدەکرد. پێم وا بێت منیش کەمێک پەنام بەبەر خواردنەوە بردووە. تەنیا ئارەزووم دەکرد ئەوە بزانم کە تۆ ڕووم لێ وەرناگێڕیت. من زارەترەک بووم کاتێک تۆ ڕووت لێ وەرگێڕام و ئیدی دەبوایە کەمێک هانا بۆ خواردنەوە بەرم و لەوەش دەکات زۆر سەرم تێکردبێ. تۆ بۆخۆت کۆتاییەکەی دەزانیت.

چۆن تۆ و نیک هەر لە سەرەتاوە هەردووکتان پێکەوە سەرتان کردە سەرم و گەلێک ئازارتان پێ بەخشیم، ئیدی دەبوا من و نیک شەڕێکی دی لەنێوانماندا هەڵبگیرسێ. من داخ بۆ نیک ناخۆم. ئەوە پەرێشانی کردووم کە تۆ وەکو خۆت نەماویت و هەموو شتێک بەسەر مندا وێران بوو. بۆ ئەوە دەنووسم کە داوای بەخشین لە نیک بکەم. بە هیچ جۆرێک گوناهی ئەو نەبوو.

ئێستا نیو سەعات لە سێ لای داوە و ئەو نامەیە زۆر لەوە درێژتر بوو کە پێشبینیم دەکرد. دەمەوێ ئەوەشت پێ بڵێم زۆر باش ئەوەم لە یادە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان تۆ چۆن خوشکێکی میهرەبانی من بوویت، داوای بەخشینیش دەکەم کە هەموو شتێک هەر وا لە خوتوخۆڕایی شێواو و هیچ شتێک لە شوێنی خۆی نەما. هێشتا کەمێک پارەم پێ ماوە و لەوە دەکات بۆم بکرێت قەیرێکی تریشی بە باشی پێوە ڕابکێشم و

ئیدی لەوەودوا هیچ گوێ نادەمێ چی ڕوو دەدات، با ڕوو بدات.

دەمەوێ سوپاسگوزاریی خۆمت بۆ ئەوە پێ ڕابگەیەنم کاتێک لە خانووەکەی سەر شەقامی سان کارلۆ دەژیاین، تۆ پشتوپەنام بوویت و هەرگیزیش نامەوێ وا بیر بکەیتەوە کە پەرێشان بم، یاخود گرفتارییەکم هەبێت، چونکە بە هیچ جۆرێک نیمە. من جارێکی دی گەڕاومەتەوە بۆ کینگێسبێرگ تاوەکو دڵنیا بم لەوەی کە هیچ دەروویەکی ئەوتۆ هەیە بۆ بیرکردنەوە، بەڵام پێم وا بێت هیچی ئەوتۆ جێ نەمابێت. بۆیە منیش دەشێ هەموو شتێک پشتگوێ بخەم و تەنیا ڕێگەیەکیش کە بۆم دەکرێ بیگرمە بەر ئەوەیە کە پێتی بڵێم من چیدی برای تۆ نیم و تۆش چیی دی خوشکی من نییت.

## مشکەکانی هاوڕێمان

سەرەڕای پشیلەکەشمان، لە ماڵەکەماندا مشک هەبوو. شەوانە کاتێک ڕۆشنایی نەدەما و دونیا تەواو خامۆش دەبوو، ئێمەش لەنێو جێگەکانمان بووین، بۆمان دەکرا گوێمان لە مشکەکان بێ لە کونەکانی خۆیانەوە دەهاتنە دەرێ و لەسەر ئەرزی دارینی ناندینەکە ڕاکەڕاکیان بوو. ئەگەر بەشێنەییش گوێمان بۆ شل بکردنایە بۆمان دەکرا گوێمان لە زیکەزیکیان بێ و شتێکی سەرنجڕاکێشیش بوو گوێیان لێ بگرین. پێم وایە کارێکی باش بێ ئەو گیانەوەرە سلۆک و پەنهانگیرانە لە ماڵەکانماندا بن و من وام دەبینی هەر وەک ئەوەی مشکی خۆمان بن، مشکی ماڵی خۆمان. واشم هەست دەکرد بەشێک بن لە ژیانی ئێمە. ئەوانە دز بوون و دەبوو بەشە خۆراکی خۆیان بدزیایە. هەروەکو چۆن ئێمە خێزان بووین، ئەوانیش خێزان بوون، لەو دەمەوەی ئەوان لە ماڵەکەمان لەگەڵ ئێمە دەژیان هەست و سۆزم بۆیان هەبوو.

هەندێک جار لە شەودا گوێمان لە مشکەکان دەگرت، بۆم دەکرا پەی بەوەش بەرم کرێکەری براشم لەگەڵ مندا گوێیان لێ دەگرێ. ئێمە هەردووکمان لە هەمان ژووردا پێکەوە دەنوستین، جێخەوەکەی بە تەنیشت جێخەوەکەی منەوە بوو، ئەوەندەش لە یەکەوە نزیک بووین، ئەگەر من لەناو تاریکاییەکەدا بەئاگا بوومایە و ئەویش بەئاگا بوایە ئەوا هەستم پێ دەکرد کە ئەویش بەئاگایە، چونکە ئەگەر بهاتایە و

بنووستایە ئەوا بە جۆرێکی دی دەبوو. هەستم بەوە دەکرد ئەویش لەگەڵ مندا گوێی لە مشکەکان دەگرت و منیش پێم دەگوت کرێکەر گوێت لێیانە؟

کرێکەریش دەیگوت هیچ مەڵێ. ئەوا خەریکن دەکەونە یاریکردن.

پەیم بەوە دەبرد ئەویش بەئاگایە، چونکە لەناو تاریکاییەکەدا خەوزڕاندنێکی ئەوتۆ لە ئارادا بوو و بە نووستنی، ئەو شتە بوونی نەدەبوو. بۆ ئەوەی گوێ لە مشکەکان بگرین، هەردووکمان خزابووینە ناو خامۆشییەکەوە لە پەیبردن بەو هەقیقەتە تایبەتییە جێگیر و نەگۆڕەی تێی کەوتبووین. چرکە بە چرکەی هەقیقەتی بەئاگاییمان کە دەکرا لە نوستندا ئارام بگرێ و پشوو بدات، بەڵام لەناو بەئاگاییدا هەمیشە بۆ جارێکی دی دەگەڕایەوە. ئەگەر بهاتایە و مشکەکان لەماڵەکەماندا نەبوونایە ئەوا هەرگیز ڕێی تێنەدەچوو بەو خێراییە و بەو شێوە سادەیە ئەو پەی پێبردنە بخوڵقایە.

لە زمانی ئێمەدا وشەی مووگ، لە ڕووی ماناوە بۆ مشک وشەیەکی زانستی نییە، بەڵام ئاماژەیە بۆ گیاندارێکی بچکۆلانەی سڵۆکی هەستەوەر کە زۆر بە ئاسانی دەترسێ. ئەگەر منداڵ لەڕ و لاواز و کەمێکیش شەرمن بێت، ئەوا زۆر ئاساییە لە ڕووی لێکچوونەوە بەو ناوەوە بانگ بکرێت. بیرکردنەوە لە مشکەکانمان بە زمانی خۆمان بەرەو شەرمنی و گەمە و خۆشی ڕایاندەکێشاین، نەوەکو ترس و نەخۆشی و ئێمەش وامان هەست نەدەکرد کە مشکەکانی ماڵی ئێمە دوژمنی تەندروستیمان بن و وەکو دزی ناو ناندین و ژووری نانخواردنیش تەماشامان نەدەکردن. ئەوان لێرەولەوێی ماڵەکە

زۆر بێگوناهــانه خەریکــی خواردنقرتانــدنی خۆیــان بــوون و ناوەنـاوە لەسـەر ئەرزەکە پاشـماوەکانیانمان دەدی و دەکـرێ بگــوترێ ئەوەش تەنیــا خراپەیەکیــان بــوو کە لەبارەیــانەوە دەدوایـن. هـیچ یەکێـک لە ئێمە بە هـۆی مـشکەکانەوە تووشـی مەلاریـا نەبـووین و لەگەڵ کرێکەریـشدا کاتێـک لەو بـارەیەوە دەدوایـن، ئەو گـوتی ئەگەر مـشکەکان مەلاریـان هەبـوایە ئەوا بەرلەوەی میکرۆبەکە بۆ ئێمە بگوازنەوە، دوور نییە بۆ خۆیـان بەو دەردەوە بمردنـایە. هەروەهـا ئەوەش بیرکردنەوەیـەکـی زانستییانە نەبوو.

تەنیـا جارێـک بـوو، یـاخود دوان پـشیلەکەمان بینـی بـوو مشکی گرتبێت. ئێمە ئەوەشمان بینی بوو چۆن پشیلە یـاری بە مــشک دەکــات و لە کۆتاییــشدا دەیخــوات. ئەوەش زۆر بە سەرســامییەوە ئەوەی تێگەیانــدین کە ژیــان لە گیانەوەرێــک زەوت کـرا. ئەگەرچـی دەنگـی شـکاندنی ئێـسقانە بچکۆلەکـانی لەژێر ددانەکانیدا وای لێ دەکردین هەست بە غەمگینی بکەین. ئەو نمایـشە زۆر بە قـوولّی ڕایدەچڵەکانـدین، بەڵام لە هەمـان کاتیــشدا جووڵەیــەکــی بێگرێوگــۆڵە و کــارێکی ڕێپێــدراو و سروشــتییە. پـشیلە ئاسـوودەیە بە گرتنـی مـشک، بەشـێک لە کاری مـشک ئەوەیە خـۆی لە پشیلە بە دوور بگـرێ. پشیلەش هەر وەکو مشک گیانەوەرێکی زیندووە، تەنیا ئەوەیە ئەو سـەر بە خێزانێکـی دی و توانـا و ئەندازەیـەکـی جیـاوازتری هەیە و هەردووکیشیان خـاوەنی زیرەکییەکـی سروشـتین. زۆر شـیاوە پشیلە هەموو زیرەکی خۆی بەکـار بهێنیت بـۆ گرتنـی مـشک و مشکیش هەموو زیرەکیی خـۆی بخاتە کـار بـۆ ئەوەی خـۆی لە پشیلە بپارێزێت. هەمـوو ئەو بـارودۆخە خولّقاوەی لە ئارادایە

شوێنی ئەوپەڕی شایستەیی و شانازییە. ئەگەر هاتوو مشکێک کەوتە بەردەم شـاخاوڵ و چڕنووکەکـانی پـشیلەیەکەوە ئەوە پەیوەنـدیی بەو هەقـیقەتەوە هەیە کە برسـێتی بڕسـتی لە پشیلەکە بڕیوە، یاخود پشیلەکە حەزی بە شۆخی و یاریکردنە و ئەندازەیەکی لە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی بەکارهێناوە. ئەو ڕاستییەشمان لە بیر نەچێت کە دوور نییە مشکەکە بە هۆی پیرییەوە، یان کەمتەرخەمییەوە توانا و لێهاتوویی خۆی بەکار نەهێنابێ و ئیدی پشیلەکە مافی خۆیەتی مشکەکە بخوات و مشکەش مافی خۆیەتی بخورێت.

زۆر بە سەختی ڕێدەکەوێت شێوە ڕوانینێکی شیاوی دی لەو نێوەنەدا بوونی هەبێت، ئەوەش ئەوپەڕی بێمانابییە سۆزت بۆ مشکەکان بجووڵێت و وا هەست بکەیت پشیلە گیاندارێکی قێزەون و کێوین، یاخود بە هەر جۆرێک لە جۆرەکان کەڵکێکیان هەیە. لەبەر ئەوەی هەرچۆنێک بووە و ئەگەر هەموو ئەگەرەکانیش لە دژیان ڕابوەستێت و تۆش چیدی بیر لەو گیروگرفتە نەکەیتەوە، ئەوا زۆرت بە لاوە سەیر دەبێت چۆن پشیلە بۆی دەکرێت مشک ڕاو بکات. هاوسۆزی لەگەڵ مشکەکان بە تەواوی ئەوپەڕی کورتبینی و نارەوابیە و تێگەیشتنێکی زۆر لاوازانەی یاساکانی سروشت و ئەو ڕەوشتەشە کە مشک، یاخود پشیلە هەیەتی. من سروشتخواز نیم و ناوی ئەو زیندەوەرە بچکۆلانانەش نازانم کە مشک لەسەریان دەژی و دەیانخوات، بەڵام پێم وا بێت ئەوانیش لەسەر هەندێک زیندەوەری بچکۆلانەی دی بژین و ڕاویان بکەن. ئەگەر بێتو ئەوەش بەو جۆرە نەبێ و بەو شێوەیە بێت کە ئەوان هەر بە تەنیا لەو خواردنانە دەخۆن کە مرۆڤ

دەیانخوات، وەکو پەنیر و ئەو خواردنە سادانەی دی، ئەوا دەبێت زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە، پێیان سەرسام بین.

من لەوەوبەر تەڵەی مشکم دیبوون، بەڵام هەرگیز ئاوا لە نزیکەوە لێیان ورد نەبووبوومەوە و زۆر بە دڵنیاییش لەو پەیوەندییەی بە مشکەکانەوە هەیانە بە هیچ جۆرێک لێم نەڕوانیبوون. ئێمە ئێستا سێ تەڵەی مشکمان هەیە و لوسیی خوشکم بە هیوا بوو لەو ڕێیەوە ماڵەکە لە مشکەکان خاوێن بکاتەوە. یەکێک لەو تەڵەی مشکانەم بە دەستەوە گرت و زۆر بە وردی لێیم ڕوانی. زۆر بە ڕوونی تەماشای ئەو کوتە ئاسنەم کرد کە بەسەر مشکەکەدا هەڵدەگەڕێتەوە و پانوپلیشی دەکاتەوە. ئەو پارچە تەلەش کە بەو زەمبەلەکەوە ڕایەڵ کراوە و بەو هێزە ترسناکەی خۆیەوە کوتە ئاسنەکە دەهێنێتە خوارێ.

کاتێک پشیلە مشکێکی گرتووە و گەمەی پێ دەکات، ئەوەندە دژوار نییە ئەندێشەی ئەو بارە دەروونییە بکەین کە مشکەکە پێوەی دەناڵێ. لە سەرسووڕمانی، لە تۆقینی، لەو ئومێد و هیوا ترسناکەش کە بۆ هەڵاتن هەیەتی و پشیلەکەش بەوپەڕی دڵڕەقییەوە هەوڵی ئەوە دەدات چێژ و خۆشیی خۆی لێ وەربگرێت. بەڵام سەرباری هەموو ئەوەی هەیە و هەر وەکو پێشتریش باسم لێوە کرد، هەموو ئەو بێنەوبەردەیە شیاوە و شوێنی خۆیەتی، بەڵام ناچێتە مێشکەوە هەمان هەست و سۆزت دەربارەی تەڵەی مشک هەبێت. ئەو کوتە ئاسنە بەو زەمبەلەکەوە و ئەو زیرەکییە سروشتییەی مشکیش هەیەتی، بێ چەندوچوون گەمەیەکە، تا ئەوپەڕی شیاو.

من هەر لە سەرەتاوە دژی تەڵەی مشک بووم و پێشم سەیر بوو کرێکەری برام لەو بارەیەوە هیچ بەرەنگارییەکی

نیشان نەدەدا. لە تەڵەی مشکەکانی دەڕوانی و بە هیچ جۆرێک لێرەولەوێ تێبینییەکی دەرنەدەبڕی. بە زمانی ئەرمەنی گوتم: دەبێ مشکەکان چ گوناهێکیان کردبێت؟ هیج گوناهێکیان نییە. دایکم گوتی. مشکێکی دیوە لەناو گۆزەی سرکەکەدا خنکاوە و هیچ چارێکیشی نییە، دەبێ هەموو سرکەکە برێژێت. ئەگەرچی زۆر بە سادەیی ئێمە حەزمان دەکرد شەوانە گوێمان لە زیکەزیکی مشکەکان بێت، کەچی دایکم دەیگوت چیی دی بەرگەی ئەوە ناگرێت ئەم ماڵە مشکی هەبێت.

تەڵەی مشکیان دانا و پارچەیەک پەنیریان لەسەر جێ هێشت و بەیانی تەماشامان کرد دوان لە تەڵەکان مشکیان گرتووە و سێهەمیان هیچی نەگرتووە، سەیر ئەوە بوو تەڵەکە تەقیوە و پەنیرەکەش خوراوە. دایکم ئەوەی زۆر بە لاوە سەیر بوو.

دایکم گوتی: "دیارە مشکێکی زۆر جەربەزە و وریایە"

من هەستم بە خۆشییەکی زۆر کرد لەوەی یەکێک لە مشکەکانی ماڵەکەمان بە زیندوویی دەربازی بووە. پێم وا بوو ئەو مشکە چووبێتەوە بۆ لای مشکەکانی هاوڕێیان و پێی گوتبن لەوێ تەڵەیان ناوەتەوە و پەنیریان لەسەر داناوە. تۆ دەڕۆی پەنیرەکە بخۆیت و لەپڕ بە خۆت نازانیت هەر لە خۆوە کوتەئاسنێک بەسەرتدا دەدات و دەتکوژێت. من ئەوەم بە چاوی خۆم بینی و بەسەر خۆمدا هات، بەڵام زۆر لە جووڵەی تەڵەکە گورجتر بووم. دەمەوێت لە ئێستا بەدواوە زۆر زیت و وریا بن و هەر چاوێکی خۆتان بکەن بە چوار چاو. نەکەن بۆ پارچە پەنیرێک کە خواردنی ئێمە نییە و لەسەر قاپ و ناو کەوانتەر بۆمان دانەنراوە، خۆتان هەڵبخەڵەتێنن. هەر کوتەئاسنێکتان لەسەر پارچەیەک تەختە لە هەر شوێنێک بینی،

ئەوا خۆتـانی لـێ بەدوور بگـرن. ئەوە تەڵەیە و دەتانکوژێـت. زۆر باشترە برسی بن و بە زیندوویێتی بمێننەوە، نەوەکو دەم بۆ پارچە پەنیرێک بەرن و بەدوای ئەوەدا بمرن. ئەو مشکەش کە دەکوژرێت ئیدی بەسەر تەڵەکەوە بۆ خۆی وشک دەبێ و هیچـیش شـارەوا نیـیە و هەر بە چوارپەلیـدا ئەوەت بـۆ دەردەکەوێت تا ئەو کاتەی گیانی دەرچووە، چەندێک تاڵاوی ئازار و ئەشکەنجەی چەشتووە.

دەمی ئێوارە لوسیی خوشکم جارێکی دی هەرسێ تەڵەکەی نایەوە و پەنیری لەسەر جێهێشتن. بۆ ڕۆژی دوایی بینیمان یەکێک لە تەڵەکان مشکێکی گرتووە و هەردوو تەڵەکەی دی تەقیوون و مشکیان نەگرتووە. هەستم بەوە دەکرد مشکەکانی ماڵەکەمـان زۆر بە خێرایـی فێـر بـوون و بەو فێربـوونەی ئەوانـیش مـن ئاسـوودە بـووم. هەنـدێک جـار لەو شـەوانەی دواییـدا بە نەخەوتـوویی دەمـامەوە و دەسـتم کردبـوو بەوەی گوێ بۆ مشکەکان ڕابگرم. بۆ تاوێک گوێم بۆ شل دەکردن و هیچـی وام نەدەگەیـشتنە گـوێ و هەستیـشم بەوە دەکـرد کە کرێکەری برام بەئاگا نییە. بەدوای ئەوەدا گوێم لێ بوو یەکێک لە تەڵەکان تەقی و ئەوجا کەوتمە بیرکردنەوە لەو مشکەی بە تەڵەکەوە پانوپلیش بووەوە. کەمتر لە خولەکێک گوێم لێ بوو تەڵەیەکـی دیـیش تەقـی. بەوپەڕی نیگەرانیـیەوە کەوتـمەوە بیرکـردنەوە لەوەی مـشکەکان بـۆ وایـان بەسـەر دێ. بـۆچی فێری ئەوە نابن خۆیان لە تەڵەکان بەدوور بگرن؟ هەر بەدوای ئەوەشـدا گـوێم لـێ بـوو تەڵەی سـێهەمیش تەقـی و ئەوجـا بـۆ ئەوە چـووم ئەگەر بـارودۆخەکە بەو جـۆرە تێپەڕێـت ئەوا هەرچـی مـشکی مـاڵەکەیە کەمتـر لە هەفـتەیەک هەمـوو قڕیـان تێدەکەوێت. دوای ئەوە خەوم لێ کەوت.

بەرەبەیانی ڕۆژی دوایی بۆمان دەرکەوت هەموو تەڵەکان کراونەتەوە و هیچ مشکیان نەگرتووە. لەسەر مێزی نانخواردنی بەیانی کرێکەری برام دەیگوت گوایە ئەو لە کتێبدا ئەوەی خوێندووەتەوە کە هەندێک لە مشکەکان لە نهێنیی تەڵەی مشک تێگەیشتوون و بە ئاسانی بە هەڵەدا نابرێن. لە پشتەوەی تەڵەکەوە و لەو شوێنەوە تێدەپەڕن کە زەمبەلەکی تەڵەکە کار ناکات و بە شێنەیی دەکەونە خواردنی پەنیرەکە و دوایی دووردەکەونەوە. مشکەکانی ئێمەش بەو جۆرە دەجووڵێنەوە.

بۆم ڕوون بووەوە، ئەوە کرێکەری برام بوو. پاشی ماوەیەک ئەو گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆمان و خۆی کرد بەناو جێگەکەیدا. من ئەوکات هەردوو چاوم کرابوونەوە و هیچ نەخەوتبووم و بیرم لە تەڵە و مشکەکانی ماڵەکەمان دەکردەوە. لەو دەمەدا کرێکەری برام بۆی دەرکەوت من نەخەوتوم و لەناو تاریکاییەکەدا هەردوو چاوەکانم کراونەتەوە. بە چرپە دەستمان کرد بە قسەکردن و کرێکەری برام ددانی بەوەدا نا کە چووەتە دەرەوە بۆ کردنەوەی تەڵەکان. پێم خۆش نییە مشکی ماڵەکە بە تەڵەوە بن. چووم پارچە پەنیرەکانم لەسەر ئەرزەکە بۆ دانان و ئەوانیش دێن زۆر بە سووک و ئاسانی پەنیرەکە دەخۆن و دووردەکەونەوە. ئێمە دەتوانین لەو کاتەدا کە دێن، زۆر بە ڕوونی گوێمان لێیان بێ. ئیدی بە شێنەیی کەوتینە گوێهەڵخستن بۆ زیکەزیکی مشکەکان و هێندەی پێ نەچوو هەستمان پێ کردن لە کونەکانی خۆیان هاتنە دەرەوە. کرێکەری برام گوتی: ئەوەی دەربارەی میکرۆب دەگوترێت بە هیچ جۆرێک ڕاست نییە و مشکەکانیش هەر وەکو پشیلە، خاوێنن. تەنیا ئەوەندەیە ئەوانیش وەکو بوونەوەرێکی زپ و زیندوو بەدەست برسێتییەوە دەناڵێنن. من پارچە پەنیرەکانم لە نزیکی کونەکانیانەوە بۆ فڕێ داون و ئەوان بۆیان دەکرێ بیدۆزنەوە.

## ئامۆژگارییەکی گوندییانە

سالێکیان مامە مالیکم لە فەریسنۆوە گەشتێکی بەرەو نیۆیۆرک کرد. بەرلەوەی ڕۆژی گەشتەکەی بێت و سواری شەمەندەفەر بێت، مامە گاڕۆی سەردانێکی کرد و دەربارەی ترسناکیی سەفەر قسەی لەگەڵدا کرد.

کاتێک سواری شەمەندەفەر دەبیت. پیرە گارۆ گوتی. زۆر بە وریاییەوە شوێنی دانیشتنەکەی خۆت بدۆزەرەوە و جێی مەهێڵە و تەماشای ئەملاولای خۆت مەکە.

مامە مالیکم گوتی: بەڵێ هەڵبەت وا دەکەم.

هەر ئەوەندەی شەمەندەفەر کەوتە جووڵە. پیرە گوتی. دوو پیاو کە جلوبەرگی نیزامییان پۆشیوە دێنە ناو ڕاڕەوەکانەوە و داوای پسوڵەی گەشتەکەت لێ دەکەن. گوێیان پێ مەدە. ئەوانە قۆڵبڕن.

مامە مالیکم پرسیی: چۆن ئەوانە بناسمەوە؟

دەیانناسیتەوە. خۆ تۆ چیی دی کورپژگەیەک نییت.

بەڵێ مامە گیان هەر وا دەکەم.

هەر ئەوەندەی بیست میلێک دوور دەکەویتەوە، پیاوێکی سەرنجڕاکێش دێتە لاتەوە و جگەرەیەکت پێشکەش دەکات. پێی بڵێ کە تۆ جگەرەکێش نییت و جگەرە ناکێشیت. جگەرەکە تلیاکی تێکەڵ کراوە.

بەڵێ مامی ئازیزم هەر وا دەکەم.

لە دەمی چوونت بۆ نانی شێوان، ژنێکی جوان و نازدار بە مەبەستەوە لێت نزیک دەکەوێتەوە و سەرنجت ڕادەکێشێت. کارێکی ئەوتۆ دەکات لە ئاستیا هەست بە شەرمەزاری بکەیت و خۆتی بۆ شل بکەیت. هەتا بلێی بە نەزاکەت و نەرمی دەجوولێتەوە و وات لێ دەکات بۆت نەکرێ هاوڕێیەتیی ڕەت بکەیتەوە. بایەخ بۆ هەست و سۆزی خۆت شل مەکە و سەرت بەسەر خواردنەکەی خۆتدا شۆڕ بکەرەوە و نانی خۆت بخۆ. ئەو جۆرە ژنانە لەدووی سەرکێشی دەگەڕێن.

مامە مالیکم بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە دەپرسێ: ئەوانە چین؟

پیرە تا هێزی تیایە دەبۆڕێنێ و دەڵێ: ئەوانە قەحبەن. سەرت هەڵمەبڕە و نانی خۆت بخۆ. باشترین خواردن بۆ خۆت داوا بکە. ئەگەر نانی شێوان پڕ و قەرەباڵغ بوو و ژنەکە لە مێزەکەی بەرانبەرتەوە دانیشتبوو، بە هیچ جۆرێک چاو مەبڕە چاوی. ئەگەر هاتوو ژنەکە هەوڵی دا قسەت لەگەڵ بکات، خۆت وا بنوێنە کەڕیت و هیچ نابیستیت. ئەوە تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی خۆتی لێ بدزیتەوە.

مامم گوتی: خۆم لە چی بدزمەوە؟

خۆت لە هەموو ئەو شتانە بدزیتەوە کە خودا پێی خۆش نییە. من سەفەرم کردووە و بۆ خۆم دەزانم لە بارەی چییەوە دەدوێم.

باشە مامی ئازیزم، لە قسەت دەرناچم.

پیرە گوتی: با چیی دی ئەوانەت بۆ دووبارە نەکەمەوە.

هەڵبەت مامە گیان، بە هیچ جۆرێک پێویست ناکات.

با ئیتر دەربارەی ئەو گەرمەوکێشانە قسەت بۆ نەکەم. پیرە گوتی. هەموو شتێک ئەوەیە کە بۆم باس کردیت. من بۆخۆم

حەوت دانە منداڵم هەن و لە ژیانمدا تا ئێستا بە هیچ شێوەیەک پـێم خـوار دانەنـاوە. خـاوەنی زەویـوزار و ڕەزی مێـو و باخوباخاتی خۆمم و مەڕوماڵاتم هەن و دارایيشم خراپ نییە. خۆ پیاو ماڵ و ژیانی بۆ ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نییە.

مامم بەوپەڕی گوێڕایەڵییەوە سەری بۆ دەلەقێنێ.

لە ڕێـی گەڕانەوەت لە خـوانی شـێوان بەرەو شـوێنی دانیـشتنەکەت بەنـاو جێـی تـایبەت بە جگەرەکێـشەکاندا تێدەپەڕیت. پیرە گوتی. لەوێ دەبینی خەڵک یاریی کاغەزێن دەکەن. سـێ پیـاوی گەڕاوە لە تەمەن، لەوێ دانیـشتوون و گرانتـرین ئەڵقەیـان کـردووەتە پەنجەیـان. زۆر بە گەرموگوڕییەوە سەرت بۆ دەنوشتێننەوە و یەکێکیش لەوان بۆ سـەر مێزەکەی خۆیانت بانگێشتت دەکەن. پێیان بڵێ کە تۆ ئینگلیزی نازانیت.

مامم دەڵێ: بەڵێ وایان پێ دەڵێم.

پیر گوتی: ئەوەی پێم گوتی هەموو شتێک بوو.

مـامم بەوپەڕی خۆشـحاڵییەوە سوپاسـگوزاریی خـۆی بـۆ دەنوێنێ.

ئـا شـتێکی دیـم لە بیـر کـرد. پیـرە گـوتی. کاتێـک شـەوان دەتەوێـت بخەویـت. هەرچـی پـارەت پێـیە لە گیرفانەکـانتی دەربهێنە و بیخەرە ناو پێڵاوەکانتەوە. پێڵاوەکانیشت بنێ ژێر بـالیفەکەتەوە و سـەرت لەسـەر بـالیفەکەت بەرز نەکەیتەوە. بە درێژایی شەو ئەوەت لە بیر نەچێت. هەوڵیش بدە خەو نەچێتە چاوت.

مامە مالیکم دەڵێ: هەڵبەت بە مووش لە قسەت دەرناچم.

پیره دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان و بۆ ڕۆژی دوایی مامە مالیکم بە شەمەندەفەر بەناو خاکی ئەمەریکادا بەرەو شاری نیۆیۆرک سەفەر دەکات.

دوو پیاو بە جلوبەرگی نیزامییەوە بە هیچ جۆرێک دەرنەکەوتن. ئەو پیاوەش کە دەبوو بێت و جگەرەیەکی بۆ ڕابگرێ، دیاریی نەدا. لە دەموساتی نانی شێوانیشدا ئەو ژنە جوانەی کە دەبوو لەوەبەریەوە دابنیشێت، لە هەر کوێیەکەوە ڕوانیی، دیار نەبوو. لە دەمی گەڕانەوەشدا لە نانی شێوان بەناو ژووری جگەرەکێشدا گەڕایەوە و هیچ کەسانێک لەوێ نەبوون یاریی کاغەزێنیان دامەزراندبێت. مامە مالیکم شەوی یەکەمی سەفەرەکەی، هەرچی پارەی پێ بوو خستبوویە ناو پێڵاوەکانیەوە و پێڵاوەکانیشی خستبووە ژوور سەرینەکەیەوە و سەریشی لەسەر بالیفەکەی بەرز نەکردبووەوە و بە درێژایی شەویش نەیهێشتبوو خەو بچێتە چاوی.

ڕۆژی دواتر مامم، بۆ خۆی گەنجێکی بۆ جگەرەکێشانێک بانگێشت کردبوو و گەنجەکەش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە جگەرەکەی لێ وەرگرتبوو. لە دەمی خوانی شێوانیش مامە مالیکم چووبووە لای خاتوونێکی نازدارەوە و هەردوو پێکەوە دانیشتبوون. لە ژووری جگەرەکێشانیش هەر بۆخۆی یاریی کاغەزێنی دامەزراندبوو. بەر لەوەی شەمەندەفەرەکە بگاتە شاری نیۆیۆرک، مامم هەر هەموو سەرنشینانی ناو شەفەندەفەرەکەی دەناسی و هەر هەمووشیان مامميان دەناسی. جارێکیش، لەو دەمەدا کە شەمەندەفەرەکە بەناو هەرێمی ئۆهایۆدا تێدەپەڕێت، مامم و ئەو گەنجەی جگەرەکەی

لەسەر بانگهێشتی مامم وەرگرتبوو و لەگەڵ دوو خانمی دیدا، هەرچواریان پێکەوە گۆرانیی "وا باشی[1] غەمگینیان" چڕی بوو.

گەشتەکەی مامم تا بڵێی گەشتێکی خۆش بوو.

کاتێکیش مامە مالیکم لە نیۆیۆرک گەڕایەوە، پیرە گاڕۆی مامی جارێکی دی هاتبووەوە بۆ سەردانی.

لەوە دەکات گەشتەکەت زۆر بە چاکی کردبێ و هەموو شتێکیشت بە باشی لێ تێپەڕی بێت. هەموو ئامۆژگارییەکانی منت کتومت جێبەجێ کردن؟

مامم سەرێکی بۆ لەقاند و پێی گوتبوو: بەڵێ مامە گیان بە موو لام نەداوە لێیان.

گاڕۆی پیرەمێردیش لەو کاتەدا سەرێکی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێ و دەڕوانێ بۆ دوور و بە جۆرێک لە ڕەزامەندییەوە دەڵێ: من زۆر ئاسوودەم بەوەی کەسێک لە ژیانمدا کەڵکی لە ئەزموونی من وەرگرتووە.

---

[1]. واباش، ناوی ڕووبارێکە بەشی سەرەکیی دەکەوێتە ناو ئیندیاناوە و بەناو ئیلنۆسا تێدەپەڕێ و تا ناو هەرێمی ئۆهایۆ درێژ دەبێتەوە.

## گەڕانەوە بۆ ماڵ

ئەو نشێو و لێرەوارە. کەمێک تێڕاما. هەموو ئەو گوندانەی دەکەونە نێو ئەو شاخوداخانەوە، هیی منن. ماڵی منن. ئەو شوێنەی هەمیشە خەونم پێوە بینیوە. هەر هەمووشی وەکو خۆیان وان و هیچ نەگۆڕاون. ئەو هەموو قەڵبەزەی کانی و ئاوە کە بە هەرچوار لای خۆیاندا گژ و گیا و چیمەنەکان دەشۆنەوە. بە تێپەڕین بەناو شەقامی کالاڤرەسدا هەستی بە خۆشییەکی زۆر کرد، جارێکی دی گەڕاوەتەوە ماڵێ. هەر هەموو شتێک بەوپەڕی جوانی و ناسکیی خۆیانەوە لە شوێنی خۆیاندا مابوون و باش بوون. بۆنی خاک، بۆنی خواردنی ئێوارەی ماڵان، بۆنی دووکەڵ، بۆنوبەرامەی هاوین لە شیو و دۆڵەکانەوە کە پڕیان بوو لە بۆنی خۆشی گوڵ و گوڵزار. هێشووە ترێ بە لقی مێوەکانەوە ڕەشیان دەکردەوە و هەرمێ بە درەختەکانەوە گەییبوون. گوڵەژاڵە لێرەولەوێ ڕوابوون و هەر وەکو جاران گیانی بنیادەمیان دەژیانەوە.

زۆر بە قووڵی هەناسەیەکی هەڵمژی و بۆنی خاک و نیشتمانی تا ناو سییەکانی هێنا و لە ناخەوە پێکەنی. ڕۆژێکی گەرم بوو. بۆ چەند ساڵ دەچوو هەستی بەوە نەکردبوو بەو قووڵی و تەڕ و ناسکییە خاک هەژاندبێتی، ئێستا هەناسەدانیش تام و خۆشیی خۆی هەیە. پاکژی هەوا بەئاگای هێنایەوە بۆ گەڕان و ڕێکردن، هەستی بە مانای بوون و زیندوویێتی کرد. بە ڕەهایی ئەوەی هەموو شتێکت هەبێ، خاوەنی شێوە و

جووڵە و مێشک بی، هێزی ئەوەی لەسەر ئەم زەمینە هەناسە بدەیت.

ئاو، کەمێک ڕاما و گوێی لە خزینی ئاو بوو لە ئاوپرژێنی ناو چیمەنەکەوە پەرشوبڵاو دەبووەوە. تامی ئاوی نیشتمان، ئاوی سارد و فێنکی ئەو نشێو و لێرەوارە هەڵیگرت. ئەو هەموو تینوێتییە ناخی وشک کردبیتەوە و ئەو ئاوە سازگارەش لەوێ کە بۆی دەکرێ سەرلەنوێ تینوێتیت بشکێنێ و جارێکی دی بتژێنێتەوە.

لە دوورەوە پیرەمێردێکی بینی سەرقاڵی ئاودانی هەندێک گیا و گوڵ بوو، تینوێتی بەرەو لای کابرای ڕاکێشا.

ئێوارەت باش. زۆر بە هێواشی ئەوەی بە پیرەمێرد گوت. ڕێگەم دەدەی کەمێک ئاو بخۆمەوە؟

پیرەمێرد بەوپەڕی شێنەیی خۆی ئاوڕێکی دایەوە تا بڕوانێتە ڕوخساری ئەو گەنجەی لەپێش دەمی وەستابوو. سێبەری کابرا لەسەر دیواری ماڵەکە زۆر گەورەی دەنواند. کابرا بەدەم سەرسووڕمانێکەوە ئاسوودەیی پێوە دیاربوو. بەڵێ هەڵبەت ڕێگەت دەدەم. پیرەمێرد گوتی. فەرموو. سۆندەی ئاوەکەی بەرەو ناو دەستی گەنجەکە ڕاگرت.

هەتا بڵێی ئاوێکی خۆش و سازگارە. پیرەمێرد گوتی. پێم وا بێ هێشتا ئاوی ئەو نشێو و لێرەوارەی سان کوین باشترینیان بێ. ئەو ئاوەی سانفرانسیسکۆ تووشی دەرد و نەخۆشیم دەکات و هیچ تامێکیشی نییە. لەوێش لە لۆس ئەنجلس نازانم بۆچی ئاوەکەی تامی ڕۆن دەدات. من تێناگەم ساڵ لەدوای ساڵ چۆن ئەو خەڵکە بە لێشاو ڕوو دەکەنە ئەوێ بۆ ژیان.

لەو کاتەوەی پیرەمێردەکە دەدوا، ئەو گوێی بۆ شڵپوهوڕی ئاوەکە ڕاگرتبوو کە لە سۆندەکەوە دەڕژایە خوارێ بۆ سەر ئەرزەکە.

بەڵێ تۆ ڕاستت گوت. گەنجەکە ئەوەی بە پیرەمێردەکە گوت. ئەوەی تۆ دەیڵێی وایە. ئاوی خاکی ئێمە باشترین ئاوی سەر ڕووی زەمینە.

گەنجەکە سەری لار کردەوە بەرەو دەمی سۆندەکە و دەستی کرد بە ئاوخواردنەوە. بەدەم ئاوخواردنەوەوە کەوتە ناو ئەندێشەوە، من ئێستا لە نیشتمانم. هەستی بەوە دەکرد ئاوی سارد دەڕژێتە ناو گیانیەوە و ڕۆحی فێنک و تازە دەکاتەوە. خەریک بوو هەناسەبڕکێی پێدەکەوت. سەرێکی بەرز کردەوە بە پیرەمێردەکەی گوت: ئێمە زۆر بەختەوەرین. بەدەم خەندەیەکی شیرینەوە سەرلەنوێ سەری نەوی کردەوە و جارێکی دی بینی نایەوە بە ئاوەکە و دەیویست هەمووی هەڵلووشێت. بەوەی دەکرد گەنجەکە گرفتێکی هەبێ لەوەی تینوێتی گیانی بشکێنێ. تاوەکو ئاوی دەخواردەوە زیاتر تامی دەکرد و ئەوەندەی دی ئارەزووی خواردنەوەی دەکرد. پیرەمێردەکە سەری سووڕ مابوو و گوتی: ئەوە تۆ دونیایەک ئاوت خواردەوە. گەنجەکە هێشتا بەردەوام بوو لە ئاوخواردنەوە و گوێی لە پیرەمێردەکە بوو لەبەرخۆیەوە دەدوا. گەنجەکە دواجار سەرێکی هەڵبڕی و بە پیرەمێردەکەی گوت: بەڵێ دونیایەکم خواردەوە. بە دڵنیاییەوە ئاوێکی تا بڵێی سازگارە.

بە دەستەسڕێک کەوتە وشککردنەوە دەمی و هێشتا دەستی لە سوندەی ئاوەکە نەدەبووەوە و هەر ئارەزووی بوو زیاتر بخواتەوە.

پیرەمێردەکە گوتی: کابرا تۆ هێشتا زیندوویت و ڕۆحت سەر ئاو نەکەوتووە. دیارە تینوێتی تەواو برستی لەبەر بڕیویت. لە کەیەوە ئاوت نەخواردووەتەوە؟

دوو ساڵ دەبێت. گەنجەکە وەڵامی دایەوە. مەبەستم ئەوەیە دوو ساڵ دەبێت لەم ئاوەم نەخواردووەتەوە. من لێرە لەدایک بووم لە شەقامی **گی** لە شاری ڕووسەکان. تۆ بۆخۆت دەزانیت دەکەوێتە ئەودیوی هێڵی شەمەندەفەری باشوورەوە. دوو ساڵ دەبێ لێرە نەماوم و وا تازە گەڕاومەتەوە. هەوڵ دەدەم کارێکم دەست بکەوێت و ئیدی لێرە بمێنمەوە.

جارێکی دی سەری بەسەر سۆندەکەدا لار کردەوە و بینی بە ئاوەکەوە نا و تا بۆی کرا خواردیەوە و سۆندەکەی بۆ کابرا گەڕاندەوە.

تۆ زۆر تینوو بووی. پیرەمێرد گوتی. من لە هەموو ژیانمدا و لە هیچ شوێنێک هیچ کەسێکم نەدیوە بەو شێوەیەی تۆ لە تاوێکدا ئەوەندەی ئاو خواردبێتەوە. بە دڵنیاییەوە زۆرم پێ خۆش بوو تۆم بینی ئەو هەموو ئاوەت خواردەوە.

گەنجەکە بەناو شەقامی کالاڤرەسدا شۆڕ بووەوە بۆ خوارێ و پیرەمێردەکە لێی ورد دەبووەوە.

زۆر باش بوو گەڕامەوە، گەورەترین هەڵەیەک لە ژیانمدا کردبێتم ئەوە بوو بەو ڕێگەیەدا بگەڕێمەوە. هەرچی تاوەکو ئێستا کردوویەتی هەڵەبووە و ئەوەش یەکێک بووە لە هەڵە گەورەکان. ئەوە بوو بەبێ ئەوەی بیر لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بکاتەوە، بەرەو باشوور لە سانفرانسیسکۆوە دەستی بۆ ماشێنی سەرەڕێ ڕاگرت و ئارەزووی بوو تا دەتوانێ بەرەو باشوور تا دەگاتە مێرسدی کالیفۆرنیا، بڕوات و لەوێ بۆ ماوەیەک پشوویەک بدات و بگەڕێتەوە. بەڵام هەر ئەوەندەی

گەیشتە ئەو شارۆچکەیە، ئیدی بۆی نەکرا ئێستێک بکا و ڕابوەستێ، دەبوو هەر بڕوا و بەردەوام بێ لە ڕۆیین. شارێکی بچکۆلە بەدوای شارێکی دیدا، ئەوەتا ئێستاش لە حەوتی ئێوارەدا و بەناو شەقامەکانی شارەکەی خۆیدا دەسووڕێتەوە. چ ئاسوودەیەکی گەورەیە. ئێستا لە شارەکەی خۆیەوە دوور نییە. هەمان شارەکەی جارانی خۆیەتی. دەتوانێ یەک دوانێک لە باڵەخانە بەرزەکان ببینێ. باڵەخانەی هەردوو دائیرەی گاز و کارەبایە و گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکانیان هەموو ڕۆشنە. ئەوەش باڵەخانەیەکی دییە، باڵەخانەیەکی بەرز. تاوەکو ئێستا ئەوەیانی نەدیوە. ئەوە باڵەخانەیەکی تازەیە. کەوتە ناو ئەندێشەوە. ئەو باڵەخانەیە لەو کاتەدا دروستکراوە کە ئەو لێرە نەبووە. دەبێ هەموو شتێک گەشە بکات. بەرەو شەقامی فۆڵت لای کردەوە و بەرەو شارەکەی شۆڕ بووەوە. لەو شوێنەوەی ئەو لێی دەڕوانی، زۆر نازداری دەنواند. شارێکی بچکۆلە و جوان و کەمێک دوور، شارێکی بچکۆلانەی قەشەنگ، شوێنێک شیاو بۆ ئەوەی لێی بژی و تیای جێگیر بیت.ماڵێکت لەوێ هەبێ و ژنێکی بۆ بهێنی و منداڵ بخەیتەوە. کارت هەبێ و تەواو تیای بحەوێیتەوە. هەموو ئەوانی ئەو بەدوویەوە بوون. ئەو ئاوە سازگار و کەشوهەوا خۆشەی ناو ئەو نشێو و لێڕەوارە.

لەناو شارەکەدا هەموو شتێک وەکو خۆی وا بوو، ناوی دوکان و بازاڕەکان. خەڵکان بەناو کۆڵان و شەقامەکانیدا هەر وەکو جاران دێن و دەڕۆن و ماشێنەکانیش بە خاوی بەناویدا تێدەپەڕن. کوڕەکان بە ماشێنەکانیانەوە لەوە دەگەڕێن کیژۆڵەیەک لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن. هەموو شتێک وەکو خۆی وایە و هیچ شتێک نەگۆڕاوە. ڕوخساری کەسانێکی دەناسییەوە کە بە منداڵی بینیبوونی. خەڵکانێک بە ناو هیچیانی

بە بیــر نەدەکەوتەوە. لەوێــدا چــاوی بە **تــۆنی ڕۆکــا** کەوت، هاوڕێی ڕۆژگاری منداڵیی. لەسـەر شـەقامەکەوە بەرەو ڕووی ئەم دەهات. دیاربوو تۆنی ئەوی ناسیوەتەوە. لە شوێنی خۆیدا ئێستێکی بۆ کرد تـا تـۆنی بگاتە لای. ئەو لووتبەلووتەوەبـوونە هەر وەکو خەونێک وا بـوو. خـۆی و ئەوی وەبیر هـاتەوە ئەو دەمەی پێکەوە قووتابی بوون و لە گۆڕەپانی قوتابخانە یارییان دەکرد و جارجارێک بۆ مەلە دەچوونە دەرێ، یاخود خۆیان لە خوێـندن دەدزیـیەوە بـۆ نـاو بـازاڕ و بە پێدزکە دەچـوون بـۆ تەماشـای وێـنە ورووژێنەرەکـانی نـاو جامخـانەی سـینەماکان. ئەوەتــا ئێــستاش جــارێکی دی لە بەردەمیــایە و تەواو گەورە بووە و بە خەندە ئیتاڵییە شیرینەکەی و بە ڕێوڕۆیشتنە خاو و تەمەڵانەکەی خۆیەوە بەرەو ڕووی دێ.

ئەوەی زۆر بە باشی بۆ لوا و گەلێکیش ئاسوودە بوو ئەو هەڵەیەی کــرد و جــارێکی دی گەڕایەوە. هەردوو گەنــجەکە بەدەم خەنـدە و پێکەنینێکـی شـادییەوە کەوتـنە دەستگوشـینی یەکتری و بە شۆخییەوە کێشان بە شانوباڵی یەکتریدا.

هەتیـوە زۆڵ. تـۆنی گـوتی. ئەوە پـێم نـاڵێی تـۆ کەوتیـتە کوێوە؟

هـــاوڕێ کـــۆنەکەم تـــۆنی. ئەو گـــوتی. تـــۆنی هـــار و چەقاوەسوو. چەندێک ئاسوودەم دەتبینمەوە. پێم وا نەبـوو تـۆ تا ئێستا مابیت. پێم ناڵێی بە چییەوە سەرقاڵیت؟

چەپۆکێکی دیی پیاکێشا و زۆر بە گەرمـی شـانی گـرت. بە زمانی ئیتاڵی سڵاوی لە تۆنی کرد. هەر بە هەمان ئەو وشانەی کە چەنـد سـاڵێک لەمەوبەر تـۆنی بـۆ خـۆی فێـری کردبـوون. تۆنییش بە زمانی ڕووسی وەڵامی دایەوە.

دەبێ بەوپەڕی خێرایی بگەڕێمەوە ماڵێ. ئەو لە کۆتاییدا وای بە تۆنی گوت. ماڵەوە هێشتا نازانن گەڕاومەتەوە. پێم خۆشە هەرچی زووترە بیانبینم. خودا دەزانێ چەندێک بیری پۆلی برام دەکەم. بەدەم خەندەیەکی ناسکەوە بۆ تۆنی جارێکی دی بە شەقامەکەدا شۆڕبووەوە بۆ خوارێ. ڕۆژگارێکی دیی پڕ لە خۆشی و کامەرانی پێکەوە دەبەینە سەر. بە لای چەندین دوکان و بازاڕدا تێپەڕی. بیری لەوە کردەوە دیارییەکی بچکۆلانە بۆ دایکی بکڕێت. بەڵام پارەیەکی کەمی پێ بوو. هەرچییەک لەوێدا هەبوو لە کڕین نەدەهاتن. بیری لەوە کردەوە کە چ نابێت ئەگەر دواتریش شتێکی بۆ بکڕێت.

بەرەو ڕۆژئاوا ڕووی کردە شەقامی **تولێر**. لە هێڵی شەمەندەفەری باشوور پەڕییەوە و گەیشتە سەر شەقامی **گی** و لەوێوە بەرەو خوارەوە ملی ڕێگەی گرت. چەند چرکەیەک و ئیدی دەگاتەوە ماڵەوە. دەگاتەوە نزیکی دەرگای خانوویەکی خنجیلانەی کۆن. هەر وەکو هەمیشەی خۆی هیچ نەگۆڕاوە. هەر هەموویان پیرێژن و پیرەمێردێک، سێ خوشک و برا بچکۆلانەکەی لە ماڵەوەن. لە دوورەوە خانووەکەی بینی، هەر کۆلانێک دوور. دڵی لە سنگیدا کەوتە فڕین. لە پڕێک و لەخۆوە هەستی بە ترس و لاوازییەک کرد، شتێک کە ئەو بە تەواوی دەربارەی ئەو شوێنە لە یادی کردبوو، دەربارەی ئەو ژیانەی کە ئەو هەمیشە لەگەڵی نەدەگونجا، شتێکی قێزەون و بێمانا. لە ڕۆیشتن نەوەستا، بەڵام تا لە ماڵەکە نزیک دەبووەوە، تا دەهات لەسەرخۆ و خاوتر دەبووەوە. پەرژینی ماڵەکە خەریک بوو دادەڕووخا و کەسێک چاکی نەکردبووەوە. لەپڕێک خانووەکە بەوپەڕی ناشیرینی و قێزەونیی خۆیەوە دەرکەوت، زۆری بە لاوە سەیر بوو چۆن تا ئێستا ئەو پیرەمێردە بۆ خانوویەکی باشتری نەگواستووەتەوە لە گەڕەکێکی تۆزێک ڕێکوپێکتردا.

جارێکی دی بچێتەوە بۆ ناو ئەو ماڵە و هەر هەموو ئەو ڕۆژگارە کۆنەی لەوێ گوزەراندبووی، یادی بکەوێتەوە. هەموو ڕق و تووڕەییەکەی سەرلەنوێ تەنگیان پێ هەڵچنییەوە. هەستی بەوە کرد خەریکە جارێکی دی حەزی بەوە هەیە لێی دووربکەوێتەوە و چاوی پێی نەکەوێتەوە. هەر هەمان ئەو هەستەی تیا زیندووبووەوە کە ڕۆژگاری منداڵی بە ڕۆحیەوە ئاڵابوو؛ ئەو قێزلێهاتنەوە قووڵەی بۆ سەرجەم شارەکەی هەیبوو، دووڕوویی، بێمانایی، گەمژەیی و بێمێشکیی خەڵکەکەی، پێی وا بوو کە جارێکی دی بۆی ناکرێ بگەڕێتەوە بۆ شوێنێکی وەها.

ئاوەکەی، بەڵێ هەتا بڵێی سازگارە، بەڵام دونیایەکی دییش لەولاوە ڕابوەستێ.

زۆر بە هێواشی لە ماڵەکە نزیککەوتەوە و بە جۆرێک لێی دەڕوانی، هەر وەکو ئەوەی بێگانەیەک بێ. هەستی ڕێبوارێک کە هیچ پەیوەستییەکی پێوەی نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەستی دەکرد کە ئەوە ماڵ و کەونە لانی خۆیەتی، ئەو شوێنەی خەونی پێوە دەبینی. ئەو شوێنەی بۆ هەر کوێ دەچوو لێی نەدەبووەوە و ئاگری لە هەناوی بەردەدا. لەوە دەترسا کەسێک لە ماڵەوە بێتە دەرێ و چاوی پێی بکەوێ. دەیزانی ئەگەر هاتوو کەسێکیش لە ماڵەوە بێتە دەرێ و ئەم ڕەچاو بکات، ئەوا هیچ دوور نییە ئەم دوور بکەوێتەوە و لە دەستیان ڕابکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزوو دەکات بیانبینێت. هەر هەموویان ببینێت. بە هەردوو چاوی خۆی لێیان وردبێتەوە و هەست بە بوونیان بکات و تەنانەت بۆنیشیان پێوە بکات. بەڵام ئەوەشی بە لاوە زۆر گران بوو. هەستی بەوە کرد ڕقی لە هەموو شتێکی ئەو شارە دەبێتەوە. کەمێک دوورکەوتەوە و بەرەو گۆشەیەک کشا و لەوێ لەژێر چرایەکی شەقامەکە بەدەم سەرسامی و بێزارییەکەوە ئێستێکی بۆ کرد. ئارەزووی بوو پۆلی برا بچکۆلەی ببینێت و لەگەڵی بدوێ و

بزانێ چی لەناو ئەندێشە و بیرکردنەوەیدا دەگوزەرێ و چۆن لەم شوێن و ژیانەی ئێرە دەڕوانێت. ئەو دەیزانێ هەموو شتێک بۆ ئەو چۆنی دەنواند، کاتێک لە تەمەنی برا بچکۆلەکەیدا بوو و هیوای ئەوەی دەخواست بۆی بلوێ کەمێک ئامۆژگاریی بکات و فێری ئەوەی بکات چۆن لەڕێی خوێندنەوەوە خۆی لەو هەموو وشکی و بێتامییە بپارێزێت. ئەوەی لە یاد کردبوو کە لەدوای نانی بەیانییەوە هیچی نەخواردبوو و سەرباری ئەوەی بۆ چەندین مانگیش بوو خەونی بەوەوە دەبینی جارێکی دی خواردنێک بە دەستی دایکی بخوات و لەسەر ئەو کورسییە کۆن و شکاوەی ناندینەکەیان دابنیشێت. بە ئارەزووی خۆی لە دایکی بڕوانێ و لە خۆشەویستی، لە تووڕەبوون و پەرۆشییەکەی، لە ڕوخسارە سوور و پانەکەی وردبێتەوە. بەڵام هەموو ئەو برسێتی و ئیشتهایەی هەیبوو لە بیری چووەوە و پێی وا بوو لەو شوێنەی خۆی و لەو گۆشەیەدا چاوەڕوانی بکا، دوور نییە براکەی بۆ گەڕانێکی کورت لە ماڵ بێتە دەرەوە و ئیدی ئەوسا بۆی دەکرێ چاوی پێی بکەوێ و بە ئارەزووی خۆی لەگەڵی بدوێ.

پۆڵ. ئەو بانگی دەکات. ئەوسا بە ئارەزووی خۆیان بە زمانی ڕووسی پێکەوە دەدوێن.

کشوماتیی نشێو و لێرەوارەکە تەواو شەکەت و پەرێشانی کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆی نەدەکرا لە ماڵەوە دووربکەوێتەوە. لەو گۆشەیەوە کە لێی ڕاوەستابوو و زۆر بە چاکی بۆی دەکرا لێی بڕوانێت. دڵنیا بوو ئارەزووی ئەوەی دەکرد بڕواتە ژوورێ و لەگەڵ ماڵەوەیان بێ و بێتە بەشێک لە ژیانیان. ئەو باش دەیزانی ئەوە نیازێک بوو چەندین مانگە لە ناخەوە تەنگی پێ هەڵچنیوە. بڕوات و لە دەرگاکە بدات و بەناو داڵانەکەدا بڕواتە ژوورەوە و لەسەر کورسییە کۆنەکان

پاڵبـداتەوە. لەســەر چرپـاکە ڕابکـشێ و لەگەڵ پیرەمێـردەکەی باوکی تێر بدوێ. پشیلەکەشیان لەسەر مێزەکەیە.

ئەو لەوەتەی لێرە دوورکەوتبووەوە و دابڕابوو، شتێکی بە تەواوی لە یـاد کردبـوو، کە زۆر بە خێرایـی ڕایدەچڵەکانـد و هەمـوو شـتێکی لـێ دەشـێواند، شـتێکی ئەم ژیـانە کە تـا بڵێـی قێزەون بوو، بەڵام بۆخۆشـی هەقیقەتێک بـوو و بـۆی نەدەکرا چاوی لێ بخلافێنی، ئەویش ڕواڵەت و دەرکەوتەی ماڵەکە بوو، شارەکە بوو، هەر هەمـوو ئەو نشێو و لێرەوارە بـوو کە هەتـا بڵێی ناشیرین و ناهەقیقی بوو و وای لێ دەکرد هەرچـی زووە بۆی دەرپەڕێ و هەرگیز بۆی نەگەڕێتەوە. ئەو بۆی دەکـرا بـۆ هەتاهەتایە نەگەڕێتەوە. بـۆی دەکـرا جـارێکی دی هەردوو پێـی نەخـاتەوە نـاو ئەو مـاڵە و هەر چـۆن لێـی دوورکەوتـووەتەوە، ئاوا درێژە بە ژیانی خۆی بدات.

لەپڕێک خـۆی لە کۆڵانەکەدا بینییەوە، بەسـەر پەرژینەکەدا هەڵـدەگەڕێ و بەنـاو بـاخەکەدا دەڕواتە ژووری. دایکـی لەوێ تەمـــاتە و بیـــبەری ڕوانـــدبوو و بـــۆنی ڕووەک و شـــینایی وەبەرهـاتوو ئەوەنـدە تیژوتونـد بـوو، خەریـک بـوو لە هۆشـیان دەبرد. ژووری ناندینەکە ڕۆشن بوو و زۆر بەئاگاییەوە بەرەو ئەوێ کشا و ئارەزووی دەکرد بۆی بلوێ لەوێوە ئەوان ببینێ، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک لەوان هەست بە بوونی بکەن. تەواو لە ماڵەکە نزیک بووەوە و چووە لای پەنجەرەی ناندینەکەوە و لەوێوە تەماشای کرد. مارتای خوشکی بینی خەریکی شۆردنی قاپوقاچـــاخ بـــوو. لەوێـــوە مێـــزە کـــۆنەکەی بینـــی، ئـــاگردانە کۆنەکەیان، مارتـای خوشـکی پشتی لەو بـوو. هەر هەمـوو ئەو شتانەی هاتنە بەرچاوی بۆ ئەو شـوێنی غەمگینی و کۆڵەواری بوون و فرمێسک لە هەردوو چاوی هاتنە خوارێ. هەستی کرد

پێویستی بە کێشانی جگەرەیەکە. زۆر بە هێواشی لە خوار قاچییەوە لای پێڵاوەکانی تاڵێ شخارتەی داگیرساند و جگەرەکەی ڕۆشن کرد. مژێکی قووڵی لێ دا و لەناو خانووە کۆنەکەیان تەماشای خوشکەکەی کرد. زۆر بە ڕوونی و بەوپەڕی بێئومێدییەوە هەموو شتێک هەر وەکو جارانی خۆی بوو. خۆزگەی دەخواست دایکی بێتە ناو نانخدینەکەوە و ئارەزووی بوو تەماشایەکی قووڵی لێ بگرێ. تۆ بڵێی هەمان تووڕەییەکەی جارانی خۆی هەر مابێ؟

زۆر تووڕە بوو لە خۆی کە بۆی نەکرابوو کوڕێکی سەلار بێت، بەڵام دەیزانی ئەوەش تەواوێک مەحاڵە. ڕوانیی پۆڵی برای بۆ ئاوخواردنەوەیەک هاتە ژووری نانخدینەکەوە. بۆ تاوێک ویستی تا هێزی تیایە بانگی بکات. کوڕێژگەکە تەواو سەرگەردان و و ماڵوێران و پەرێشانی دەنواند. بە چرپەیەکەوە لەبەرخۆیەوە گوتی: ئای مەسیح، مەسیح.

چیدی ئارەزووی ئەوەی نەکرد دایکی ببینێت. دەیزانی بەو ڕوانینە تووڕە دەبێ و دووریش نییە شێتییەک بنوێنی. زۆر بە هێواشی لە باخەکە دوورکەوتەوە و بەسەر پەرژینەکەدا بازێکی بۆ دەرەوە دا بەرەو کۆڵان. بەدەم ئازارێکەوە کە هەناوی دەکولاندەوە، هێواش هێواش دوورکەوتەوە. لە شوێنێک کە چیی دی دوور و کەس بۆی نەدەکرا گوێی لێی بێت، دەستی کرد بە گریان. زۆر بە قووڵی هەر هەموویانی خۆش دەوێ و ڕقیشی لەو هەموو ناشیرینی و بێئومێدییە بوو، کە سەرتاپا ژیانی داپۆشیبوون. زۆر بە خێرایی لە ماڵ دوورکەوتەوە، لە خێزانەکەی. لەبەر ئەوەی بۆی نەدەکرا لەناو ئەو هەموو ماڵوێرانییەدا هیچ شتێک بکات، لەو تاریکاییەی شەودا بەوپەڕی پەرێشانییەوە دەستی کرد بە گریان.

# کێشمەکێشی جێم پاترۆس لەگەڵ مەرگدا

جێم پاترۆس، بەردەستە لە چێشتخانەی ئومەر خەیام لە سانفرانسیسکۆ. پیاوێکی یۆنانی چاک و ڕووخۆشی چلوپێنج ساڵە و تا ڕادەیەکیش لەوە گەنجتر دێتە پێش چاو. زۆر بەخۆ نییە، بەڵام ئەوەندەش بچکۆلە نییە کە پیاوێکی بچکۆلانە بنوێنێت. پیاوێکی بەهێزە و بۆی دەکرێت بەوپەڕی نەزاکەت و لێزانییەوە هەر بە تەنیا خۆی مێزێک بەڕێوەبەرێت. شێواز و هەڵسوکەوتی هەتا بڵێی جوان و نازکە و دەتوانێ ئەوپەڕی گیانی کۆمەکخوازیی خۆی نیشان بدات، بەبێ ئەوەی هیچ بێزارییەک بسازێنێ. وەکو زۆرینەی خەڵک ژیانێکی مەمرەومەژییان هەیە، پیاوێکی قومارچییە و لە دڵی چەقیوە ڕۆژێک دێت هەرامەیەک دەنێتەوە و ئەو پارەیەی دێتە دەست کە دڵی دەیخوازێت. هەموو ڕۆژێک شوێن سەری ئەسپەکە دەکەوێت و ناوەناوەش لەسەر مێزی زارهەڵدان دادەنیشێت. ئەگەرچی هەتا ئێستا بەختی لە جیهاندا دەنگی نەداوەتەوە، بەڵام هەر پێنج شەش ڕۆژ جارێک کەمێک ئاسوودەیی بە دڵیدا دەگەڕێت کە ئیمانی بە تەواوی لێ نەسەنێتەوە. هەر شێوەی ئەو ڕەشەخەڵکەی دی کە هەمیشە سەرقاڵن بە خولانەوە بە دەوری خۆیاندا، جێم گەلێک چیرۆکی دەربارەی ژیانی خۆی لە لایە. من زیاتر ئەو چیرۆکەیان سەرنجی ڕاکێشاوم کە ساڵی ١٩١٨ لە شاری چێستەر لە

هەرێمی پەنسلیڤانیا، سەردەمێک نەخۆشیی لەرزوتا خەریک بووە بیکوژێت.

نەخۆش بووم. جێم گوتی. کاتێک بەرەبەیانی بەئاگا هاتمەوە هەستم بە لەڕولاوازی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا بە نیازی چوونەدەرەوە بۆ کار، جلەکانم گۆڕی. کاتێک پانتۆڵەکەم لە پێ دەکرد، لە شوێنی خۆم کەوتم، بەڵام هەڵسامەوە. لەو دەمەشدا بەرەو دەرگاکە دەچووم جارێکی دی کەوتم. نەمدەزانی چی ڕووی داوە. بۆم نەدەکرا هەڵسمەوە. ئەودەم باوی ئەوە بوو ئەگەر تۆ کار بۆ میری بکەیت و لەسەر کار دەرنەکەویت، کەسێکیان لە دوا دەناردی بزانن چی ڕووی داوە. من هەوڵم دەدا لە شوێنی خۆم ڕاست ببمەوە، بەڵام ئەوەندە لاواز بووم، بۆم جۆر نەدەبوو. هەرچۆنێک بوو بە سکەخشێ خۆم گەیاندە جێخەوەکەم و لەسەری ڕاکشام.

ڕۆژی دوایی سستەرەکە هات و گوتی "چی ڕووی داوە؟"

"هیچ تێناگەم" من گوتم، "هەوڵ دەدەم سبەینێ بێمەوە بۆ کار"

دەستی کرد بە پشکنینی گیانم و پێی گوتم دەبێ بچم بۆ نەخۆشخانە. من لە شوێنی خۆم بەرز بوومەوە و پێم گوت "من هەر ئێستا دەچمەوە سەر کار"، بەڵام خۆم بۆ نەگیرا و بەربوومەوە خوارێ، ئیدی سستەرەکە دەستگیرۆیی کردم و گوتی "هەرچۆنێک بووە لەناو جێوبانەکەت بمێنەرەوە".

پاشنیوەڕۆ ژنی خاوەنماڵەکەمان، هاتە سەردانم و گوتی "ڕۆڵەکەم، ئەوە چیت لێ بەسەر هاتووە؟"

"دایە، نازانم چیم لێ بەسەر هاتووە"

پزیشکێکی یۆنانیی خەڵکی سمێرنا هەبوو، ڕووم کردە دایە و گوتم "دایە، بەو پزیشکە بڵێ با سەرێکم لێ بدا و بزانێ چیمە"

هەر لەو کاتەدا کە پزیشکەکەی سمێرنا گەیشت، پزیشکی میری و سستەرەکە بە ژنە خاوەنماڵەکەمیان دەگوت، دەبێت بۆ نەخۆشخانە بچم. من گوتم "جارێ ڕێگەم بدە با هاونیشتمانییەکەم پشکنینێکم بۆ بکات". پزیشکە یۆنانییەکە لێی ڕوانیم و ئەویش پێی گوتم دەبێت بچم بۆ نەخۆشخانە. ئەگەر بەو جۆرە بێ من نەخۆش بم، دەبێ بچم بۆ نەخۆشخانە، بەڵام من گوتم "نەخێر لە ماڵەوە دەمێنمەوە". ئەوان جێیان هێشتم و چوونە دەرەوە. هێشتا سەعاتێک تێنەپەڕیبوو، پزیشکی میری بە خۆی و دوو پۆلیسەوە هاتنەوە وێزەی گیانم و سستەرەکە گوتی "بەرزبەرەوە"

"بۆچی بەرزببمەوە؟" من گوتم "خۆتان دەزانن من کاربەدەستی میریم"

"ئەوە دەزانین، بەڵام بڕیارمان پێیە بۆ نەخۆشخانەت بەرین"

"نەخێر، من دەمەوێت بچمەوە سەر کار"

جارێکی دی هەوڵم دا لە شوێنی خۆم هەستم، بەڵام بۆم نەکرا بە هیچ جۆرێک هەنگاوێک هەڵبهێنم. ئەگەر بێتو نەخۆش بم، ئەوا دەبێ مل بدەم و بچم بۆ نەخۆشخانە.

"بە یەختێک بۆ باشترین نەخۆشخانەی ڤلادلیڤیام بەرن" من گوتم.

"هەموو نەخۆشخانەکانی ڤلادلیڤیا پڕن لە نەخۆش" پزیشکەکە ئەوەی گوت و درێژەی دا بە قسەکانی "خەمت نەبێ ئێمە چاودێریت دەکەین"

به ماشێنی پۆلیس ڕەوانەی نەخۆشخانەیان کردم، بەڵام چ نەخۆشخانەیەک؟ کەلاوەیەک بوو بۆخۆی. ژوورێکی گەورە بوو، ڕاڕەوێک لە ناوەڕاستەوە دەیکرد بە دوو کەرتەوە و هەردوو لای پڕی بوون لە قەرەوێڵە. لەسەر قەرەوێڵەیەک فڕێیان دام و ئیدی دەستم کرد بە چاوەڕوانی. سێ ڕۆژی بەسەردا تێپەڕی و بێ لە وردەسەهۆڵ، هیچ شتێکیان نەدامێ بیخۆم و قومێک ئاویشیان نەکرد بە دەممەوە. شەوێکیان تەماشا دەکەم سستەرەکە خواردنی هێنا، بەڵام خواردنی چی؟ کلکی ماسی. سستەرەکە قاپی خواردنەکەی لە پێش دەمم دانا و ڕوانیمە کلکی ماسییەکان.

"ئەوە چییە؟" من پرسیم.

"خواردن" سستەرەکە گوتی.

"خواردن؟ تکا دەکەم لێمی دوور بخەرەوە" من گوتم.

لە چوار لای خۆم دەڕوانی و لێی ورد دەبوومەوە. بە خۆمم گوت "ئێرە چ جۆرە شوێنێکە؟ ئەو کلکە ماسییانە بۆچی لێرەن؟"

سستەرێکی گەنمڕەنگی لێ بوو و لەوەی دەکرد یۆنانی بێت. بانگم کرد.

"تۆ یۆنانییت؟" من پرسیم.

"من خەڵکی سڕبیام" سستەرەکە گوتی.

"من خۆشیم بەم شوێنەدا نایەت" من گوتم. "دەیانەوێت لێرە بمانکوژن؟"

سستەرەکە پێی گوتم لەم شوێنە هەر هەموویان فڕێ دەدرێنە دەرەوە. ئەوانەی لێرەن زۆر دەردەدارن. نەخۆشخانەکان پڕن لە نەخۆش و هەر هەمووشیان دەمرن.

بەڵام ئەم شــوێنە بێکەڵکتــرین جــێگەیەکە. ئەگەر هەر بمــرم، دەڕۆم لەماڵەوە دەمرم، نەک لەم قەسابخانەیەدا.

"من خەڵکی یۆنانم" ئەوەم بە سستەرەکە گوت. "دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ ماڵێ. ئەمشەو تۆ جلوبەرگەکانم بۆ بهێنەرەوە و منیش لە بەریان دەکەم و بەرەو ماڵەوە دەگەڕێمەوە"

"ئەگەر کارەکەشــم لەدەســت چــووە" ســستەرەکە گــوتی "یاریدەت دەدەم بڕۆیتەوە مالێ. بەڵام پێت وایە بۆت دەکرێ بەرەو ماڵەوە بڕۆی؟"

"هەوڵ دەدەم بڕۆم" بە سستەرەکەم گوت "بە یارمەتیی خۆت جلوبەرگەکانم بۆ بهێنە"

شــــەوێ ســــستەرەکە جلوبەرگەکــــانی بــــۆ هێنــــام و دەستگیرۆییــشی کــردم لە بەریــان بــکەم. کاتێــک ویــستم هەڵــستمەوە ســەر پــێ، لە جێــی خــۆم بە لادا هــاتم و کەوتــم. سستەرەکە یاریدەی دام جارێکی دی هەڵستمەوە. هەر هەموو ئەوانەی لەوێ بوون نەخۆش بوون و دەشیانزانی من خەریکی چیم.

"جێم" ئەوان گوتیان "بۆ کوێ دەڕۆی؟"

"بەرەو مــاڵەوە دەڕۆم. ئەگەر هەر دەمــرم، دەڕۆم بــا لە ماڵەوە بمرم" من گوتم.

هەوڵم دا بڕۆم، بەڵام هەمدیسان کەوتم. کیژۆڵە سڕبییەکە دەستی کرد بە گریان و گوتی "تکات لێ دەکەم، هەوڵ بدە هەنگاو هەڵبگری"

سستەرەکە، تا دەمی دەرگاکە لەگەڵم هات. لە بەردەممەوە بۆم نەدەکرا هیچ شتێک ببینم. بەڵام ئەو لەگەڵم مایەوە تا کەمێک هەوای پاکژم هەڵمژی. ئیدی هەستم کرد چاوم

دەکرێتەوە و دەتوانم ببینم. بەڵام چی ببینم؟ هەموو شوێنێک بەفر بوو.

"چۆن بۆت دەکرێ بگەیتەوە ماڵێ؟" کیژۆڵەکە پرسیی.

"دەگەمەوە ماڵێ" من گوتم.

کیژۆڵە گەڕایەوە ژووریّ و لە پشتمەوە دەرگاکەی پێوەدایەوە. لەسەر پێپلیکانەکان دانیشتم و پێڵووی چاوەکانم خەریک بوون بە هێواشی دادەخران. خەونم بەو ڕۆژگارانەوە دەبینی کە کاتی خۆی لە یۆنان بەسەر گردۆڵکەکاندا وەکو ئاسک هەڵدەهاتم و تووم لیّ دەکردنەوە و دەمخواردن و دەمم بە گویّ کانیلەکانەوە دەنا و ئاوم لە ڕووبارەکانی دەخواردەوە. کەسێک دەستی نایە سەر شانم. ئەفسەرێک بوو لە سوپا.

"لێرە چی دەگوزەریّ؟"

"من دەڕۆمەوە ماڵێ" من گوتم.

"لەو نەخۆشخانەیەوە ڕاتکردووە؟" ئەفسەرەکە پرسیی.

"ئەوە نەخۆشخانە نییە، تەنیا قەسابخانەیەکە"

"وەرە بۆ ژوورەکەم" ئەفسەرەکە گوتی.

لە ژووریّ، ئەفسەرەکە داوای لیّ کردم دانیشم. دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بە کەسێکی گوت هەر کاتێک پاسی چێستەر کەوتە ڕیّ بێنە لای و من لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن. کاتێک شوفێرەکە دەرکەوت، ئەفسەرەکە فەرمانی پیّ کرد و گوتی "ئەو پیاوە لەگەڵ خۆتان بەرنەوە بۆ ماڵێ و تا دەمی دەرگاکەش لەگەڵی بڕۆن"

پاسەکە پڕی بوو لە کرێکاری جیاواز و هەمەجۆر و دەگەڕانەوە ماڵێ. لەناو پاسەکەدا خەوم لێکەوت و سەرم بەسەر شانی پیاوێکی ئیتاڵییەوە شۆڕ کردەوە. پیاوە ئیتاڵییەکە

گـوتی: دڵـی خـۆت تەنـگ مەکە و هەمـوو شـتێک لە شـوێنی خـۆیەتی. کاتێـک شـوفێرەکە بەئاگـای هێنـامەوە، نـاو پاسـەکە چۆڵوهـۆڵ بـوو. شـوفێرەکە تـا دەمـی دەرگـاکە لەگەڵـم هـات. پزیـشکە یۆنـانییەکەی خەڵکی سـمێرنا بە هەمـوو یۆنانییەکـانی گوتبـوو، زۆر نابـات دەمـرم. ئیـدی هـاوڕێیەکی یۆنـانی بە ژنە خاوەنماڵەکەمی گوتبوو و مـن مـردووم. کاتێک ژنە دەرگـاکەی کـردەوە، دڵنیـا نەبـوو لەوەی ئەوەی دەیبینـێ خـۆمم، یـاخود ڕۆحیـــانەتەکەم. تـــۆ دەزانـــی گەڕەی پـــیس؟ مـــن هەر بە سـواڵکەرێکی گەڕ دەچـووم. ڕوخـسارم تەنیـا کەمێک پێـست و ڕیـشی مـابووەوە. ئەو ناسـیاوە بە ژنە خاوەنمـاڵەکەی گوتبـوو من مـردووم. تۆ ئەو کـابرایە دەناسـی؟ ئەو پێـی گـوتم کە بەو دوو دەسـتانەی خـۆی تـۆی بەژێـر خـاکەوە کـردووە. بە هـیچ جۆرێک چاوەڕوانی گەڕانەوەی جیێم پاترۆس مەکە، ئەو تەواو لێبووەوە. ژنە هەر تەواو زەندەقی چووبوو لێم. دایە من خۆمم جیێم پاترۆس، داوات لـێ دەکەم بە هـیچ جۆرێک ڕانەچڵەکێی و لێم نەترسی. من نەمردووم.

ژنە خاوەنمـاڵەکە گـوتی: "دەی باشـە کـوڕەکەم، ئەی ئێـستا چۆنیت؟"

"من نەخۆشم، دایکە"

دایە منی برد بۆ ژوورەکەی خۆم و لەناو جێوبـانەکەی نـام و دایپۆشیم. چاوەکـانم داخرابوون، بەڵام بۆم دەکرا بە باشـی گوێم لە دەنگی بێ "کوڕەکەم دەتوانم چیت بۆ بکەم؟"

"دایە، تکـات لـێ دەکەم بـڕۆ خـوارەوە و کەمێـک شـۆربای مریشکم بۆ بهێنە "

ئیدی دایە چووە خوارەوە و لە گەڕانەوەیدا قاپێک شۆربای مریشکی لەگەڵ خۆی بۆ هێنابووم. قاپە شـۆرباکەم خـواردەوە

و پێڵووی چاوەکانم داخستن. لە شەوێدا هەستم کرد شتێکی سارد دەرژێتە ناو گیانمەوە. بە درێژایی هەموو ئەو شەوە تۆزێک خەو چییە نەچووە چاوم. شتێک داوای لێ دەکردم بەئاگا بمێنمەوە. بەرەبەیانی ژنی خاوەنماڵەکە گەڕایەوە لام و گوتی "پێم بڵێ چیت بۆ بکەم، ڕۆڵەکەم؟"

"دایە، تکات لێ دەکەم بڕۆ خوارەوە و کەمێک شۆربای مریشکم بۆ بهێنە"

دایە جارێکی دی چووەوە خوارەوە و کەمێک شۆربای مریشکی بۆ هێنام. دوای سەعاتیکی دی گەڕایەوە لام و گوتی "کوڕەکەم، تکات لێ دەکەم، هەرچی لەم دونیایە دڵت دەخوازێ، پێم بڵێ" ئەو لە بەردەممدا دەگریا.

"دایە بۆ من مەگری. ئەگەر هەر دەبێ بمرم، با بمرم. ئێمە تەنیا بۆ یەک جار هاتووینەتە ئەم دونیایە. تکات لێ دەکەم قاپێک شۆربای مریشکم بۆ بهێنە"

هەر سەری کاتژمێرێکی ئەو ڕۆژە تاوەکو دەمی تاریکبوون قاپ لەسەر قاپ شۆربای مریشکی بۆ دەهێنام. شەوێ هەردوو پزیشکەکە چ یۆنانییەکە و چ ئەوەی میرییش هاتن و تەماشایەکیان کردم. پێڵووی چاوەکانم بۆ هەڵنەدەهاتن و پێیان وا بوو بۆم ناکرێ گوێم لە هیچ شتێک بێ. ئەوان گوتیان تا نۆی بەرەبەیانی گیان دەسپێرم. بە خۆمم گوت باشە من بۆخۆم نازانم و دوور نییە پزیشکەکان باشتر لەو کارە تێبگەن. کاتێک پزیشکەکان ڕۆیشتن ژنی خاوەنماڵەکەمان بەدەم گریانەوە جارێکی دی گەڕایەوە لام.

"کوڕەکەم، کوڕەکەم" دایە گوتی.

"دایە، هەموو شتێک لە شوێنی خۆیەتی. بۆ من مەگرییە"

ئەو چووە دەرەوە و پاشی سەعاتێکی دی گەڕایەوە بۆ لام و بە هێواشی بانگی کرد "کوڕەکەم"

"دایە، خەونی خۆشی خۆت بۆ من مەشوێنە. بڕۆ بنوو. گوێم لێ بوو پزیشکەکان چییان گوت. هەموو شتێک باشە"

دایە چووەوە خوارێ و پاشی سەعاتێکی دی گەڕایەوە. گوێم لە هەنگاوەکانی بوو بەناو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو.

"کوڕەکەم، دەتوانم چیت بۆ بکەم؟"

"من زۆر باشم دایە گیان، بڕۆ بنوو"

بەدوای ئەوەدا دایە چوو بنوێت. لەناو جەستەمدا سەرما تا دەهات کۆ دەبووەوە و سەری دەکرد. زۆر دەترسام لەبەر ئەوەی تا ئێستا شتێکی وام بە خۆوە نەدی بوو. نەمدەزانی چی لەناومدا دەگوزەرێت. بەدوای ئەوەدا لووتم پڕبوو لە خوێن. سەرەتا نەمدەزانی خوێنم لێ دەڕوات، بەڵام کاتێک دەستم بۆ ڕوخسارم برد، هەستم کرد دەستم گەرم و تەڕ بووە و بۆنی خوێنم لێ دێ. زۆر بە خێرایی خوێنم لێ دەڕۆی. بەدوای قاپێکدا دەستم بۆ ژێر جێخەوەکەم درێژ کرد و بۆ ماوەیەکی زۆر خوێنم لەبەر دەڕۆیشت. تا دەهات خوێن لە لووتم دەهات و پاشی ئەوە هەستم کرد بەرەو باشی دەڕۆم. هەموو شتێک بەسەرچوو و لەگەڵ خوێنبەربوونەکەی لووتمدا هاتە دەرەوە. ژوورەکەم تاریک و نوتەک بوو، بەڵام دەمزانی جارێکی دی دەتوانم ببینم. ئەو سارد و تەزینەی گیانیشم نەما. زۆرم برسی بوو، بەڵام شەو بوو، لەسەر جێگەکەم دانیشتم و چاوەڕوانی ڕۆژبوونەوەم دەکرد. بەرەبەیانی دەمتوانی گوێم لە هەنگاوەکانی ژنی خاوەنماڵەکەمان بێ بە لای دەرگاکەدا دەهات و دەچوو. گەلێک جار بەوێدا هات و چوو. دواتر لەوێ وەستا و بانگم کرد:

"دایە، من باشم و نەمردووم. دەتوانی بێیتە ژوورەوە"
بەدەم ترسێکەوە دایە خۆی کرد بە ژووردا. ئەو خوێنەم نیشان دا کە لە لووتم هاتبوو. زۆر بەخۆمدا شکامەوە و بە شەرمێکەوە گوتم "بمبەخشە دایە، بۆم نەکرا بە فریای خوێنەکە بکەوم"
"کوڕەکەم، تۆ چۆنیت؟ پێم بڵێ باشیت؟"
"زۆرم برسییە، دایە"
دایە ڕۆی بۆ خوارەوە و پاشی کەمێک گەڕایەوە و شۆربای مریشکی بۆ هێنابووم. زۆرم برسی بوو و ئەو ڕۆژە هەر سەرقاڵی چوونەخوارەوە و هاتنەسەرەوە بوو بۆ ئەوەی شۆربای مریشکم بۆ بهێنێت. کاتێک پزیشکەکە هات بۆ سەردانم، من لەسەر جێخەوەکەم دانیشتبووم. ئەوان چاوەڕوانی لاشەی مردوویەکیان دەکرد.
"ئەوە چی دەبینین؟" ئەوان گوتیان.
جارێکی دی هەموو گیانمیان پشکنی، هیچیان نەدۆزییەوە. نە ئەوان خۆشییان بە مندا دەهات و نە منیش خۆشیم بەوان دەهات. پزیشکی میری لەناو پەرتووکەکەی دەستیدا هەندێک تێبینیی نووسی و ڕۆیشتە دەرەوە. پزیشکە یۆنانییەکەی خەڵکی سمێرنا بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. دواتر گوتی "پرسیارێکت لێ دەکەم، بەڵام تکات لێ دەکەم بەڕاستی وەڵامم بدەرەوە"
"دەربارەی چی دەپرسی؟"
"کاتێک نیشتمانی خۆت بەجێ هێشت، تەمەنت چەند بوو؟"
"هەڤدە ساڵان بووم"
"زۆر باشە، ئێستا پرسیارەکەم ئەوەیە، تەمەنت چەند بوو کە بۆ یەکەم جار پێڵاوت لە پێ کرد؟"

"بۆ یەکەم جار کە باوکم پێڵاوی بۆ کڕیم، تەمەنم سێ ساڵان بوو. پێڵاوەکانم فڕێدانە ژێرخانەکە و بە پێی پەتی بەرەو گردۆڵکەکان کەوتمە ڕاکردن. بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی لە نیشتمان بووم، پێڵاوم لە پێ نەکردن"

"کەواتە هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە" پزیشکەکە ئەوەی گوت و ئیدی چووە دەرەوە.

ئاگات لێیە؟ جێم گوتی. هەموو هێز و گەرموگوڕیی نیشتمان لە خاکەوە بۆ قاچەکانم گواسترانەوە. ئەگەر من لە نیشتمان پێڵاوم لە پێ بکردنایە، ئێستا زیندوو نەدەمام و دەبوو لەژێر خاکدا بوومایە.

## چیرۆکی کوڕەلاو و مشکەکە

هەفتەیەک خواردنەوە هەموو ئارەزوو و کەڵکەڵەی کوڕەلاوەکەی بۆ سەر مشکان گواستبووەوە؛ مشکێک و تەنیا مشکێکی ناوازە، مشکی ناو مشکان، مشکی شاری، مشکی درەوشاوە، مشکی داهێنەر، مشکی میوانخانەی باکووری گەورە. شەوێک مشکەکە لە خۆشیاندا و لە دەمی گەڕاندەوەیدا لەسەر هەر چوارپەلی بەرزدەبووەوە و سەمای دەکرد. مشکەکە بەبێ ترس لە کوڕەلاوەکە نزیککەوتەوە و پارەکانی لای قاچیەوە فڕێ دا. پارەکە چوار دە دۆلاری کاغەز بوو و مشکەکە بە دەمی هەڵیگرتبوو. مشکەکە پارەکەی بەوپەڕی دیقەت و ناسکی و شارەزاییەوە هەڵگرتبوو، کە بە هیچ جۆرێک نیشانێکی وای لەسەر پارەکە جێ نەهێشتبوو و جوانیی پارەکە بشێوێنێت.

کوڕە لاوەکە سەرپێیی پارەکەی هەڵگرت و لێیان وردبووەوە و کەوتە لێخووردبوونەوە لە مشکەکە کە لە ژوورەکەدا لەگەڵ هەموو کەلوپەلێکی ناو ژوورەکەدا، بەوپەڕی جوانی و ناسکییەوە ڕاوەستابوو. کوڕە لاوەکەش دوو هەنگاو لێی هاتە پێشێ و بە هەمان جوانی و ناسکی، لەگەڵ هەموو کەلوپەلی ناو ژوورەکەدا وەستا.

"باشە، ئەوە ئەوپەڕی شادییە"

بە لێووردبوونەوەوە لە مشکەکەی ڕوانی و گوتی "دزی، ها؟"

مشکەکە کاتێک لەو کارە دزییەی خۆی دڵنیا بوو و کارێکی سەرنجڕاکێشە، وەکو چۆن لێبوکێک سەری دەلەقێنێ، بەو جۆرە سەری بۆ لەقاند.

"زۆر باشە" کوڕەلاوەکە گوتی "من زۆرم خۆشی بە ژیان دێ و با هەوڵ بدەین بژیین. تۆ بەو جۆرەی خۆت پارەم بۆ بهێنە تاوەکو بتوانم بژیم و منیش بەرانبەر ئەوە بەڵێن دەدەم دەست نەخەمە ناو ڕەوشتی تۆوە. تۆ هەر دەتەوێ دزی بکەی، ئەوە گرفتێک بۆ من ناخوڵقێنێت"

لەوە دەچوو ئەو ڕێککەوتنە بە لای مشکەکەشەوە زۆر باش بووبێ و هیچ گرفتێکی تیا نەبووبێت. بە گەڕان بەناو ژوورەکانی میوانخانەکەدا مشکەکە دەچووە ئەو شوێنانەوە کە خەڵکانی سەرقاڵ بە گەشتوگوزار و ئەفسەرانی سوپای خانەنشین و ئەو کەسانەی بۆ گەرماوکردنێک پارە پێچراوەکانیان لێرەولەوێی ژوورەکان جێ دەهێشت. هەتا ڕادەیەک هەموو ڕۆژێک مشکەکە دەگەڕایەوە بۆ ژووری کوڕەلاوەکە و ئەو پارە ئەمەریکییانەی بۆ دەهێنایەوە کە دەستی کەوتبوون: هەندێک جار کاغەزی دە دۆلاری، پێنج دۆلاری، جارجاریکیش پێنج دۆلارییەک لەگەڵ یەک دوو پارچەی یەک دۆلاری، ڕۆژێکیش چوار دانە کاغەزی یەک دۆلاری، ئەوەش بۆ خۆی کارەساتێک بوو و ئەوپەڕی بەدبەختیی بۆ کوڕە لاوەکە خوڵقاند و ئەو ڕۆژە لە داخا خۆی سەرخۆش کرد.

"بێگومان ژیان خۆشە و هەوڵ بدە خۆش بژیین" کوڕە لاوەکە بە مشکەکەی گوت "بەڵام دەکرێ کارێکی زۆر لەوە باشتر بکەیت کە ئێستا دەیکەیت. با بۆت ڕوون بکەمەوە. ئەوە ژمارە دەیە، ئەوەش ژمارەیەکی باشە. هەتا بۆت دەکرێ هەوڵ

بده لەو ژمارانەت چنگ بکەوێ. ئەوەش ژمارە پێنجە، نیوەی ژمارە دە باشە. ئەگەر بۆت نەکرا کاغەزی دە دۆلاریت چنگ بکەوێت، ئەوا هەوڵ بدە کاغەزی پێنج دۆلاری بهێنیت. ئەوەش دوو دۆلارییە، ئەوە هەتا بڵێی بەدبەختییە. ئەگەرچی باش نییە، بەڵام هەرچۆنێک بێ بەجێیان مەهێڵە و بیانهێنە. ئەمەش یەک دۆلارییە و هەتا بڵێی کارەساتە. کەواتە هەوڵی دە دۆلارییەکان بدە"

مشکەکە ملی بۆ ئەو شیکارییە سادەیە شل کرد و تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو لەوەی کە دەچووە ئەو ژوورانەوە، میوانەکان سەرقاڵی خۆشۆرین بوون پارەی قەدکراوی زۆریان پێ بوو و لێرەولەوێی ژوورەکان جێیان هێشتبوو. بۆ چەند ڕۆژێک کوڕەلاوەکە هەتا ڕادەیەک وەکو شایەک دەژیا و بە کامی دڵ خواردنەوە و بە ئارەزووی خۆی جلوبەرگی جوان و خواردنی خۆشی خوارد و باشی ڕابوارد. بەرانبەر ئەوەش مشکەکە زۆر هەژارانە و ژیانێکی سادەی هەبوو.

ڕۆژێک کوڕە لاوەکە بە مشکەکەی گوت "دوور نییە ئەوە تا سەر درێژە بکێشێت و خەڵکانێک هەبن لەوە بکەونە گومانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یاسایەک لەم وڵاتەی ئێمەدا نییە لە دژی مشکێک دزی بکات. تۆش بەپێی یاسا هەمیشە وەکو بێتاوانێک دەمێنیتەوە و هیچ دادوەرێک لە ئارادا نابێ دەستی تاوانباریت بۆ درێژ بکات. بەڵام دوور نییە کەسانێکی خۆتێهەڵقورتێن لە شوێنێک لە شوێنەکان خۆیانت بۆ بنێنەوە و تەڵەیەکت بۆ ساز بکەن تا تێی بکەویت. ئەوەش ڕووداوێکی ترسناک و نەخوازراو دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەتا بڵێی سەرنجڕاکێشە. پەنیر لەو نێوانەدا ڕۆڵێکی خراپ دەگێڕێت. هەر

به تەنیا بە یەکێک لەو پارچە پارانەی کە تۆ ئێستا لەگەڵ خۆت بۆت هێناوم، دەتوانم بیست گرام لە باشترین پەنیرێکت بۆ پێ بکڕم کە گریمانە دەکەم تۆ بە هیچ شێوەیەک حەزیشت پێی نابێت. ئەوان هەوڵ دەدەن بە هەرزانترین پەنیرێک لە خشتەت بەرن کە هەر گرامێکی بە دە سەنت لەسەریان ناکەوێت. پەنیرێک کە من مانگێکیش دەبێت دەمم لێوەی نەداوە. هەندێک جار ئەوە ڕوو دەدات و بەو جۆرە دەکەوێتەوە. نەکەی خۆت کەر بکەیت و دەم بۆ ئەو خواردنانە بەریت. نەکەی خۆت گێژوویژ بکەیت و دەوروخولی ئەو جۆرە تەڵانە بدەیت کە بۆنی پارچە پەنیرەکانی سەریان ئەوەندە خۆش و بەتام و هەڵخەڵەتێنەرن، بێ سێودوو لە خشتەت دەبەن. من هەموو گیانێکم بە تۆیە کە تەواو ئاگات لە تەندروستی خۆت بێ"

مشکەکە هەرگیزاوهەرگیز گوێی لە پەنیر و تەڵە نەبووبوو و هیچ شتێکی لەبارەوە نەدەزانین. هەموو ئەوانە بۆ ئەو سەرنجڕاکێش بوون. مشکەکە بە هەر هۆیەک بوو پارەی نەدەناسی و پارەی بە لاوە هیچ نەبوو. بۆنی پارەی بە لاوە خۆش نەبوو.

کوڕە لاوەکە بیری لەوە کردەوە مشکەکە بگرێ و کەمێک دەمی بە پەنیر چەور بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەترسا ئیدی مشکەکە لەمەولا بێ لە پەنیر، هیچ شتێکی دیی بە لاوە جێی بایەخ نەبێ. ئیدی لە ئەندێشەکەی خۆی پەژیوان بووەوە. ئەوەی پێ باشتر بوو مشکە بۆخۆی پەی بەو ئارەزووەی بەرێ.

بەوپەڕی ڕوونی بە مشکەکەی گوت "لە هەموو ئەو پارچە پەنیرانە دوور بکەوەرەوە کە بەوپەڕی فێڵبازییەوە بە شتێکەوە هەڵواسراون و وا خۆیان نیشان دەدەن کە هیچ ترس و

بیمێکیان پێوە نەلکاوە. هەر ئەوەندەی بۆنت کردن و لێت خواردن، ئیدی ئەوە تیاچوویت و دووریش نییە بە مەرگ کۆتاییتان پێ بهێنێ"

مەرگ؟

مشکەکە هیچی دەربارەی مەرگ نەبیستبوو.

کورە لاوەکە لەسەر خواردنەوەی خۆی بەردەوام بوو. گەلێک جار مشکەکە چووبووە دەرێ و بە پارەوە گەڕابووەوە. ڕۆژێک هات مشکەکە نەگەڕایەوە. جارێکی دی کورە لاوەکە هەژار و پەککەوتە مایەوە. کەمێک نیگەرانی باڵی بەسەردا کێشا. سەرەتا بیری لەوە کردەوە کە چۆن بۆ لەمەودوا بەبێ پارە بژی و هەڵبکات، بەڵام وردەوردە کەوتە ئەندێشەی مشکەکە و تا دەهات چارەنووسی مشکەکە سەرودڵی داگیر کرد. لە ڕوویەکی گیانییەوە یاخود بە شێوەیەکی مەیزەدە بۆی دەکرا لە ژوورەکەی خۆیەوە بەر لە دوو ڕۆژ شوێن پێی مشکەکە هەڵبگرێ و بەرەو ئەو جێگەیە بچێ کە دەشێ مشکەکە بە تەڵەوە بووبێ.

ئەوە ژووری ٥١٧ بوو، یەک نهۆم لە خواری خۆیەوە و بە ئاڕاستەی دوو ژوور بەرەو لای چەپ. ئەو ژوورە پیرێژنێکی تەنیای تیا دەژیا، کە هەندێک جار هەموو کۆتاییەکی هەفتە منداڵەکانی دەهاتن و لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ گوندی لارجماونت. کەمێک دژوارە بۆ ئەو لە پەنجەرەکەوە بڕواتە ژوورێ، بەڵام هەرچۆنێک بوو ددانی بە جەرگیدا نا و لە پەنجەرەکەوە چووە ئەودیوەوە. ئەو تەواو دڵنیا بوو لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا مشکەکە بووە بە تەڵەوە. دیاربوو پیرێژنەکە ئەو ڕۆژە لە ماڵ نەبوو و چوو بوو بۆ لارجماونت. پیاوەکە دایە پرمەی گریان.

بەدەم گریـانەوە گـوتی "پـێم نەگـوتی، دەبینـی ئەوەی لێـی دەترسام، ڕووی دا؟ ئەوەتا ئێستاش لە بەردەممدا کەوتووی. ڕێگەم بدە با لەو تەڵە نەفرەتییەت بکەمەوە"

کوڕە لاوەکە مشکەکەی لە تەڵەکە هێنایە دەرەوە و لەسـەر لەپـــی دەســـتی چەپـــی دانـــا و بەدەم قـــوڵپی گریـــانەوە بە پێپلیکانەکانــدا بەرەو ژوورەکەی خـــۆی گەڕایەوە. یەکێـــک لە خزمەتکارەکانی میوانخانەکە کە ئەو دیمەنەی دی، لەگەڵ کوڕە لاوەکەدا دایە پـرمەی گریـان و پێـی وا بـوو ئەگەر بە شـێنەیی بیشێلێت، دوور نییە مشکەکە چاک ببێتەوە.

کـــوڕە لاوەکە بە شـــێنەیی کەوتە شـــێلانی مـــشکەکە و پەنیرێکـی پێـنج سەنتیـشی بـۆ هێنـا، لەو پەنیـرانەی مـشکەکە خۆزگەی دەخواست هەرگیز دەمی تێوە نەدایە. ئەو ئەندێشەیە کـــوڕە لاوەکەی تەواو تۆقانـــدبوو و زوو زوو لەبەرخـــۆیەوە دەیگوت "ئای لەو خەڵکە کافر و بێبەزەییانە"

بۆ ماوەی پێنج شەو و پێنج ڕۆژ مشکەکە زۆر بە شێنەیی لە کـوڕە لاوەکەی دەڕوانـی و دواتـر گیـانی دەرچـوو. کـوڕە لاوەکە مـشکەکەی لە خـاولییەکی سپیی میوانخـانەکەوە پێچا و بەرەو باخچەکەی خوارەوە بردی. لەوێ بە نووکی پێڵاوەکانی گۆڕێکی بچکۆلەی بۆ هەڵکەند و خۆڵەکەی دایەوە بەسـەریدا. بەرەو ژوورەکەی گەڕایەوە و بە خێرایـــی لەو میوانخـــانەیە چـــووە دەرێ و زۆر بە غەمگینیـــیەوە کەوتە گلەییکـــردن لەو خەڵکە دڵڕەقانەی لەم جیهانەدا دەژین.

## شێوەی چەقۆ شێوەی گوڵ
## شێوەی هیچ شتێکی دی نییە لە دونیادا

"زۆری پـێ ناچێـت، دێـتە ئەم نـاوە" مـاکس وای گـوت "سوێندت بۆ دەخۆم بەم زوانە دەردەکەوێت"

لەو کـاتەی مـاکس قـسەی دەکـرد، پیـاوە پچکـۆلانەکە لای مێزەکەوە سـەری دانەواند، ماکس لەو کاتەدا کە مەیخـانەکەی دەسڕییەوە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت "دەبێ بۆچی لە کەسێکی وەکو پیتی بگەڕێ؟"

خـــانمێکی نـــازدار هـــاتە ژوورەوە و پێکێــک ویـــسکی و سـۆدەیەکی داوا کـرد، لەو کـاتەدا مـاکس خـواردنەوەکەی بـۆ دەهێنـا بەرەو لای پیـاوە بچکـۆلەکەوە چـوو تـا قـسەی لەگەڵ بکات "ئەگەرچی ئەوە کاری من نییە خۆمی تێوە بئاڵێنم، بەڵام بۆچی دەتەوێ پیتی ببینی؟"

"داوای لێبوردنت لێ دەکەم؟" خانمەکە گوتی.

مـاکس گـوتی "بمبەخـشە خـانم، دەمەوێت لەگەڵ ئەو پیـاوە بچکۆلانەیە بدوێم کە لەوێ لێی دانیشتووە"

"ئەو پیـاوە بچکـۆلانەیەی لەوێ دانیـشتووە؟" مـاکس لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "دەبێ ئەوە چ قسەکردنێکی بێسەروبەر بێ"

"ئەو هاوڕێیەکی منە" خانمەکە گوتی.

"نەخێر، نەخێر" ماکس زۆر بە خێرایی ئەوەی گوت: "مـن لەگەڵ ئەو پیاوە بچکۆلانەیەی ئەوێدا قسە دەکەم"

"پیاوێکی بچکۆله؟ بۆچی ئەو بەشەی کە وشەی بچکۆلەی تیایە توڕی نادات و وازی لێ ناهێنێت؟" خانمەکە ئەوەی گوت و درێژەی دایە "باشە، ئەوە هاوڕێیەکی منە"

"تۆ کێ دەڵێی؟" ماکس گوتی.

"پیتی دەڵێم" خانمەکە گوتی.

پیاوە بچکۆلانەکە لەسەر مێزەکەی بەرز بووەوە و بەرەو لای مێزی خزمەتکردنی میوانەکانەوە چوو و زۆر بە وردی کەوتە تەماشاکردنی خانمەکە و هەوڵی دا پێکەنینێک بێنێتە سەر لێوەکانی.

"ئەوە چی ڕوو دەدات؟" ماکس بیری دەکردەوە.

"من باوکی ئەوم" پیاوە بچکۆلانەکە گوتی.

خانمە ئاوڕێکی دایەوە و بەرەو خوارەوە لە پیاوە بچکۆلانەکەی ڕوانی. ماکس پێی وا بوو زۆرێک بیر لەو ناکاتەوە.

"باوکیتی؟" خانمەکە گوتی.

"بەڵێ" پیاوە بچکۆلانەکە گوتی "پیتی مۆرگان"

"من ناوم ئیزێل بیدییە" خانمەکە گوتی.

بەو شێوەیەدا کە خانمەکە ناوی باوکی هێنا، ماکس پێی وا بوو لە شوێنێکدا پیتێکی (ی) زیادە هەبێت. لەو کاتەدا پێکەکەی بۆ دانا، بۆگەنێکی ناخۆش لە خانمەکەوە هات. ئەگەر چی خانمەکە هیچ بۆگەنێکی بەرنەدابووەوە، بەڵام ماکس بۆخۆی دەیزانی مەبەستی لە چییە.

"من ناوم هێنرییە" پیاوە بچکۆلانەکە گوتی.

"ئێوە چۆنن هێنری؟" خانمەکە گوتی.

"سوپاستان دەکەم، من ئەمشەو هاتووم بۆ ئێرە تا پیتی ببینم. ئەوە دوو هەفتە دەبێت نەگەڕاوەتەوە ماڵێ"

ماکس بۆی نەدەکرا لە هیچ شتێک تێبگات. پیتی، هەندێک جار شەوانە لەدوای نیوەیشەوێوە و تا ڕادەیەک نزیکی دووی بەرەبەیانی دێتە ئەم ناوە و سەرێک دەدات، بەڵام هەمیشە تەنیا دێت. ئەمشەو لەدوای دەی شەوەوە باوکی هاتووەتە ئێرە. ئەوەتا ئێستاش لەدوای یانزەی شەوەوە خانمێکی بەتەمەن کە بە دایکی دەشێ، بەدوایدا هاتووە.

"کوڕی تۆیە، ئەو هەتا بڵێی گەنجێکی سەرنجڕاکێشە" خانمەکە گوتی.

"من بەدرێژایی ژیانی دەیناسم. ئەو بە لای ئەو خەڵکانەوەی کە نایناسن زۆر سەرنجڕاکێشە" پیاوە بچکۆلانەکە زۆر بە ڕوونییەوە ئەوەی دەربڕی.

"من تەواو بە خولیا و ئارەزووەکانی سەرسامم" خانمەکە گوتی.

"ئەوە چاکی خۆتانە، بەڵام ئەو خولیا و ئارەزوانەی چین؟"

"من لەوە تێدەگەم کە ئەو دەیەوێت ببێ بە ئەکتەر" خانمەکە گوتی.

"ئەو گەلێک خەون و ئارەزووی هەن. منداڵانی بە هۆشوگۆش هەمیشە پڕ ئارەزوون" پیاوە بچکۆلانەکە گوتی.

"ئەو گوتی تەمەنی بیستویەک ساڵە" خانمەکە گوتی.

"ئەو هێشتا حەڤدە ساڵی تەواوی پڕ نەکردووەتەوە" پیاوە بچکۆلانەکە گوتی.

ماکس لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی "تۆزێک ڕێگەی منیش بدەن، هێشتا حەڤدە ساڵی پڕ نەکردووەتەوە. ئەوە بۆ ماوەی دوو هەفتەیە هەموو شەوێک دێتە ئێرە. من ناتوانم خواردنەوە لە بەردەمی کوڕوکاڵ دابنێم. ئەوە پێچەوانەی یاسایە. پێم وا بوو لە بیستودوو ساڵ گەورەتر بێت"

"نەخێر، ئەو هێشتا هەڤدەساڵی تەواو نییە" پیاوە بچکۆلانەکە گوتی.

پیاوە بچکۆلانەکە خۆزگەی دەخواست ئەو خانمە لە مەیخانەکە بڕواتە دەرێ و بواری بۆ بڕەخسێنێ هەر بە تەنیا بۆ خۆی و پیتی پێکەوە دابنیشن و قسە بکەن، بەڵام خانمەکە لەوە نەدەچوو نیازی ڕۆیشتنی هەبێت.

"نەخێر ئەو هێشتا هەڤدە ساڵی تەواو نییە" پیاوە بچکۆلانەکە جارێکی دی ئەوەی دووبارە کردەوە.

"من ئەوەم نەزانی" خانمەکە گوتی.

پیاوە بچکۆلانەکە پاشی وچانێک گوتی "پیتی لەو جۆرە کوڕانەیە کە داواکارییی ئەوەندە زۆرن، نابڕێنەوە، تۆ تاوەکو ئێستا هیچ پارەیەکتان داوەتێ؟"

بە پێچەوانەی ئەوەی ماکس چاوەڕوانی لێ دەکرد، خانمەکە بەو پرسیارە هیچ نەشڵەژا.

"بەڵێ، من پارەم داوەتێ" خانمەکە گوتی.

"ئێوە شووتان کردووە؟" پیاوە بچکۆلانەکە گوتی.

"ببوورن چیتان فەرموو؟" خانمەکە گوتی.

پیاوە بچکۆلانەکە بە کەمێک لە شڵەژانەوە گوتی "باشە، با بە جۆرێکی تر ئەو پرسیارەتان ئاڕاستە بکەم. هەڵبەت ئێوە منداڵی خۆتان هەیە؟"

"من کیژۆڵەیەکم هەیە تەمەنی نۆزدە ساڵانە، کیژێکی تریشم هەیە تەمەنی حەوت ساڵ دەبێ. پێکێکی تری ویسکیم بۆ بهێنە لەگەڵ سۆدەدا"

ماکس سەرقاڵی دروستکردنێکی پێکێکی ویسکیی تر بوو بۆ خانمەکە. پیاوە بچکۆلانەکە هیچی نەدەخواردەوە.

"دەبێ مێردی بەڕێزتان پیاوێکی دەوڵەمەند بێت" باوکی پیتی ئەوەی گوت.

"من بۆخۆم دەوڵەمەندم. مێردەکەم بە درێژایی ژیانی کەسێکی هەژار و بێدەرەتان بووە"

"ئێوە دەتانەوێ پیتی بکەن بە کوڕی خۆتان؟" پیاوە بچکۆلانەکە گوتی.

"بمبەخشن ئێوە چی دەڵێن؟!" لەو کاتەدا کە خانمەکە ئەوەی گوت، لە ناخەوە بە تەواوی ئاگری لێ دەبووەوە.

(باشە، دەبێ چی لەبارەی ئەوەوە بزانی. ماکس کەوتە ناو ئەندێشەوە. کوڕێکی سەرنجڕاکێشی قۆزی وەکو پیتی.. ئەوە هەمووی لەبەر خۆشەویستیی ئەوە)

پیاوە بچکۆلانەکە گوتی "من تەنیا هەر دەمەوێ بەئاگات بهێنمەوە. ئەو کوڕەی من هەموو ئاسوودەییت لێ دەشێوێنێت. تەنیا هەر ئەوەندەم دەوێ کە دڵنیا بم ئێوە ئازاری نادەن. پێم وا بێت ئەو لە دەستی دێ هەموو شتێک بکات. وا دەزانم ئەو هەر وەکو چۆن دەتوانێت زۆر کاری گەورە ڕاپەڕێنێت، ئاواش کاری زۆر سەرسووڕهێنەری لێ دەوەشێتەوە. ئەو بۆی دەکرێ هەر کەسێک بکوژێت بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ پەشیمانییەک بکات. دڵنیام ئێوە بەو جۆرە نایناسن کە من دەیناسم. من دەمەوێت زۆر، بە شێنەیی لە خۆی بڕوانێ و پاشی هێنان و بردنێکی زۆر بەدووی ئەوەدا بگەڕێی کە خۆی دەیخوازێت. ئەو تەواو نائارام و سەرلێشێواوە و زۆر لە قووڵایی ناخیەوە تووڕەوتڕۆیە. من وای دەبینم ئەو هەموو شتێکی لێ بوەشێتەوە"

"من زۆر بەداخم لەوەی هیچ تێناگەم" خانمەکە گوتی.

پیاوە بچکۆلانەکە گوتی "من زۆر بە خەمی پیتییەوەم. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بێت کە ئەو وەکو من نەبێت، یان وەکو دایکی، یاخود وەکو هەر یەکێکی دی لە خوشک و براکانی. ئێمە هەر هەموومان بە خەمی ئەوەوەین، بەڵام لە هەموویان زیاتر خەمی ئەوم هەڵگرتووە. ئەوەشت پێ دەڵێم کە پیتی زۆر شەرم لە من دەکات. لە هەمان کاتیشدا پێم وا بێت ئەو منی لە هەر کەسێکی دی خۆشتر بوێت کە لەم دونیایەدا هەیە. دڵنیام ئێوە بە نیازی ئەوە نین شوو بکەن بە پیتی"

(بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە دەهاتنە ئەو مەیخانە خنجیلانەیەوە، ماکس کەوتە ئەندێشەوە تا هێزی تیایە بقیژێنێت)

"ئێمە بیرمان لەوە کردووەتەوە دووسبەی ئاهەنگی ژنومێردایەتیمان بگێڕین" خانمەکە گوتی.

پیاوە بچکۆلانەکە گوتی "وا هەست دەکەم"

"ئێمە هەردووکمان یەکتریمان زۆر خۆش دەوێت" خانمەکە لە کاتێکدا ئەوەی گوت، کە لە ناخەوە دەروونی هەژابوو. تەنانەت ماکسیش هەستی بەوە دەکرد. ئەو شوێنەی ماکس زۆر خەمی لێ دەخوارد، ئەوە بوو کە ئەو خانمە مێرد بە کەسێک بکات هەر هیچ نەبێت لە جەستە و بالای خۆیەوە نزیک بێت، کەسێک کە هەر وەکو ئەم وا بێت.

(ئۆو، ئۆو. ماکس لەپڕێکدا بیری لەوە کردەوە کە یەکێک لەو دوانە دەبێ زۆر بە خێرایی لێرە بڕۆنە دەرەوە. هەرچەند خولەکێکی دی نابات ئەو کوڕە ڕوو دەکاتە ئێرە)

"ئێستا یا تۆزێکی تر لەم ناوە دەردەکەوێت" ماکس لە کاتێکدا ئەوەی گوت، سەرقاڵی سڕینەوەی مەیخانەکەی بوو، بەڵام هەرچۆنێک بوو تێبینییەکەی زۆر جێی بایەخ نەبوو.

"بەڵێ دەزانم" پیاوەکە بچکۆلانەکە ئەوەی گوت و ڕووی کردە خانمەکە "من هەمیشە پیتیم هان داوە ئەوە بکات کە خۆی خۆشیی پێی دێت. خۆم وا نیشان دەدەم کە هیچ شتێکم نەزانیوە و کاتێکیش ئەوە تۆزێک کۆن بوو، وا لە دایکی دەکەم کە خۆی لە هیچ شتێک هەڵنەقورتێنێت"

"تۆ پیاوێکی زۆر دڵنەرمیت" خانمەکە گوتی.

خانمەکە شڵەژابوو و بە لای ماکسەوە وا دیاربوو کەمێکیش شەرمەزار بنوێنێت.

"من زۆر نیگەرانی پیتیم" پیاوە بچکۆلانەکە ئەوەی گوت.

پیاوەکە لایەکی کردەوە و بەبێ ئەوەی هیچی تر بڵێت، بەرەو دەرەوەی مەیخانەکە چووە دەرێ. ماکس لە گۆشەیەکی خوارەوەی مەیخانەکە سەرقاڵی چەند پەرداخێک بوو.

"پێکێکی تر ویسکی و سۆدەیەکم بۆ بهێنە" خانمەکە ئەوەی گوت.

خانمەکە لەپڕێکدا بەدەم غەمگینی و شەرمەزارییەوە تەواو ناشیرینی دەنواند. لە سەرەتادا خانمەکە هەتا بڵێی نازداری دەکەوتە ڕوو، یاخود بە لایەنی کەمەوە سەرنجڕاکێش، بەڵام ئێستا و هەر لەپڕێکدا و لەو ساتەدا کە ماکس لێی دەڕوانی، هەتا بڵێی قێزەون بوو.

ماکس پێکەکەی لە بەردەمی خانمەکە دانا و بەرەو لای فۆنۆگرافەکە ڕۆیشت و نیکڵێکی تێهاویشت. کاتێک گۆرانییەکە گەیشتە کۆتایی، ماکس نیکڵێکی تریشی فڕێدایە ناوی. ئیدی کاتی ئەوەیە ئەو کورە سەر دەربهێنێت. بەرەو لای دەرگاکە سەری هەڵبڕی و بەوپەڕی تەنگەتاوییەوە کەوتە تەماشاکردن. خانمەکە هەوڵی دەدا بە هیچ شێوەیەک تەماشای لای دەرگاکەوە نەکات. ماکس بەردەوام نیکڵێکی دەهاویشتە ناو

ئـامێری فۆنـۆگرافەکەوە و تەماشــای ڕووکــاری دەرگــاکەی دەکرد. لە سەعات دووی تەواودا گوتی:

"ئیدی کاتی ئەوە هاتووە مەیخانەکە دابخرێت خانم"

خانمەکە پارەی نۆ پێک ویسکی و سۆدەی دانا و خۆی بۆ چوونەدەرەوە ئامادە کرد. نزیکی دەرگاکە ئاوڕێکی دایەوە و جارێکی دی گەڕایەوە.

مـاکس لەبەرخـۆیەوە گـوتی "زۆر ڕاسـتە خـانم، مـن هەڤـدە سالآن نیم، بەڵام خۆ ناشیرین نیم. من تەنیا تەمەنم چلوهەشـت سـاڵە. وەرە بـا لەوە بـدوێین. ئەگەر هەر دەبـێ شـوو بکەیـت، شوو بە کەسێک بکە مانەندی خۆت بێ. شوو بە من بکە"

مـاکس بەسـەر مێـزی پێشـەنگەی مەیخـانەکەی بەردەمیـدا بەرەو ڕووی خـانمەکە نوشـتایەوە، کە پـارچە پارەیـەکـی لە مـشتیدا هەڵگرتبـوو و بە گەرمیـیەوە دەسـتی دەگوشـی و پـارەکەی لە مـشتیدا بەجـێ هێـشت و ئـاوڕی دایەوە بـۆ چـوونەدەرەوە. لە نزیکـی دەرگـاکەوە جـارێکی دی هەڵوێستەیەکی بۆ کرد. ماکس لەبەرخۆیەوە گوتی "دەی خـانم بیرێـک لەوە بـکەرەوە. تـۆ کەسـێکی دونیادیـدەیت و منـیش کەسـێکی ژیـر و بەتەمەنـم" خـانمەکە جـارێکی دی بەرەو لای ماکس گەڕایەوە. خانمەکە گوتی:

"من و ئەو زۆر یەکتریمان خۆش دەوێت".

(ماکس گوتی، من دەڵێم ئێمە. خـانم تـۆ بـۆ خـۆشـت نازانیـت ئـێمە هەردووکمـان چەنـد یەکتریمـان خـۆش دەوێـت. دەی بـا قسەیەکی خۆش لە زارت بێتە دەرێ)

"خانم" ماکس ئەوەی گوت و هەستی بە هەرزەگۆیی خۆی کرد.

خانمەکە بەرەو لای نزیکیەوە هات و کەمێک چاوەڕێ ما.

"بەڵێ" خانمەکە گوتی.
"بمبەخشە، ئەوە یەکەمین شەویتی لەم دوو هەفتەیەدا کە دەرنەکەویت" ماکس گوتی.
"خەمت نەبێت" خانمەکە گوتی.
"دەتوانم ماشێنێکی کرێت بۆ بانگ بکەم؟"
"ماشێنەکەم لە دەرەوە ڕاگرتووە"
"من زۆر ئاسوودەم بەوەی هەڵتبگرم و بەرەو ماڵەوەت بەرمەوە... مەبەستم ئەوە کە..."
"شوفێرەکەم لەناو ماشێنەکەدا چاوەڕوانیم دەکات"
خانمەکە زۆر خێراتر لەوە چووە دەرێ کە ڕێگە بە ماکس بدات لەودیوی مێزی پێشەنگەی مەیخانەکەوە ئاودیو بێ و دەرگاکەی بۆ بکاتەوە. ماکس بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و لەوێوە کەوتە تەماشاکردن. لەو کاتەدا شوفێرەکە دەرگای ماشێنەکەی بۆ خانمەکە کردەوە و یاریدەی دا بڕواتە ناوەوە و بە خێرایی لەو ناوە دوورکەوتەوە. ماکس بۆ وچانێک لە شوێنی خۆیدا کشومات مایەوە
(ئەوە من تووشی چی بووم؟ ماکس کەوتە ناو ئەندێشەی قووڵی خۆیەوە) ماکس بەرەو ناو مەیخانە گەڕایەوە و هەموو شتێکی ئەو شەوەی خستەوە شوێنی خۆی. پاڵتۆکەی لە بەر کرد و پێکێکی بچکۆلەی بۆ خۆی ئامادە کرد و بەوپەڕی تێڕامانەوە هەڵی دا.
دەرگاکە جووڵایەوە، بەڵام ئەو هێندە قووڵ چووبووە ناو خۆیەوە، لە یادی نەبوو هاوار بکات کە ئەو مەیخانەکەی داخستووە. دەرگاکە جارێکی دی جووڵایەوە و گوێی لە پیتی بوو لەودیوەوە دەنگی هات.
"هێی ماکس، بۆ تاوێک ڕێگەم بدە بێمە ژوورەوە"

ماکس بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و کردیەوە و پیتی هاتە ژوورەوە.

"ماکس، پێکێکم بدەرێ. من تووشی ڕووداوێک هاتووم ماکس. کەوتومەتە ناو خۆشەویستییەوە"

"بەڵێ، ئاگام لێیە"

"تۆ پێدەزانیت؟ من تەنیا ئەمشەو ڕێکەوتیم کردووە"

"ڕێکەوتی کێت کردووە؟"

"ماکس، ڕێکەوتی جوانترین کیژۆڵەی ئەم دونیایەم کردووە. ئەو منداڵێکە تازە پێدەگات. بەڵام هەتا بڵێی شیرینە. ئەو زۆر بێگوناە و سادەیە... باشە، ئای خودایە، من بە خۆمدا ناشکێمەوە کاتێک دەڵێم.. زۆر شیرینە"

"تۆ جارێکی دییش گوتت شیرینە" ماکس گوتی.

"ئەو تەنیا تەمەنی چواردە ساڵانە. پێت وا بێ لە کوێ پەیدام کردووە؟" پیتی گوتی.

ماکس کەمێک کەوتە ناو ئەندێشەوە و ئەوجا گوتی "لە سینەما ڕێکەوتیت کرد؟"

پیتی گوتی "نەخێر. ئەمشەو لە جێی ئەوەی بۆ دیدارێکی خۆم بڕۆم، ڕووم کردەوە ماڵێ. بڕیاری ئەوەم دا لە نزیکی گۆشەی کۆلانێکەوە لای گوڵفرۆشییەکەوە ڕابوەستم و هەندێک گوڵ بۆ ماڵەوە بکڕم. ئەوم لەناو گوڵفرۆشییەکەدا بینی. کچی خاوەنی گوڵفرۆشییەکە بوو. نیوەی ئێرلەندی و نیوەی ئیتاڵی بوو. کیژۆڵەیەکی جوان و تەنیا بوو. چەپکێک گوڵم کڕی و چوومەوە ماڵێ و لەوێ بۆ تاوێک دانیشتم و بەدەم قسەکردنەوە چاوەڕوانیی باوکم دەکرد بێتەوە ماڵێ. ئەو بۆ هەندێک کاری تەواونەکراو گەڕابووەوە بۆ شوێنی کارەکەی. جارێکی دی گەڕامەوە بۆ لای گوڵفرۆشییەکە و لە دایک و

باوکی کیژەم پرسی ئاخۆ ڕێگەم پێ دەدەن کیژەکەیان لەگەڵ خۆم بەرم بۆ سینەمایەکی نزیکی ئەو ناوە. دوای ئەوەی لە سینەما هاتینە دەرەوە، ئەوم لەگەڵ خۆم بردەوە ماڵێ و لەو کاتەوەش تا ئێستا بۆخۆم بەسەر شەقامەکانی شاردا دەخولامەوە.

ماکس گوتی "تێگەیشتم. هەر زۆر سەرنجڕاکێشە"

پیتی گوتی "ئەی لای تۆ چی دەگوزەرێ؟"

"خراپ نەبوو"

"کەس هاتە ئەم ناوە؟"

"هەندێ کەس کە من نەمدیبوون"

"هیچ مشتومڕێکی خۆشی ناو مەیخانەکە هەبوو؟"

"هەندێک"

پیتی گوتی "من بۆخۆم ڕۆژێک لە ڕۆژان دەخوازم مەیخانەیەک بکەمەوە. پێم خۆشە جۆرەها خەڵک بناسم و گوێ لە قسەکانیان بگرم"

ماکس پرسیی "ئەوە ئارەزووتە"

پیتی گوتی "بەڵێ، جۆرەها خەڵک، ماکس. خەڵکی زیندووی جۆراوجۆری نێو ئەم دونیایە. ڕوخساری جیاواز و لەیەک نەچوو. جۆرەها شێوازی جیاوازی گفتوگۆ. پێم خۆشە گوێم لەوە بێ کە چۆن پێدەکەنن. هەر بەو بۆنەیەوە پێت خۆشە بزانی کیژۆڵەکەم چۆن پێدەکەنێ"

ماکس گوتی "نەخێر"

پیتی گوتی "هەر وەکو فریشتە. هەر ئەوەندەیە دڵم لە جووڵە ناکەوێت. ئەوە وام لێ دەکات لە هەر شتێکی دیی ئەم دونیایە پتر غەمگینم بکات. من ئەوم زۆر خۆشدەوێ، بەڵام گرفتێکم ئەوەیە کە ئەم دونیایە پڕن لەو فریشتانە"

ماکس گوتی "ئەوە ڕاستە"

پیتی جارێکی دی دووبارەی کردەوە "ئەوە تەنیا گرفتێکی منە. ئەم دونیایە لێوانلێوە لەو شۆخانە"

"بە دڵنیاییەوە دونیایەک لەوانە هەن" ماکس گوتی.

"لە هەموو شوێنێکدا هەن" پیتی ئەوەی گوت و وچانێکی گرت و جارێکی دی تێهەڵچووەوە "ڕوو لە هەر کوێیەکی ئەم دونیایە دەکەی لەوێ هەن. ئەوەی من لە گوڵفرۆشییەک بوو و لە نزیکی دەمی کۆڵانەکەی لای ماڵی خۆمانەوە. ئەوجا تۆ وەرە بیر لە هەموو دەمی کۆڵانەکانی تر بکەرەوە و بیر لە هەموو شارەکانی دیش بکەرەوە. لە سەدان هەزار لەو فریشتانە"

ماکس ئاخێکی هەڵکێشا و هەستی بە پیریی خۆی خۆیی کرد و کەوتە ئەندێشەی ڕەنگینی ئەو شوێنە خنجیلانەیەی خۆیەوە و ئەو کارە ئاسان و ئەو دەمی سەعاتە سوک و سادانەی خۆیەوە، کە هەیبوون، شوێنێکی هەیە بۆ نووستن و ئەو سەدان هەزار فریشتانەش کە چۆن تا ئێستا بەوپەڕی کەمتەرخەمییەوە پشتگوێی خستوون. ئەوجا گوتی "ئەرێ، ئەوە زۆر ڕاستە پیتی"

پیتی پێکێکی دیی هەڵدا و دۆلارێکی لە پێشی مێزی پێشانگەکە دانا.

"با ئەمشەو لەسەر من بێ" ماکس گوتی.

"سوپاس ماکس. بە هیوای ئەوەی بەیانی یەکتر ببینینەوە..."

پیتی خەریک بوو شتێکی دی بڵێ و لەوێدا وچانێکی کورتی دا و تەواوی نەکرد. پاش تاوێکی تر گوتی "لەوە دەچێ بۆ ماوەیەک ڕێم نەکەوێتەوە ئەم نزیکانە. لێرەوە تا گەڕەکی خۆمان وچانەڕێیەکی دوورە"

"زۆر باشە" ماکس گوتی.

"بە خۆشیت دەسپێرم" پیتی گوتی.

ماکس تەماشای پیتیی کرد چەند بە خێرایی دوورکەوتەوە، هەر وەکـو کەسـێک بـێ و لەنـاو شـانۆییەک ڕۆڵ بگێـڕێ. کڵاوەکەی لە سەر کرد و چووە دەرەوە و دەرگاکەی کلۆم دا. زۆر بە شـێنەیی بەرەو دەمـی کۆتـایی کـۆڵانەکە تێپەڕی. زۆر سوپاسـگوزاری هەمـوو ئەو کەمتەرخەمیـیەی خـۆی بـوو، کەوتبـوونە نـاو ڕۆژگـاری ڕابـردوویەوە و هێـشتاش بە هەر هۆکارێـک بـێ، کەمێـک تـووڕە بـوو لەو ژیـانە خـۆش و ئاسوودەیەی خۆی.

## هەڵگیرسانی جەنگ

لە سێی گەلاوێژی ساڵی ١٩٣٩دا، کوڕێژگەیەک بە ناوی جان، بەدەم ڕاکردنەوە خۆی کرد بەناو ئەو سەرتاشخانەیەدا کە کەوتبووە سەر شەقامی مۆڕاگا و لەو کاتەدا من لەوێ خەریکی ئەوە بووم سەرم چاک دەکرد. هاواری کرد "جەنگ خەریکە لە ئەورووپا هەڵدەگیرسێت" تاگەلەیڤیای سەرتاش شانەکەی لە دەستێکی و مقەستەکەشی لە دەستەکەی دی فڕێدانە خوارەوە و گوتی "لەم دوکانە بچۆرە دەرەوە. لەوەوبەر ئاگادارم کردیتەوە"

من بە کوڕێژگەکەم گوت "ناوت چییە؟"

"من ناوم جانە" کوڕێژگەکە گوتی.

"تەمەنت چەندە؟"

"یانزدە ساڵم"

بەڕێز تاگەلەیڤیا گوتی "تۆ دەبێ لەم دوکانە بڕۆیتە دەرەوە"

من هێشتا لەژێر ئەو کاریگەرییەدا بووم کە بەڕێز تاگەلەڤیا لەگەڵ جاندا دەدوێت، بەڵام وا دەرنەدەکەوت لەگەڵ ئەوی بێت و وا دیاربوو مەبەستی لە من بووبێت. ئەوەش ڕوون بوو لەگەڵ خۆی نەدەدوا. جان لە دوکانەکە چووە دەرەوە. سەرتاشەکە سەدرییەکەی سەر سنگی شلکردەوە و فڕێی دایە ئەو لاوە.

"مەبەستت لە کێیە؟" من پرسیم.

بەڕێز تاگەلەیڤیا گوتی "مەبەستم لە تۆیە"

"بۆچی؟"

"مــن دەمەوێــت سەرتاشــخانەیەکــی خــانەدان و بەنــاو و شۆرەت بەڕێوەبەرم"

"من پیاوێکی خانەدانم"

"تــۆ لەگەڵ ئەو کــوڕێژگە شــێتەدا قــسەت کــرد، نامەوێــت کەسانی شێوەی تۆ بێنە ناو دوکانەکەی منەوە"

"ئەو لە شێت نەدەچوو؟"

"ئەوە شــێتە، کوڕێژگەیــەکی گەلــۆرە، نامەوێت کەســانێکی گەلۆر پێ بهاوێژنە ناو ئەم دوکانەی منەوە"

"من وام هێنایە بەرچاوی خۆم کە ئەوە جۆرێک لە گەلۆری بوو و ڕێگەم بە خۆم دا لە ناوی ئەو کوڕێژگەیە بپرسم. لەو بــارەیەوە داوای لێبوردنتــان لــێ دەکەم. مــن نووســەرم و زۆر جار حەز دەکەم لەگەڵ خەڵکان بدوێم و پرسیاریان لێ بکەم. داوای بەخشینتان لێ دەکەم. تکا دەکەم سەرم بۆ چاک بکەن"

"نەخێر، دەستی لێوە نادەم"

لەســەر کورســییەکەم هــاتمە خــوارەوە و لە ئــاوێنەکەوە لە ســەرم ڕوانــی. سەرتاشینەکەم هێشتا نیوەی تەواو نەبووبوو. شــێوازی ســەرم هــیچ نمــوودێکی ئەوتــۆی نەبــوو، بەڵام بــۆم دەکــرا ســێ چــوار کــۆڵانی دی بــڕۆمە خــوارەوە و بــڕۆمە لای سەرتاشێکی تر. بۆینباخەکەم کردەوە ملم و چاکەتەکەم لە بەر کردەوە. پرسیم "بمبەخشە دەبێ چەند پارە بە ئێوە بدەم؟"

سەرتاشەکە گوتی "من هیچ پارەم لە ئێوە ناوێ. ڕێگە بە خــۆم نــادەم پــارەی کەســانێکی وەکــو ئێــوە بێــتە گیرفــانمەوە. ئەگەر ســواڵم کــردووە و خێزانەکەشــم دەســڕیان ڕاخــستووە، ئەوا شاگەشە دەبم پارە لە کەسانێکی گەلۆر وەرنەگرم"

"بمبەخشە، پێم وا بێت پارەیەکی ئێوە هاتبێت بە لای منەوە. پێت چۆنە سیوپێنج سەنتان بۆ دانێم؟"

"تاکە سەنتێکت لێ وەرناگرم. تکات لێ دەکەم بڕۆنە دەرەوە. ئەو سەرتاشینە با دیاریی من بێت بۆ ئێوە. من هەمیشە بەسەر خەڵکەوە هەبووە. هیچ وەرناگرم. من پیاوم و گەلۆر نیم "

من ئیدی دەبوا لەو شوێنەدا کە کار گەیشتبووە لێژی، لە دوکانەکەدا دەرچوومایەتە دەرەوە، بەڵام زۆر بە دڵنیاییەوە هەستم دەکرد بەوەی ئەو پیاوە تەنیا هەر خۆشیی بە قسەکردن دێت. من هێزێکی لەبننەهاتووی تێگەیشتنم هەبوو کە هەمیشە لە ئاستێکی باڵادا بووە و جارجاریێکیش جێی سەرسووڕمانە. پەی بە هەندێک شت دەبەم کە زۆرێک لە خەڵکی بە هەر هۆیەک بێ لە هۆکان بۆیان ناکرێ پەی پێ بەرن.

(هەندێک جار ئەوەی هەستی پێ دەکەم هەڵەیە و لەناو گرفتێکی گەورە و دژوارم دەنێ، بەڵام هەمیشە بۆم دەلوێ بە هونەرێک خۆمی لێ دەربهاوێژمە دەرێ. قسەیەکی خۆش بە شێوازێکی زۆر هاوڕێیانە. خستنەڕووی ڕەفتارێکی ناسکی ژیاندۆستانە لە نموونەی ئەوەی، ئێمە هەموومان برای یەکین و ئەوە ناهێنێ. دونیا چییە هەر هەموومان دەبێ بمرین. با هەر هەموومان بەوپەڕی سنگفراوانییەوە باوەشی خۆشەویستی بۆ یەک بکەینەوە و لەسەر شتی سادە بەیەکدا هەڵنەشاخێین)

ئێستا هەستم بەوە دەکرد سەرتاشەکە تووشی گرفتارییەک، یاخود تووڕەبوونێک هاتووە و حەزی بەوەیە بە ئارەزووی خۆی بدوێ و دەخوازێ کەسێک گوێی بۆ شل

بکـــات. لە ڕاستیـــشدا ئەگەر لە گریمـــانەکەی خـــۆم بەهەڵەدا نەچووبم، پەیامێکی هەیە و دەیەوێ بیدات بە گوێی جیهاندا.

هەزاران فرســـەخی لەم دونیـــایە بڕیـــوە و هێـــشتا بـــۆی نەڕەخـساوە کەسـێکی ئامـادەی ئەوتـۆ پەیـدا بکـات گـوێ لە پەیامەکەی بگرێ، یاخود پەیامەکەی بۆ هەڵبگرێ و بە جیهانی بگەیەنێت.

"جگەرەیەک دەکێشیت؟"

"هیچ شتێکم ناوێت" سەرتاشەکە گوتی.

"دەتـوانم بـۆ خاولییەکانـت هـیچ یارمەتییەکتـان پێـشکەش بکەم؟"

"تۆ لە دوکانەکەم بڕۆ دەرەوە"

لێرەدا بە دڵنیاییەوە ئەگەر من لە ژیانمدا ڕێکەوتی کەسێکم کردبێ، هاوسەنگییەک لە ئارادا هەبووە. هەندێک جار لەڕێی هەنـــدێک لەو ژنـــانەوە قـــسەم لەســـەر کـــردوون کە وەک نەناســـراوێک و پەیپێنەبراوێـک شـوێن ئەدەبیـاتی هـاوچەرخ کەوتوون، بەڵام دواجار من نووسەرم. هەر کەسێک دەگری چاوەڕوانیی ئەوە لە نووسەرێک دەکات لە مامەڵەکردنی لەگەڵ نەناســـراوێکدا ئەوپەڕی شـــکۆمەندی بنـــوێنێ، بەڵام لەگەڵ سەرتاشـــێکدا کەســـێک زۆر بە ســـادەیی زیـــاد لەوەی بەدەم وتووێژێکی پڕ لە ئەدەب و ویقارەوە چاوەڕوانی قژچاککردن، یان ڕیشتاشین، یاخود هەردووکیان بێ، دەبێ چاوەڕوانی چیی دی بـێ. ژنانێـک ئەگەر کاتێکیـان بـۆ خوێنـدنەوە هەبێـت ڕێـی تێدەچێت باوەڕیان بەوە هەبێت کە زۆر سروشتییە نووسەرێک تایبەتمەنـــدییەکی بچکـــۆلانەی دیاریکراویـــان هەبێـــت، بەڵام لەوانەیە تـــاکە پیاوێـــک لە جیهانـــدا نووســـەر بـــێ، ڕێـــگە بە سەرتاشێک بدات مافی جیاوازیی لەو جۆرەیان هەبێ.

نووســـەران کەمێــک بەخۆدانازینیـــان هەیە و دەزانـــن کە ئەوانیش مرۆن و ڕۆژێک دێ دەمرن و لە بیر دەچنەوە. ئێمە دێین و دەڕۆین و لە بیر دەچینەوە. هەموو بەوە دەزانین کە نووسەران نەرم و نیانن، لە کاتێکدا پیاوانێکی دی هەن تا دوا ڕادە دڵڕەقن.

بڕیارم دا پارەی سەرتاشینەکە هەمووی بە سەرتاشەکە بدەم و لەجێی سیوپێنج سەنت، شەستوپێنج سەنتی بدەمێ. پیاو هەمیشە سەری چاک دەکات، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە گۆشـــی بە خـــۆیەوە بێـــت و دڵنیـــا بێـــت لەوەی تەفـــرەی نەخواردووە.

"بمبەخشە، بڕوا ناکەم ئەوە جوان بێت بۆ من کە پارەی سەرتاشینەکەمت پێ نەدەم. ئەوە ڕاستە کە تۆ سەری منت چاک نەکردووە، بەڵام لەوانەیە ڕۆژێکی تر بۆم تەواو بکەیت. من لەم نزیکانەوە دەژیم و دوور نییە زوو زوو چاومان بە یەک بکەوێت"

"لە دوکانەکەم بچۆرە دەرەوە. نامەوێت خەڵکانێکی وەکو ئێوە بێنە ئێرە. جارێکی دییش نەگەڕێیتەوە بۆ ئێرە. کاتم نییە"

"مەبەستت چییە لە خەڵکانێکی وەکو من؟ من نووسەرم"

"من باکم بەوە نییە تۆ کارت چییە، ئێوە لەگەڵ کەسانێکی گەلۆردا قسەتان کرد"

"تەنیا تۆزێک قسەم لەگەڵی کرد. نەمدەزانی ئێوە بەوە دڵگران دەبن. لەوە دەچوو ئەو کوڕیژگەیە بەوەی کەسێک ڕوویەکی خۆشی لێ بنێ، ئاسوودە و دڵخۆش بووبێ"

"ئەو کەسێکی گەمژەیە، کوڕیژگەیەکی گەمژەیە"

"بۆچی ئێوە وای پێ دەڵێن؟ لەوەی دەکرد ئەو زۆر دڵسۆز و خەمخۆر بێت"

"بۆچی وای پێ دەڵێم، لەبەر ئەوەی گەمژەیە. ئەوە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ دەچێ زوو زوو خۆی دەکات بەم دوکانەی مندا و هاوار دەکات، جەنگ! جەنگ! جەنگ!"

"من هیچ لەوە تیناگەم "

"تۆ هیچ لەوە تێناگەیت. جەنگ! من نازانم تۆ کێیت، بەڵام با شتێکت پێ بڵێم"

"من ناوم دۆناڵد کەنەبێکە. ڕەنگە ناوی منتان بەر گوێ کەوتبێت"

"من ناوم نیک تاگەلەیڤیایە. هەرگیز ناوی تۆم نەبیستووە"

سەرتاشەکە وچانێکی گرت و ڕوانییە ناوچاوم و گوتی "جەنگ!"

"ئەرێ"

"تۆ گەمژەیت. ڕێگەم بدە شتێکتان پێ بڵێم" سەرتاشەکە ئەوەی گوت و درێژەی دایە "هیچ جەنگێک لە ئارادا نییە! من سەرتاشم. خۆشیم بەو کەسانە نایەت گەمژەن. هەموو شتەکان گەمەیەکن. ئەوان دەیانەوێت لەوە بڕوانن ئاخۆ هێشتا خەڵکی هەر گەمژەن. بەڵێ زۆر گەمژەن. خەڵکی لە ئێستادا زۆر لە ڕۆژگارەکانی دی گەمژەترن. ئەو کوڕیژگەیە زوو زوو بەدەم ڕاکردنەوە خۆی دەکات بەم دوکانەدا و هاوار دەکات جەنگ خەریکە لە ئەورووپا هەڵدەگیرسێت، تۆش لەگەڵیدا دەدوێیت و بەوە هانی دەدەیت. زۆر ناخایەنێت ئەویش وەکو تۆ باوەڕ بە هەموو شتێک دەهێنێت"

سەرتاشەکە وچانێکی گرت و جارێکی دی زۆر لە نزیکەوە کەوتە تەماشاکردنم. بۆ ئەوەی دڵنیا بێت چۆن سەری بە ناتەواوی بەجێ هێشتووم و هێشتا چەندێک کاری ماوە لە قژمدا تەواوی بکات، کڵاوەکەم لە سەرم هێنایە خوارێ.

"تۆ دەربارەی چی دەنووسیت؟"

"یادەوەری"

"تۆ گەلۆریت" سەرتاشەکە وای گوت و لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو "بۆچی هانی ئەو کوڕیژگەیە دەدەیت؟ ئەو بەبێ جەنگ گەلێک گیروگرفتی دێتە ڕێ. بۆچی پێی دەڵێی، تەمەنت چەندە؟"

"من پێم وا بوو ئەو کەسێکی پڕشنگدارە. تەنیا هەر ئەوەندە بوو تێی بگەیەنم کە بایەخی پێ دەدەم"

"نامەوێت کەسانێکی وەکو ئێوە سەر بکەن بەم دوکانەی مندا"

"خەڵکانێکی وەکو من؟ ئاخر من قێزم لە شەڕ دێتەوە"

"دەمت داخە. جیهان پڕێتی لە خەڵکانی گەمژەی وەکو تۆ. تۆ قێزت لە شەڕ دێتەوە، بەڵام لە ئەورووپا جەنگ هەڵایساوە"

ئەو تێوەگلانە لێرەدا زۆر سەرنجڕاکێش بوو. پێم گوت "بمبەخشە، خۆ من جەنگم هەڵنەگیرساندووە"

"تۆ قێزت لە جەنگ دێتەوە. ئەوان دێن و پێت دەڵێن لە ئەورووپا جەنگ هەڵایساوە، ئێ تۆش بڕوایان پێ دەکەیت کە لە ئەورووپا جەنگ هەڵایساوە"

"من هیچ بیانوویەکم بە دەستەوە نییە بۆ ئەوەی بڕوا بکەم کە ئەورووپا باوەشی کردووە بە ئاشتیدا" من گوتم.

سەرتاشەکە گوتی "تۆ قێزت لە جەنگ دێتەوە. ڕۆژنامەکان بەسەر دێڕی جەنگەوە هاتوونەتە دەرێ. ئەو کوڕیژگەیەش دەم بە هاواری جەنگەوە خۆی دەکات بە ئێرەدا. تۆ بۆ سەرتاشین هاتوویت بۆ ئێرە و دەڵێی جەنگ. هەموو کەسێک بڕوا بە جەنگ دەکات. دونیا هەموو پڕی بووە لە گەمژەکان. قژت بە چی وا ڕووتاوەتەوە؟"

"به هۆی لەرزوتاوە"

"به هــۆی لەرزوتــاوە. تــۆ قــژت به هــۆی گەمــژەییەوە ڕووتاوەتەوە. مەکینەی کارەبایی، شانە، مقەست. تۆ قژت پێوە نەمـاوە بـۆ بـڕین. هەر هەمـوو ئەوەی ڕوو دەدات گەمەیەکە و هیچی دی. نـامەوێ چیی دی گەمژەکـان بێنە ئێرە و نـیگەرانم بکەن. هیچ جەنگێک لە ئارادا نییە"

من لەو هەستکردنەمدا هەڵە نەبووم کە سەرتاشەکە شتێکی هەبــوو دەیویــست بگەیــەنــێ و لە هەمــان کاتــدا دەیویــست کەســێکیش ددان بەوەدا بنــێ. زۆر بەوە ئاســوودە بــووم. بە سەرتاشەکەم گوت "تۆ پیاوێکی سەرنجڕاکێشیت"

سەرتاشەکە هاواری کرد "تۆ هیچ مەڵێ، من کوڕیژگەیەکی یــانزە ســاڵان نــیم. تەمەنــم پەنجــاونۆ ســاڵە. مــن پیــاوێکی سەرنجڕاکێشم!

ڕۆژنامەکان، نەخشەکان. تۆ قژت بە سـەرەوە نەمـاوە. مـن چی لە قژت بکەمەوە؟ کوڕیژگەکە خۆی دەکات بە ژووردا. تـۆ نـاتوانی ددان بە خۆتـدا بگریـت. ئەو دەڵـێ خەریـکە جەنـگ لە ئەورووپـا هەڵدەگیرسـێت. تـۆ نـاوت چیـیە؟ تەمەنـت چەنـدە؟ گرفتەکە چییە؟ تۆ شێتیت؟"

"من ئارەزووم نەکرد تووڕەتان بکەم. ڕێگەم بدە پارەکەتان پێ بدەم"

"نەخێر من هیچم لێتان ناوێت. ئەوە هەر قژبـڕین نییە. یەک سەنت چییە لێتی وەرناگرم. ئەگەر پیاوێکی قژبژ خۆی بکات بە دوکانەکەمدا و لەسەر ئەو کورسییە دابنیـشێت، مـن مەکینەکەم هەڵدەگرم و قژی بۆ دەبڕم. تاڵە قژەکـانی لێرەولەوێ دەکەونە خوارەوە. هیچ گرفتێک لەئاردا نییە و هـیچ گرفتـارییەکیش ڕوو نــادات. هــیچ گەمــژەییەکیش ناقەومێــت. کــابرا لەســەر

کورسییەکەی بەرز دەبێتەوە و قژێکی باشی بۆ تاشراوە. گوێچکەکانیشی ڕێک و جوانن. شەستوپێنج سەنت دەکات. سوپاست دەکەم. خوات لەگەڵ. کوڕێژگەکە خۆی دەکات بە ژووردا. من پێی دەڵێم بڕۆ دەرەوە. کوڕێژگەکە دەڕواتە دەرەوە. هیچ گرفتێک لە ئارادا نییە"

"سەرتاشێکی تر قژم بۆ ڕێک دەکاتەوە"

"زۆر باشە، بڕۆ بۆ لای سەرتاشێکی تر. بە یارمەتیی خۆت بڕۆ بۆ لای سەرتاشێکی تر. تەنیا یەک شت هەیە لە یادت بێ. هیچ جەنگێک هەڵنەگیرساوە. بەم ناوەدا مەیەن و بڕۆن و پڕوپاگەندە بڵاوبکەنەوە"

من لێرەدا ئاسوودە بووم کە زۆر بە سەرکەوتوویی گەیشتمە ناو قووڵایی تووڕەبوونی کابراوە و بابەتێکی تەڕ و تازەم بۆ یادەوەرییەکی دی بەدەست هێنا و بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی دی بڵێم، لە دوکانەکەی هاتمە دەرێ، بەرەو شەقامەکە کەوتمە ڕێ. هەست بەوە دەکەم زۆر کاریگەرانە ئەو بابەتەم بەکارهێنا بێ و لەناو کارێکدا جێگەی بکەمەوە، ئەگەر هەموو شتێک باش بێ، ئەوا ناوبانگێکی گەورەم بۆ دەستەبەر دەکات.

## ئەو ویزەویزکەرەی بە درێژایی زستان ژیا

هەندێک جار توانای زگماکی چ لای مرۆڤەکان بێ، یاخود لای گیانەوەران، بە هێزێکی تاکانەییەوە بەستراونەتەوە. مەبەستم ئەوەیە لای مرۆڤەکان توانا زگماکییەکان وا گریمانەکراون، کە جلەوگیر کرابن، بەڵام وەها بن یان نا، لە ڕاستیدا من ئەوە بۆ ئەوانی دی خۆیان بەجێ دەهێڵم. هەرچۆنێک بێ توانا زگماکییە سەرەکییەکان لای زۆرینەی بوونەوەرەکان ئەوەیە کە باوەش بۆ ژیان بگرنەوە. هەر یەکێک لە بوونەوەران دەگری جۆرێک لە هونەری خۆپارێزییان لە دژی بوونەوەرەکانی دی و ئەو سەرزەمینەیەش هەیە کە لێی دەژین. ئەوەی بەسەر ویزەویزکەرەکاندا هاتووە شتێکە من هەرگیز لەڕێی لێخوردبوونەوە و خوێندنەوەوە بەدەستم نەهێناوە. ئەوانیش دەمرن، ئەوە هیچ گومانێکی تیا نییە. بە هەر شێوەیەک بێ لە شێوەکان ئەوان بە دونیا دێن و من بۆ خودی خۆشم تا ئێستا ڕێکەوتی هێلکەیەکی ویزەویزکەرەم نەکردووە و بێچووەیەکیشم لێ نەدیون. باڵندەیەکی ویزەویزکەرە بۆخۆی زۆر خنجیلانەیە و هێلکەکەشی دەبێت زۆر جێ سەرنج بێت و دووریش نییە یەکێک بێ لە نازدارترین شتە بچکۆلەکانی دونیا. ئەگەر ویزەویزکەرە بە هەر جۆرێکی دی بێجگە لە هێلکە بێنە دونیاوە، ئەوا من داوای لێبووردن لە خوێنەر دەکەم. تەنیا شتێک کە لەبارەیانەوە دەیزانم هەر ئەوەیە، ویزز ویزز، وییزز

وییـزز. ((یەکێـک لە گەورەتـرین سروشتناسـەکانی ئەمەریکـا)) جارێکیان ئارەزووی کردبوو لە هێلکەی کیسەڵ بکۆڵێتەوە و بۆ ئەوەش زانیاری لەبارەیانەوە کۆبکاتەوە، دەبوو هێلکەیـەکی تـازەی بەگیر بکەوێت. ئەوەش سەرکەشییەکی گەورەی لەنـاو شـاری بۆسـتندا لەو گەنـجە دەخواسـت و ئەوەشـی بە شـەش حەوت ساڵ بەرلەوەی من بیخوێنمەوە، نووسیبوو، کە ئەودەم تەمەنم چوارده ساڵان بوو. ساڵی ١٩٢٢ تەمەنم چوارده ساڵان بـوو و ئەوەش ئەوەمـان بـۆ دەخـاتە ڕوو کە سـاڵان چەنـد بێبایەخن لەو دەمەدا کە تۆ مامەڵە لەگەڵ هەر جۆرێکی هێلکەدا دەکەیـت. مـن ئیـرەییم بەو کەسـانە دێـت کە لە باڵنـدە خـووردەبنەوە و ڕۆژێـک لە ڕۆژان خـۆزگە دەخـوازم پەی بە هەمـوو ئەو زانیارییـانە بەرم کە لەبـارەی باڵنـدەی ویزەویزکەرەوە بەگیرهاتوون. من لەڕێی پڕوپاگەندەوە ئەوەم بەدەسـتهێنابوو کە ویزڤـویزکەرە بە کەمێـک وزەوە دەتـوانێ پانتاییەکی بێئەندازە سەرسوڕهێنەر ببڕێت. ئەی کەواتە چی ئەو هێـزەی پـێ دەبەخـشێ؟ ڕۆح؟ بەڵام باشـترین شـتێک کە لەبـارەی ویـزەویـزکەرەوە دەیـزانم ئەو زانیارییـانەن کە لەڕێـی تێبینییەکـانی خـۆمەوە بەدەسـتم هێنـاون. کاتێـک زەردەی خۆرەتـاو باوەشـی بە دونیـادا کـردووە و گـوڵ و گـوڵزار پـشکوتوون و بـۆنی خۆشـی گـوڵ خـواروژووری گرتـووە، ویزەویزکەرە لە هەموو شوێنێک وەکو خۆڵ وان. هیچ ڕۆژێکی خۆشی خۆت تێناپەڕێنی بەبێ ئەوەی ویزەویزکەرە سـەرنجت بـۆ خـۆی ڕانەکێشێ، کە وەکـو موجیزەیـەکی بچکـۆلە لە هەر شـوێنێکی ئەم دونیایە هەن، بەسـەر دارتێلەکانە نیشتوونەتەوە و بەسـەر گـوڵە نازدارەکـانەوە هەڵنیـشتوون، تەنـانەت بەسـەر ئەو گوڵانەشـەوە کە تـازە خەریکن سـەر دەردەهێنن و هێشتا

تەواو نەپـــشکوتوون. وەکــو خۆشــییەکی سەرشــێت، یــاخود شـێوەی تیرێک لە کەوان دەرپەڕێ و بێ هـیچ ئامانجێک، یان هەر بە تەنیــا بەو ئامــانجەوە کە پــڕن لە ژیــان بەرەو هـــیچ نیشانێک مل نەنێ. ئێستاش، چۆن فڕندەیەکی ئاوا بچکۆلانە کە ئەوەندە ڕەنگین و نازدارن و تا ڕادەیەکیش سەرشێتن، کاتێک پەیدا دەکەن بۆ کاروباری ڕۆژانەی بەچکەخستنەوە؟ یاخود بۆ مەشقی پاراستن لە مانەوەی خودی خۆیان؟ باشـە هەرچۆنێک بێ ڕێگە بدە لەڕێی خێروبێری خوداوەندەوە ڕۆژێکی پڕ لە ئاســـوودەیی هەڵبێــت و تێــپەڕێ و لەگەڵ خــۆی باڵنـــدەی ویزەویزکەرەش بهێنێ. هەرچۆنێک بێ، هەندێک جار هەر وەکو باسم کرد، دوور نییە توانـای زگماکییش لە پەلوپۆ بکەوێت و بۆی نەکرێ بە هەمان شێوەی خۆی بەردەوام بێ و ڕواڵەتی خۆی بپارێزێ. ئیدی بە هەر هۆکارێک بووە، بۆ ئەوەی زیندوو بمێننەوە، یـاخود لەدەست سـەرما و گەرمـا هەڵبێن، یـان هەر شـتێکی دی، هەمـوو زیندەوەران سـەری خۆیـان هەڵدەگرن و ڕوو لە جێگەیــەکــی دی دەکەن. هەڵــدەکەوێت یەکێــک لەنــاو ئەواندا سەری خۆی هەڵنەگرێت. بۆچی نـاڕوا و سـەری خۆی هەڵناگرێت، من بۆم ناکرێ هیچ شتێکی لەسەر بڵێم. دوور نییە ڕەفتـارێکی سـەیر و نـامۆ بێ. دوور نیـیە هەنـدێ جـاریش لە ســـەروو هۆکـــارێکی دیـــاریکراوەوە بـــێ و پەیوەنـــدیی بە سۆزێکەوە هەبێ بۆ باڵندەیەکی هـاوڕێ و دۆستی خۆی کە لەو شـوێنە مردبێت. دووریش نییە لەودیویەوە گەمژەیی یان ئینکاری وەستابێت. کێ دەتوانێ پەی بەو نهێنییە بەرێ؟

جارێکیــــان ویـــزەویـــزکەرەیەک لە وەرزی زســـــتاندا گەڕەکەکەی ئـێمەی بەجـێ نەهێـشت کە دەکەوتە فەڕیـسنۆی کالیفۆڕنیــاوە. مــن چیرۆکــی ئەو باڵنــدەیەت بــۆ دەگێــڕمەوە.

لەوبەری شەقامەکەوە دیکرنی پیرەمێرد دەژیا کە تا ڕادەیەک نابینا بوو و تەمەنی لە هەشتا بەرەوژوورتر بوو و ژنەکەشی چەند ساڵێک لە خۆی منداڵتر بوو. بێجگە لەو باخچە کۆنەیان کە کەوتبووە ناو خاکێکی تەڕ و پاراوەوە و پڕی بوو لە گوڵ و گوڵزار و درەختی گەورەگەورە و لە دونیادا نموونەی پەیدا نەدەبوو. دیکرنی باخەوان بە ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆر بەرهەمی هێنابوو و خانوویەکی خنجیلانەشیان هەبوو، کە لە ژوورەوە تا خوا حەز بکات خۆش و دڵگیر و لە دەرەوە هەتا بڵێی خانوویەکی سادە و ساکار بوو. لە ئاسمانەوە هەر شتێکت دەگرت، دڵی دەچوو بەو بستۆکە خاکەدا کە لەو گەڕەکەی ئێمەدا هەڵکەوتبوو و دیکرنی پیرەمێردیش تا دواڕادە خۆشیی پێیان دەهات.

ڕۆژێکی یەکشەمەی سارد و تەزیوو و لە چلەی زستاندا، کاتێک من لە قوتابخانەی یەکشەممان دەگەڕامەوە، چاوم چووە سەر دیکرنی پیرەمێرد لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا وەستابوو، لەوەی دەکۆڵییەوە کە چی کەوتووەتە ناو دەستەکانیەوە. لەجێی ئەوەی خۆم بکەمەوە بە ماڵەوەدا و هەر وەکو ئەوەی ئارەزووم دەکرد، خێرا بەرەو ئاگردانەکەمان بئاژووم، لەسەر پلیکانەکانی پێش دەرگە وەستام و کەوتمە وردبوونەوە لە دیکرنی پیرەمێرد. ئەو لە چواردەوری خۆی دەڕوانی و تاوێک سەری بۆ ئاسمان بۆ ناو درەختەکان بەرز دەکردەوە و تاوێک سەری بۆ ناو لەپی خۆی نەوی دەکردەوە. بۆ دوو خولەکێک بەو جۆرەی خۆی لە دەمی کۆڵانەکە مایەوە و دواجار بەرەو لای منەوە هات. دەستی بەرەو لای من درێژ کرد و بە زمانی ئەرمەنی پێی گوتم "ئەوە چییە کەوتووەتە ناو لەپی دەستمەوە؟"

من ڕوانیمە ناو لەپی دەستی.

"ئەوە باڵندەی ویزەویزکەرەیە" نیوەی ئەوەم بە زمانی ئینگلیزی پێ گوت و نیوەکەی تریم کرد بە ئەرمەنی. ویزەویزکەرەم بە ئینگلیزی پێ گوت، لەبەر ئەوەی نەمدەزانی بە ئەرمەنی چیی پێ دەڵێن.

"ئەوە چییە؟" دیکرنی پیرەمێرد پرسیی.

"باڵندەیەکی بچکۆلەیە. تۆ بۆ خۆت دەزانی لەو باڵندانەیە کە لە وەرزی هاویناندا دێن و وچانێک بە ئاسمانەوە هەڵوەستەیەکی بۆ دەکەن و دواتر وەکو گوللە بۆی دەردەپەڕن. ئەو باڵندانەن کە باڵەکانیان خێرا خێرا دەجووڵێنن و بەو هۆیەوە بۆت ناکرێ جوان لێیان وردبیتەوە. ئەوەتا لەناو دەستتا خەریکە گیان دەدات"

دیکرنی پیرەمێرد گوتی "لەگەڵمدا وەرە. پیرێژنەکەم چووەتە کڵێسا و منیش ناتوانم هیچ ببینم. دەتوانم هەست بەوە بکەم کە دڵی لەناو لەپمدا پەیتا پەیتا لێدەدات. جارێکی دی لێی بڕوانەوە و بزانە حاڵی پەشێوە؟"

جارێکی دی ڕوانیمە باڵندەکە و بۆم دەرکەوت ئەو باڵندە ڕەنگین و خنجیلانە هاوینەییە لەناو ئەو چنگە زبر و ڕەقانەی ئەو جووتیارە پیرەدا، زۆر لەوە بەستەزمانتر بوو بۆت بکرێ لێی بڕوانیت. هەڵبەت لەناو ئەم زستانە سارد و پڕ کرێوەیەدا هیچ دەروویەکی ژیانی نەبوو و شوێنی ئەوپەڕی دڵپێسووتان بوو. ئیدی ئەو تیشکی گەرموگوڕی هاوینی لێ سەندرابووەوە و هەرچی گوڕ و تینی ژیانیش بوو، پێوەی نەمابوو و تەواو دەستەوسان و بێهیوا بوو.

"خەریکە دەمرێت" من گوتم.

پیرەمێــرد هەردوو دەســـتی بەرز کــردنەوە و نـــانی بە دەمیەوە و هەتا توانای هەبوو هەناسەی گەرمی بەسەر ئەو باڵندە تەزیـوەدا ڕژانـد، کە کەوتبـووە نـاو ئەو لەپـانەیەوە کە بۆخۆی نەیدەتوانی لێیان بڕوانێ. پیرەمێرد بە ئەرمەنی گوتی "مەمـرە. باڵنـدەکەم هـاوین زۆری نەمـاوە جـارێکی دی سـەر بداتەوە، بەوپەڕی هێز و تواناوە بمێنەرەوە"

هەردووکمـــان پـــێکەوە چـــووین بـــۆ نانـــدینەکەی مـــاڵە خنجـیلانەکەی ئەوان، هەر لەو کـاتەدا کە بەردەوام هەناسـەی گەرمی بەسـەر باڵندەکەی نـاو چنگیدا دەڕژاند، پێی گوتم کە چی بکەم.

"کەوچکـی چـایەک پـڕ بـکە لە هەنگـوین و لەسـەر دەمـی ئاگرەکەی دانێ و بیڕژێنە ناو لەپی دەستمەوە. بەڵام وریا بە لەوەی زۆر داخ نەبووبێ"

بە خێرایـی ئەو کـارەم ڕاپەڕانـد. زۆر تێـنەپەڕی بە هـۆی گەرمیـــی ژوورەکە و هـــاڵاوی هەنگـــوینەکە و چـــاکە و خۆشەویستیی پیرەمێردەکەوە ویزەویزەکەرەکە خەریک بوو گیـانی بەبەردا دەهـاتەوە. هێنـدەی پـێ نەچـوو پیرەمێـردەکە هەسـتی بە گۆڕانکـارییەک کـرد خەریـکە لەنـاو دەسـتیدا ڕوو دەدات. هەر دوای خولەکێـک، یـان دوان بـوو ویــزەویــزەکە دەنووکی دەدا لە هەنگوینەکە و وردەوردە لێی دەخوارد.

"باڵنـــدەکە دەژی" پیرەمێـــردەکە ئەوەی ڕاگەیانـــد. پـــاش وچانێکی دی، گوتی "هەر لێرە بە و تەماشا بکە"

ئەو گۆڕانکارییە زۆر جێی سەرسووڕمان بوو. پیرەمێرد هەردوو دەســتی بەوپەڕی میهرەبــانییەوە پــان کردبــوونەوە، چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد ئەو باڵندە بێدەرتانە لە دەستی بێتە دەرەوە و بە ترســێکەوە و لەتــاو ژیــانی خــۆی بەرەو نــاو

ژوورەکە بفڕێ. ئەوەی من چاوەڕوانم دەکرد، بێ سێودوو ڕووی دا. ئەو ژیانە نوێیەی باڵندەکە هەتا بڵێی جێی سەرسووڕمان بوو و لەناو ناندینەکەدا دەفڕی و خۆی دەکێشا بە پەنجەرەکەدا و جارێکی دی بەرەو گەرمیی ناو ژوورەکە دەگەڕایەوە. باڵندەکە هەر وەکو ئەوەی لەناو وەرزی هاوینی خۆیدا بێ و بە درێژایی ژیانی خۆی هەستی بەو خۆشییەی ئێستای نەکردبێ، کە تێیکەوتووە، بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و بە کامی دڵ دەخولایەوە.

پیرەمێردەکە لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشت، ئەگەرچی نابینا بوو، بەڵام هەتا بڵێی پڕ بوو لە هەست. زۆر بە وریاییەوە گوێی ڕاگرتبوو و هەوڵی دەدا تەماشا بکات، بەڵام بێگومان بۆی نەدەکرا. بەردەوام دەربارەی باڵندەکە پرسیاری لێ دەکردم، کە چیی لێ دەگوزەرێ. ئاخۆ جارێکی دی هەر وا لاواز و دەستەوسان دەکەوێتە ڕوو، پێم بڵێ گیان و ورەی بەرزە، هەروەکو پێشووتری جارانی جێ بە خۆی ناگرێ، یان چۆن؟ من بەردەوام باسی چرکە بە چرکەی باڵندەکەم بۆ دەکرد.

لەو دەمەدا کە باڵندەکە گەیشتبووە ئەوەی هێز و توانای بۆ گەڕابووەوە و چیی دی شوێنی بە خۆی نەدەگرت و دەیویست لە شەقەی باڵی بدات و بڕوات، پیرەمێرد گوتی "دەرگای پەنجەرەکەی بۆ واڵا بکە تا بتوانێ بڕوات"

"دەتوانێ بەو جۆرە دەربکات و بژی؟"

"ئێستا دڵی لێدەدات و دەژی و ئارەزووی ڕۆیین دەکات. پەنجەرەکەی بۆ بکەرەوە"

پەنجەرەکەم بۆ واڵا کرد. باڵندەکە خۆی دەکێشا بەمبەر و ئەوبەری دیوارەکەدا و هەستی بە ساردیی دەرەوە دەکرد. لەو

بەشەدا کە ڕێی چوونەدەرەوە بوو، خۆی مەلاس دابوو، ئیدی زۆری نەخایاند دەرپەڕییە دەرەوە و ڕۆی.

"پەنجەرەکە دابخەرەوە" پیرەمێرد گوتی.

دوای ئەوە مـن و پیرەمێـرد بـۆ کەمێـک مـشتومڕێکمان دامەزراند و ئیدی من چوومەوە ماڵێ.

پیرەمێـرد پێـی وا بـوو ئەو ویـزەویـزەیە بە درێژایـی ئەو زستانە ژیاوە، بەڵام هەرگیز بە تەواوی لەوە دڵنیا نەبووم.

لەگەڵ هاتنی هاویندا جارێکی دی چاوم بە ویزەویزکەرەکە کەوتەوە، بەڵام بۆم نەدەکرا هیچ یەکێک لەوان جویێ بکەمەوە.

ڕۆژێکی هاوین لە پیرەمێردم پرسی "تۆ بڵێی ژیابێ؟"

ئەو گوتی "مەبەستت باڵندە بچکۆلەکەیە؟"

گوتم "بەڵێ. ئەو باڵندەیەی کە هەنگوینمان دایە. بیرت ماوە. ئەو باڵندەیەی کە خەریک بوو لە زستاندا گیان بسپێرێت. تۆ بڵێی ژیابێت؟"

پیرەمێـرد گـوتی "تەماشـای چـواردەوری خـۆت بـکە. باڵندەکان دەبینی؟"

"بەڵێ، باڵندەی ویزەویزە دەبینم" من گوتم.

"هەریەکێـک لەوان دەگـری باڵنـدەکەی ئـێمەن" پیرەمێـرد ئەوەی گوت و بەوپەڕی ناسکی و شیرینییەوە درێژەی دایە.

"هەر یەکێک لەوان... هەر یەکێک لەوان باڵندەکەی ئێمەن".

## زنجیرەی كتێبە چاپكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی كتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەكان (كۆمەڵەچیرۆک) | فارووق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەكان | شێركۆ كرمانج | |
| ٨١٤ | كوردەكان و وڵاتی كوردەواری | میجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ كافكا | گوستاڤ یانۆخ | كەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد كەماڵ | |
| ٨١٧ | دیكتاتۆر و دیكتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرۆ . ئێریكا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسكی | هێنری ترۆیا | حەمەكەریم عارف |
| ٨١٩ | یادەوەرییەكانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسكی | ڕەئووف بێگەرد |
| ٨٢٠ | گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٨٢١ | وێرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەكە ساكن | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٢ | وەرگێڕان | میشێل ئۆستینۆف | فەرشید شەریفی |
| ٨٢٣ | ڕەهەندەكانی حەسەن زیرەک | عادل محەمەد | |
| ٨٢٤ | ئەنتوان چیخەف | دانا ڕەئووف | |
| ٨٢٥ | ستایش | سان ژۆن پێرس | د. موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٨٢٦ | ڕیكلام و پەیوەندیی گشتی و بازاڕكردن | د. بەهادین ئەحمەد محەمەد | |
| ٨٢٧ | دیموكراسی و یەكسانی | ئێریک كیسلاسی | حەمە ڕەشید |
| ٨٢٨ | كۆژراتی كایرای كتێبفرۆش | سەعد محەمەد ڕەحیم | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٩ | شاعیرە كوژراو و ستەملێكراوەكانی سەردەمی ئیسلام | حەسەن بارام | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |